
سروه

ئه‌ده‌بی - فه‌رهه‌نگی

١٣٦٣

ناوه‌ندی بلاوکردنه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگ و ئه‌ده‌بی کوردی
ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئه‌یووبی

١٨



١٨

گۆواری فه‌رهه‌نگی - ئه‌ده‌بی سروه- سالی سێهه‌م- ژماره ١٨ - به‌فرانبار ١٣٦٦- نرخ ١٥ تمه‌ن


موناجات

حەمدی

ئەم سەرا پەردەیە کە بەرپا بووِن
مانگ و رۆژی هەلاّت و ئاوا بووِن
ئەم نجوومە کە سابیتە و سەییار
ئەم شەها بانەیان کە ئەفشا بوون
ئەهلی بالا کە پێی ئەڵێن مەلەکووت
لە بەلاّی لابەلا کەوەک ئما بوون
ئەم خەلایە کە پڕ لە ئەسەواتە
ئەم هەوایانە کێژ و سەودا بووِن
ئەم زەمینە بە شاخەوە کەردی
گەوهەرێ بوو کە غەرقی دەریا بوون
ئەم وجوودە یەکی کە نەوعێکە
لە ئەزەل یەک نەسەق کە ئەشیا بوون
قیسمێ حەیوانی ناتیق و ناهیق
وەک گژوگیا کە جوملە ئەحیا بوون
کوفر زاهیر نەبوو لە باتین دا
کە یەهوودو مەجووس وتەرسا بوون
هەموو یەک قەول ویەک زوبان یەکدڵ
بێ تەفاوت بە حەلقە وەستا بوون
ئەمە بوو زکریان بەیەک شێوە
هەرچی زیر وحی پەست وبالاّ بوون
لە ئەزەل تا ئەبەد خوا، خوایە
جیلوەیەکە کە پڕ دوو دونیایە
یا ئیلاهی بە قەدری تۆ بێ شک
(ما عرفناک حق معرفتک)

نێوەرۆک





سەروتار

خوێنەرانی بەرێز سلاو

بەر لە هەموو شت سپاسی ئەوان خوێنەرانی بەرێز دەکەین بە ناردنی نامە دڵبەندی خۆیان پێشان داوە و بەرەخنەوپێشنیاری بەجێ ڕێنوێنی یان کردووین. بەراستی ئەمڕۆژانە گەلێک دۆست وبرادەر نامەیان بۆ نووسیوین ولە نامەکانیاندا را وپرسیار و بۆچوونێکی زۆریان هێناوەتە گۆڕ،بۆیە وامان بەباش زانی کەلەم دەرفەتەدا شازی وگرینگی پرسیارەکان باس بکەین و پێکەوە قسەیان لەسەر، بکەین .

یەک لەو پرسیارانە کە بە نامە وتەلەفۆن و قسە لەسەری دواون هۆی وەدرەنگی کەوتنی چاپ وبلاوبوونەوەی سروە بووە. خۆشەویستان لەوبارەوە زۆر پەرۆش و دڵگیر بوون و گلەیی یان کردووە. هێندێکیش لە کەم بوونەوەی لاپەڕەکانی سروە دواون و چەند کەسیش کاغەزەکەیان بەدڵ نەبووە. لافاوی رەخنە و پرسیار

ئەوەندە زۆر بووە کە بەراستی دەرووەسی وەڵامی تایبەتی بۆهەموان نایەین.

بەر لە روون کردنەوەی ئەم بابەتانە دەبێ پێتان عەرز بکەین کەسەرنج و وردبینی ئێوە ئازیزان ئەو ئەوشارەی خستبوویە سەرشانی بەرێوەبەران و کاربەدەستانی ئەم ناوەندە جێی دڵخۆشی وهیواش بوو.

هەستی خوێنەرانی سروە " کە سروە بەهی خۆیان دەزانن وپێ بە پێ وەدووی باس وبابەت ومەبەستەکانی دەکەون وچاوەروانی ئەوەن وسێت وداخوازیان بۆ ئەملا و ئەولا بێتە دی و لەسەر چارەنووسی گۆوارەکە زۆر حەساسن .پشتیوان وهانایەکی گەورەیە بۆ هەموو ئەوانە کە لەم جیهادە پیرۆزە فەرهەنگی یەدا بەشدارن .

وێرای سپاس لە هەموان دەڵێین هەقی خۆیەتی ئێوە بارودۆخی کارەکە شێلگیرانە لەبەرچاو دەگرن وپرسیار و ئیلهامەکانی خۆتان بەئێمە دەڵێن . رەخنە لە کەم و کووڕی یەکان دەگرن و بە پێشنیار ورێنوێنی خۆتان رێ پێشاندەرمانن .

جا ئێستا وەختی ئەوە هاتووە لەباری کاتی دەرچوون و نێوەروک و .... سروە هێندێک تێبینی مان هەبێ .

تێبینی لەسەر سروە

هەروەک خوێنەرانی بەرێز دەزانن ئەم ناوەندە ماوەی دوو ساڵ گۆواری بە سێ مانگ جارێک دەرکردو بەرەبەری ساڵی سێهەم بە پێی ویست وداوای زۆری خوێنەران بڕیاری دا تا سەبارەت بە مانگانە کردنی سروە تەما بگرێ.بەداخەوە بەرێوەبردنی ئەم بریارە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی زۆر گیروگرفتی وەک کەم بوونی کاغەز وزینک و .... بوو. بۆیە سەرەڕای ئەو حەول ودەولەی بۆ سازکردن وئامادەکردنی سروەی مانگانە درا و گۆواری مانگانەش ساز بوو، کۆسپی گۆرین بۆ چاپ بوو بەهۆی ئەوە کە دەرچوونی گۆوارووەدرەنگی بکەوێ وسروەی خاکەلێوە ئاخری بەهاری ۶۶ گەیشتە دەست ئێوە وچاپی ژمارەکانی دیکەش هەروەتر.

لەم ماوەدا زۆر حەول درا وئەم مەبەستە لەگەڵ هێندێک لەبەرپرسان باس کرا ولە ئاکامدا پاش وەلابردنی ئەم کۆسپانە و ئامادەکردنی کاغەز وزینک و...کاری لەچاپدانی سروە هاتەوە سەرباری جاران و بوو بەهۆی ئەوە گۆوارە دواکەوتووەکان یەک لە دووی یەک چاپ کرێن.ئێستا بۆخۆتان شاهیدن پاش ئەم وەستانە دوور ودرێژە ئ... چەند ژمارەی دوایی بەڵ... لەچاپ درا تا بەڵکوو ب... شێوە بتوانین شێوازی ک... ئاسایی بکەین وژمارەکان... داهاتوو بەوەخت وەدەس... خوێنەرانی بەرێز بخەین هیوادارین ئەم لەزوبەز... لە داهاتووشدا بپارێزین..

ئەمجار بێینە سەرباس... کاغەز. بەداخەوە ئێستا جگە لەم چەشنە کاغەز... کاهی یە کاغەزێکی دیکە بەدەستەوە نیە ووەنەبێ ئەوە تەنیا گرفتی ئێمە بۆ زۆر جێگای دیکەش ئەم کۆسپەیان لەسەر رێیە . وەدەست هێنانی کاغەز لە بازاری ئازاد هەم سەختە وهەم پرخەرجە .ئێمە مەبەستمان ئەوەیە نرخی سروە تێ هەڵنەچێ. لەلایەکی دیکەشەوە بەم شێوە بەشی هەموو ژمارەیەکمان بۆ جێ بەجی نابێ. بەهەرحاڵ بێتوو لەچاپدانی سروە بە کاغەزی باشتر هەرکات بلوێ لە سەرچاوی دادەنێین....

دەستەیەکیش لەخوێنەران لەسەر کەمبوونەوەی لاپەرەی سروە گلەیی یان کردووە . ئەوەدەم کەگەلاڵەی مانگانە بوونی سروەمان بەدەستەوە بوو رامانگەیاند کەگرفتی دابین کردنی کاغەز لەلایەک وکۆسپی فەننی چاپ لە لایەکی دیکەوە (بەپێی کورت

بسمه‌تعالی
سرمقاله

دیسانیش تێدە کۆشین هەرکات گرفتی کاغەز وچاپ چارەسەر بکرێ لاپەڕەی سروە زیاتر بکەینەوە

کردنەوەی دوو بەشی ماوەی دەرچوون) دەبێتە هۆی ئەوە سروەکەم لاپەڕەتر بێ . دیسانیش بەڵێنی دەدەین هەرکات گرفتی کاغەز وچاپ چارەسەر بکرێ لاپەڕەکانی سروەش زۆرتر بکەینەوە و بزانن ئەم ویست وداوایەی ئێوەمان لەبەرچاوە.

ئێستاش ٨ لاپەرەی "بەرەوزمانی یەککرتوو" لێ زیدە بووە وئەم بابەتانەی بە لەهجە جۆراوجۆرەکانی دیکە لەنێو گۆواردا چاپ دەکران لەوێدا کۆ دەبنەوە وجێی خۆیان بۆ بابەتی دیکە لێژ دەکەن. (ئەم باسەمان لە سروەدا روون کردۆتەوە) هیوادارین ئەم روون کردنەوە وتێبینی یە کورتە خوێنەرانی واقیع بین رازی بکا .

پێوەندیمان

بەرقەراری وبەردەوامی پێوەندی نزیک و تەنگاو تەنگ لەنێوان ئەمناوەندە وئێوە گەلی باش وبەشەرەف لەسەرەتاوە تا ئێستا یەک لەمەبەستی هەرە گرینگی ئێمە بووە وهەیە. لەم پێیەدا زۆرمان حەول داوە و زۆر گەڵاڵەمان داڕشتووە تا ئەم نزیکایەتی یە پتر بێ وبەم شێوە لە لایەک ئێوەهەست بەوە بکەن کە سروە ئی ئێوەیە و پتری بەئی خۆتان بزانن و بۆ گەشە ونەشە و دەوڵەمەند کردنی حەول بدەن وپشتیوانی لێ بکەن ویارمەتی بدەن و بنکەی ئەم جیهادەپیرۆزە گەرمتر بکەن و لەلایەکی دیکەوە بە دیتنەوەی موخاتبی دیکە و تەنەوەی هەرێمی نفووزی خۆی لە هەڵدان و نەشەی رادەی ئاگاداری وفەرهەنگی گەلی ئازیزمان سەرکەوتنی بەراستی وەدەست بێنین .

هەرچەند حەول ودەولی ئێمە بوو بەهەوێنی پێوەندی هەراو بەڵام پێداچوونەوە یەکی دەوی بۆ بردنەسەری چەندوچۆنی پێوەندی یەکان . درێژەی ئەم باسە بۆ ژمارەی داهاتوو هەڵدەگرین .

"خوا ئاگادارتان بێ"

قبل از هر چیز لازمست از آن دسته از خوانندگان عزیزی که با ارسال نامه اظهار محبت نموده و با پیشنهادات وانتقادات سازنده خود، راهنمائیمان کرده‌اند تشکر وسپاسگزاری شود . حقیقت اینستکه این روزها دوستان زیادی برایمان نامه نوشته وطی آن نظرات و

بروانە لاپەرەی ۴۶

دەلیلی ئیعتیراف :

ئێستا بۆ زۆربەی زانا و عاقڵی ڕووناک بیر و دوور لەلاسایی وپێوەندی داب ونەریتی خەڵک سەلماوە کە دنیایەک بەرجی دونیای مادی ودەوروبەری ئێمە هەیە و ئەگەر نەبا چۆن دەیانتوانی ئەوان جووتێرێکی هیچ نەدیو لەخەو بکەن و زۆر پرسیاری هەندەسە وجەبری لێ بپرسن کە عەقڵی خەڵک سەری لەوان سوڕماوە . هەمووشی بەڕاستی وەڵام داوەتەوە. دیسان ئەوە سەلماوە کە قانوون وزاکوونی تەبیعی زۆرجار ڕەنگە لەقانوونێکی دیکە ڕێڕەوی بکا و لەڕێبازی سەلماوی خۆی لابدا وئەوان بێ بایەخ بکا کە ئیمکانی بوونی موعجیزەی پێغەمبەرانیش هەر لەو سەرچاوە دەگرێ .

دیسان ئەوەش سەلماوە کە ئینسان لەگەڵ دونیای ڕووحانی پێوەندی هەیە جا چ سالح بێ و چ فاسید،یانی هەر کەس بەپێی شوێن وهەڵوێستی سەبارەت بە کاینات ودنیای ڕووحانی دەناسرێ .

جا ئەم عالەمە شوێنی پتر لەسەر هەرکەس دانا بەهرەمەندترە و دەتوانێ کەڵک وەرگرێ و هەڵدا ورێنوێنی بکا و بەهرەوەرگرێ وبەهرە بدا، بیر و بڕواو کردەوەی شایستەی هەبێ و بە خوو و ڕەوشتی بەرز خزمەت بکا.دەنا پێچەوانەی ئەوە دەبێ .

لێرەدایە کە ئەوانەی مادین و دان بەدونیای مەعنەوی دانایەنن لە کردەوەی خۆیان پەژیوان دەبنەوە وهەڵەی خۆیان بۆ دەردەکەوێ ودەگەڕێنەوە هەرێمی پاک و پیرۆز. جا ئەم باسە بۆتە هۆی ئەوە کە ئیمان بەخودا و هەرچی لە لای ئەوەوە هاتووە بێنن ولەبەر تیشکی ئەم ڕاستی یانە لە لای زانا وپسپۆران ئەو مەبەستەیان دەرکاندووە. عەقڵ پێ شکانی



ئەوان گەیشتن بە ڕێنونی پێغەمبەرانی خودایە یانی ئەوە کە بەرجی ئەمدونیایە دونیایەکی غەیبی هەیە کە هەرچی دنیای ڕووح وفرشتە وپاشایە و هەرچی هەیە و نیە لەبەر دەستی ئەودایە و ئەویش کەسێکە کە ڕێ وڕەسم وقانوون لەدەستەڵاتی ئەو بەدەر نین. یانی خودایە خودایەک کە بەسەر تەواوی دنیاوقانوونی دنیادا دەستەڵاتی هەیە وبەڕێوەی دەبا. هێندێک دەسەلمێنێ هێندێک نا. هەر وەک هێزێکی پاک وپیرۆز خەڵاتی هێندێک لە پێغەمبەرانی دەکا وەک ئەوە ئاگر کاری تێ ناکا یا شەپۆل و گۆڕی چینەکانی فەلەک لە کەمترین کاتدا یا ڕوح وەبەر هێنانی شتێکی نەبوو. یا سەرنج دان بە خوێنی پیس وخاوێن کردنەوەی لە میکرۆب بۆ ئەوە کە (ابرص) ڕزگاری بێ یا بۆ ئەوە کە ڕووحی غەیبی کە بەڕواڵەت بەستەبە لەشە پاش جوێ بوونەوە لێی دوور بکەوێتەوە بەڵام لەکاتی دیاری کراودا، زیندووی بکاتەوە.

ئەو کەسێکە کە هاچەری خەزێنەی دنیا
ـ ی غەیبی بەدەستە وڕێشمەی زەوی وهەموو
کاکێشانەکان لەبەر دەستی ئەودایە. جا
کەوایە پێغەمبەرەکانیشی بەرزو بەدەستەڵات
و مەزنن. هەرکەس ئیمانی پێ هێنان و
ئەوانی ناسی و وەدوویان کەوت قازانجی
کرد و رووحی چەپەڵ هەر ئەو رووحە
شەیتانەیە کە نەسەلماوە و هەرکەس
وەدووی بکەوێ لە ویستی نزمی مادی و
ئاواتی نەفسی ئەممارەدا نوقم دەبێ.بۆیە
خوا دەفەرموێ :

" قدافلح من زکیها وقدخاب من دسیها ."

"هەرکەس نەفسی خۆی پاککردەوە رزگار
بوو و هەرکەس پیسی کرد خەجاڵەت بووە.

جا ئەم ئایەتە مانای ئایەتێکی
دیکەی خوداش روون دەکاتەوە کەدەفەرموێ:

**"واما من خاف مقام ربه ونهی النفس عن
الهوی فان الجنهی الماوی"**

"بەڵام ئەوەی لە حوزووری خوا ولە
ئاستی گەورەیی ئەو ترسی هەبووونەفسی
خۆی لە ئارەزوو خاوێن کردەوە جێی
بەهەشتە." جا لەم نێوەدا دەستەیەکی
کەم لە زانایان دەڵێن کە مەبەست لە
نەفس خودی ئینسانە و ئەوانەی لەم
رێبازەدا رێڕەوی لەوان دەکەن زۆر کەمن.

وە بەڵام پێغەمبەرانی گەورە ومەزن
بەهۆی سەفا ونوور وئەوین کە لەدڵیانەوە
سەرچاوە دەگرێ وێڕای وەحی خوداوفەیزی
قودس کە خەڵاتیان روحیان کراوە، روحی
خەڵکیان بە بەردەست بوون وسەرنج بەرەو
خوا دڵبەند کردووە، جگە لەوانە کە
دێوجامەی تۆسنی و سەرەڕۆیی زاتی گرتوون
و لەڕاستی ورزگاری وهیدایەت روویان
وەرگێڕاوە.

دەلیلی مەعریفەت :

لەنێو ئەو شتانەی سەرنجی ئەربابی
مەعریفەتی راکێشاوە ئەوەیە کە ئینسان
بۆ ئەوە خوڵق نەکراوە تا بێ گەورە و
لاپەرەسەن و بەرەڵڵا بێ چون عەقڵ و
دەرکی مرۆڤ لەوە دوورە کە کابرا
خانووبەرەیەکی جوان ورەختە و بەرفرە
ساز بکا وبە سلسلە وپلپلەی جوان
بیڕازێنێتەوە وبە لامپای جوان بیڕەنگێنێ
وشەم وچرای جوانی وێخا و ئەوەی لە
دڵدا نەبێ کە لەم خانووەدا پیاوی یەکە
یەکە ومەزن ودۆستی خۆشەویست و زانای
بەناوبانگ بێ وشانازی یان پێوە بکا و
پڕی بکا لە شێت وگێژ و ماخولیا.

خوای پاک ومەزن ئەم دنیای خوڵقاندووە
وبە ئەستێرەی جوان رەنگاندوویەتی وبە
گوڵ نەخشاندوویەتی و چۆم و رووباری
بۆ ساز کردووە ومیوەی رەنگاوڕەنگی لێ
پەیدا کردووە، هەر سەبارەت بەحەیوان
و جڕوجانەوەری خەڵق نەکردووە بەڵکوو
ئەم جیهانەی بە هەموو شتێکی کە تێی
دایە سەبارەت بە ئەشرەفی مەخلووقات
یانی بەشەری ساز کردووە. جا کەوابوو
باشترین - وڕێک وپێک ترین ئیمکانی داوە
و باشترین خزمەت وتاعەتیشی دەوێ کە
ئەویش ئیتاعە و فەرمانبەری لە ئەمری
هەق وسوجدە لە بەرابەر ئەو وبە پاکی
یادکردنی ئەو ووەحدەت وتەسلیم بەئەوە.

گەیشتن بەم مەبەستانەش بێ مەعریفەتی
تەواو ناڵوێ وئەم مەعریفەتەش بەتەعلیمی
پێغەمبەری گەورەی نەبێ پێک نایە بۆیە
خودا دەفەرموێ :

**"یا ایها النبی انا ارسلناک شاهدا و مبشرا
ونذیرا وداعیا الی اللە باذنه وسراجا منیرا"**

" ئەی پێغەمبەر ئێمە تۆمان نارد،
تا لەنێو خەڵکدا بەشاهید بی ومزگێنی
بدەی و بترسێنی وبە ئەمری خوا خەڵک
بەرەو ئەو رێنوێنی بکەی. تۆ وەک چرا
رووناکی دەر و وەک مانگ رۆشن کەرەوەی
کوێرە رێی ژیانی خەڵک بی ."

تا ئێره له فه‌لسه‌فه‌ی پێغه‌مبه‌ران و قازانجی ئه‌وان ئاگادار بووین. ئه‌وجار هێندێکیش باسی خۆش ویستنی پێغه‌مبه‌ران ده‌که‌ین .

خوای ته‌بارەک وته‌عالا ده‌فه‌رموێ :

"قل ان کان اباوکم وابنائکم واخوانکم وازواجکم وعشیرتکم واموال"قترفتموها و تجاره تخشون کسادها احب الیکم من الله ورسوله وجهاد فی سبیله فتربصوا حتی یاتی الله بامره والله لایهدی القوم الفاسقین ."

" به‌خه‌ڵک بڵێ که ئێوه وباب وکوڕو برا وخیزان وکه‌س وکار و ئه‌و ماڵه‌ی په‌یداتان کردووه وئه‌م ماملەی له زه‌ره‌رو

خوا و ره‌سووڵاندا بزانێ هه‌ڕه‌شه‌ی لێده‌ک جا که‌وایه خۆشه‌ویستی و دۆستایه‌تی خو و ره‌سووڵ به‌سه‌ر هه‌موو ئه‌وینێکی دیکه‌و هه‌یه و له‌وان واجبتره .

حه‌زره‌تی ره‌سووڵ(د.خ) فه‌رموویه‌تی:

"لایومن احدکم حقی اکون احب الیه من ولده ووالده والناس اجمعین ."

"که‌س به ئێوه ئیمان نابا مه‌گه‌ر ئه‌وه که من له لای عه‌زیزتر بم له‌کوڕ وباب و هه‌موو که‌سی."

له‌وه‌ڵامی یه‌کێک دا که‌باسی قیامه‌تی پرسی فه‌رمووی: " تۆخۆت مه‌حبووبی چون ده‌ڵێی خوا وپێغه‌مبه‌رم خۆش ده‌وێ. که‌وابوو خوا

النبی اولی بالمومنین من انفسهم وازواجه امهاتهم

خراپی ئه‌و ده‌ترسێن وئه‌و خانووبه‌ره‌ی دڵخوازی ئێوه‌یه له لای ئێوه له خودا و ره‌سووڵی ئه‌و وجیهاد له‌رێگای ئه‌واندا خۆشه‌ویستره، ده‌جا چاوه‌ڕوان بن تا غه‌زه‌بی خواتان به‌سه‌ردا بباریٚ چون خودا فاسقان هیدایه‌ت ناکا .

خوای مه‌زن هه‌رکه‌س که ئه‌وینی خۆی و ده‌ست وپێوه‌ندی خۆی به‌سه‌ر ئـه‌وینی

و ره‌سووڵ تۆیان خۆش ده‌وێ. ئه‌وینی دڵ و خۆشه‌ویستی ودڵبه‌ندی خۆشه‌ویسته سه‌با- ره‌ت به‌خۆش ویستوو. جا هه‌رچی خۆشه‌ویستی که‌سێک به شتێک پتر بۆ ئه‌وینه‌که‌شی به‌م پێیه ده‌گۆڕێ. نیشانه‌ی خۆش ویستنی حه‌زره‌تی ره‌سووڵ سڵه‌وات لیدان و یاد کردنی ئه‌وه به‌تایبه‌تی ئه‌و وه‌خته که له زمان یه‌کی دیکه‌وه ناوی ده‌برێ یا

باسی دەکرێ یا وەختی زیارەتی رەوزەی نوورانی ئەو.

جا رێڕەوی وخۆشەویستی کتێب و سوننەتی ئەو مایەی سەعادەتە.خۆشەویستی ئاڵ وئەسحاب ورێڕەوانی ئەووخۆشەویستی قاری قورئان وحافز وموحەدیس وئیمامی موجتەهید وعالم وسەدیق وشاهیدوشایستە کاری ژن وپیاو وێڕای خۆشەویستی حەزرەتی محەممەد(د.خ) پێویستە.

بەڵام بەڵگەی حەزرەتی رەسووڵ لەسەر گەورەیی وپیرۆزی قورئان و کرنۆش لە بەرامبەر ئەودا ئەم ئایەیە.

" انا ارسلناک شاهدا "ومبشرا "ونذیرا "

بعضا " .

" بانگی حەزرەتی موحەممەد وەک بانگ هیشتنی خۆتان حیسێب مەکەن وەک ئەوەکە هێندێک هێندێکی بانگ دەکەن .

مەبەست ئەوەیەکە فەرمان و ئەمری حەزرەتی رەسووڵ ورد و درشت لەرووی ئیمان وبە دڵ و گیانەوە لەسەر چاوان دابنێین .

زۆر ئایەتی دیکەش هەیە بەڵام لە کۆتاییدا دوو ئایە دێنینەوە:

النبی اولی بالمومنین من انفسهم و ازواجه امهاتهم .

" پێغەمبەر لەلای ئیمانداران ،

پێغەمبەر لەلای ئیمانداران لە
ـەفسی خۆیان عەزیزترە وژنە
کانی ئەودایکی موسڵمانانن

ولیومنوا باللەورسولەوتعزروەوتوقروە ."

یا موحەممەد ئێمە تۆمان وەک شاهیدو مزگێنی دەر وترسێنەر بۆ هەموو خەڵک ناردتا بە موسڵمانان بڵێی بە خوداو رەسووڵی ئەو ئیمان بێنن وپێغەمبەریشیا ـن خۆش بوێ ورێزی لێ بگرن ."

یسان فەرموویەتی :


لا تجعلوا دعا الرسول بینکم کدعا بعضکم

لەنەفسی خویان عەزیزتر وگرینگترە و ژنەکانی ئەو دایکی موسڵمانانن .

" قل ان کنتم تحبون اللەفا تبعونی یحببکم اللە."

" ئەی موحەممەد بە خەڵک بڵێ ئەگەر خوداتان خۆش دەوێ ئیتاعەی من بکەن تا خوا لە ئێوە خۆش بوێ و رەزا بێ و خۆشی بوێن .





له ورمێ تووشی بووم. لەماڵی دوستێک وەک هەمیشە قوتوی سیغار و تووتن و پەر ومۆدنە و دووکەڵ و کتێب گەمارۆیان دابوو. بەشوێن ئیشەکی تایبەتی دا هاتبووە ورمێ ولەم ئیدارە بۆ ئەو ئیدارە ،لەو شوێنە بۆ شوێنێکی دیکە وهەزار بەڵێنی وقەرار و مەدار. دەمزانی بۆ پیرەپیاوێکی بێ هێزوتێک شکاوونەخۆشی وەک ئەو ئەم هات وچوون و ئێروئەوێ کردنە چەندە دژوارە.لەسەر ئەوەش را، هاتبووم وت و وێژێکی "ئەدیبانە"ی دەگەڵ بکەم و تۆماری دەروونی بپشکنم وئەوەی دەمەوێ لێی وەرگرم.

وەختێکی باش نەهاتبووم نێوچاوانی گرژ و هێندێک لە چەرمەسەری رۆژگار توورە بوو. بە دیتنی من وەک هەمیشە هێندێک کراوە و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم. هێشتا بەسەر پێوە بووین پێمگوت :

– هاتووم بۆ "سروە" وت وویژت دەگەڵ بکەم.

بە لالووتی گوتی :

– وەرە دانیشە برێک جەفەنگ لێدەین ماڵ خراپ ئەوە دەمرم. نازانی چەند ماندووم. چ وەختی ئەو قسانەیە !

مامۆستا شەوێکی دوورو درێژە وهەردەبێ قسە بکەین "ئەدەب" و "ئەدەبیات"هەمیشە بۆ من پرسیارن .هەردووک واژە عەرەبین. مانایان چیە ؟

مانای ئاسایی «ئەدەب» دەزانی. "بەشەرم وحەیا". ئا
لەخۆ. " ئەدەبیات" ب
بەشە لە وتار دەگوتر
کە کاری بەریازی وزانس
وشتی عیلمی یەوە نەبێ
بەو حیسابە هەرشتێک
زانستی و ریازی نەبێ،
مەسەلەن قسەی کووچە
بازاریش دەبێتە ئەدەبیا
نەخێر. "ئەدەبیات " ل
بەستێنەدا کە ئێمە باس
دەکەین هەڵگری بار ومانا
تایبەتی خۆیەتی. چیرۆک
داستان وشیعروئەو شتانە
دڵبزوێن وهەست خرۆشێنن

لە کوردیدا ئێستا ب
ئەدەبیات دەڵێن"وێژە" پێت
چۆنە ؟

زۆر باشە. جێگای خۆی کردۆتەوە. وێژەوانیش لەجیا
تی "ئەدیب" دەکار دەکرێ.

واژەی "شیعر" ئەویش هەر عەرەبی یە.مانای چیە وچۆنی تاریف دەکەی ؟

"شیعر" یانی هەست و شعوور. کە دەڵێن شاعیر یانی "خاوەن هەست" هێندیک نووسەر لەجیات شاعیر دەڵێن " هەستیار" کەیفم دەیگرێ.مەلا جەمیل وای دەنووسێ. زۆر کەسی دیکەش . پڕ بە پێستە. شاعیر و هەستیار یەکن . ئەوجار شاعیر یا هەستیار کەسێکە خاوەنی هەستێکی تیژتر بێ وزۆرتر وزووتر لە خەڵکی ئاسایی هەست

به شت بکا .پەخشا ن نووسێکی
ا شیش بەلای منەوە هەر
ا عیرە. رووسەکان بە
ا کسیمگۆرگی دەڵێن شاعیر.
ەقیانە وراست دەکەن. هەر
چەند کەرەسەی شیعری وەک
وەزن وقافیەی دەکارنەکردووە
بەڵام هەر شاعیرە.

ە نووسینی کوردیدا لە
جیات شیعر واژەی وەک
هەڵبەست وهۆنراوە دەکار
دەکرێ. کامیانت پێ باشە؟

هیچ کامیان! هەڵبەست
و هۆنراوە هەردووکیان
بەرامبەری"نظم"رادەوەستن.
ئەوەی بزانە هەر وەک
"ناظم" نابێتە "شاعیر".
(نظم)یش نابێتە شیعر.
کابرات دیوە لەداوەت و
هەڵپەرکێ دا چەند "ناظم"ە
وچۆنیان دەهۆنێتەوە،هەرچی
دەیڵێ وەزن و قافیەی
هەیە ورێک وپێک وەک دەڵێ

"هاتووم لەلای لاجانێ
باریکەی نەشمیلانێ

ئەوە هۆنراوەیە. نەزمە.
شیعر نیە.

کەوابوو جەنابت واژەی
"شاعیر" ناگۆڕی.

بەڵێ. ئەوەش لەبیر
نەچێ من جاران بە نەزمم
دەگوت " هۆنە".

راستە. دیتوومە لە
جێگایەک لەجێگای " نظم و
نثر" (پەخشان و هۆنە) ت
دەکار هێناوە کە تەواو
پڕ بە پێستە.

لە ولاتی خۆمان بە
کابرایەکی زۆر چاکی شیعر
گوتبا دەمانگوت "خۆوێژ"
"شایەڕ"یشمان هەیە. هەر
"شاعیرە"کەی عەرەبی یە
گۆڕاوە. بەڵام پێمان عەیبە
بەکابرای باسەواد بڵێین
شایەر. دەنا شاعیرو شایەر
هەریەکن. دیارە شاعیرێکی
کە زۆرتر نازمە دەبێتە
"شایەر".

یانی پێت وایە "شایەر"
گۆڕاوی "شاعیرە" ؟ من
خۆم پێم وانیە. پێم وایە
شایەر لە واژەی "شایی"
دروست کراوە وناوی فاعیلە
یانی هەڵسوورێنەری شایی
وەک ئاشێر کە کاری ئاشی
بەدەستەوەیە. مەبەستم
ئاشەوان نیە.

ئەمن پێموایە (شاعیر" ە
بۆتە "شایەر" ئەتۆش بە
کوردی دەزانی وبە مانای
شایی گێڕ، کەیفی خۆتە.

با دەست لەدۆزینەوەی
ریشەو بنەمای واژە هەڵگرین
مانای شیعر چیە. چۆنی
باس دەکەی ؟

هەستێکی ناسک وزەریف
یانی شیعر. لەپێشەوە باسی
هەست و شعوورمان کرد.

لەسەر یەک پێت چۆنە
بڵێین "شیعر" یانی بەرهەمی
بزوێنەری فکروبیری ئینسا -
نێکی خاوەن هەست ؟

دەگەڵتم، زۆر باشە.
ئەوەش دووپات کەینەوە
هەڵبەست وهۆنراوە دەبێتە
کەلامی "منظوم".

بچینە سەر مێژووی
شیعری کوردی. لە کەنگێوە
شیعرمان هەیە ؟

شیعرە ئایینی یەکانی
ئەهلی حەق و"علی اللهی"
یەکان وەک " سەرەنجام"
دەگەڕێتەوە هەشت سەت
ساڵ لەمەوبەر. ئەوەش بۆیە
ماوەتەوە چونکە ئایینە و
ئایین خۆشەویستەودەپارێزرێ
هەروا دێینە پێش وباسی
عەلی حەریری و دوایە مەلای
جزیری وخانی و...دێتەگۆڕ.

لەو تاریخە دوور و
درێژەدا شاعیری گەورە و
هەڵکەوتەمان زۆرن. کامیان
زۆر پەسند دەکەی وبۆچی ؟

بڵێمچی ؟ دەزانی چیە.
پیاو دەچێتە نێو باغ.
باغی پڕ گوڵ ومیوە هەر
یەک لەرەنگێ ،هەریەک لە
تامێ، بەبۆنی خۆشی تایبەتی
خۆیەوە. پیاو بڵێ کامیان
پەسند دەکەم ؟ هەموویان
پەسند دەکەم هەریەکەی بە
دەلیلێکی تایبەتی.مەولەوی
تاوەگۆزی بەو خەیاڵە
ناسکەیەوە. نالی بەو
قودرەتەوە ،شیعر بەدەستێەوە
نەرمە. بەکەیفی خۆی واژە
بە مانای جۆراوجۆر دەکار
دێنێ. چۆن ئاسن بەدەست
حەزرەتی داودەوە نەرم بوو
ئەویش ئاوا بەسەر شیعردا
زاڵە: شتێکی غەریبە. زۆری

وامان هەن. دیارە هەموو
لە رادەیەکدا نین. سالیم
و عەبدوڵلا بەگی میسباحیش
هەن کە زۆرم پێ شاعیر
نین .

زۆربەی ئەدەبیاتی ئێمە
لەشیعر پێک هاتووە. بۆچی
وایە؟ چۆنی بۆ دەچی ؟
جارێ با ئەوەت پێ
بڵێم بەشی زۆری ئەو
شیعرانە نەزمن نە شیعر!
بەیتەکانیشمان لەبیر نەچێ
کە لەریزی شیعردان وبە
لای منەوە جوانترین بەشی
قەوارەی ئەدەبی کوردین .
پەخشانمان زۆر کەمە.ئەوەی
هەیە شیعرە. ئاناتۆل فرانس
دەڵێ نەتەوەی دواکەوتوو
شیعری دەوێ.کە پێشکەوت
وپلەوپایەی زانست وئاوەزی
رۆیشتەسەر ئەوجار پەخشانی
دەوێ.

شیعر بەدرێژایی مێژووی
گەلەکەمان هەر بووە و
فرچکمان پێ گرتووە. کەس
گوێی نەداوەتە پەخشان -
نەشمان بووە- بەلام هەموو
گوێ قولاغ بوون شیعر ببیسن
شیعر دە دلدا دەمێنێ.
لەبیر ناچێ.

لەمەر بەیتەوە باقسان
بکەین . لەبیرمان نەچێ .
قەدیم ئاغا وپیاوی دەست
رۆیشتوو بەیت بێژ و
حەکایەتخوانیان رادەگرت .
کابرا بە بەیت گوتن بەرێ
دەچوو. کارەکە پایەی
ئابووری بوو. جا حەولی
دەدا فێر"بێ" و کوڕ و
منداڵیشی فێر کا. نانی
تێدا بوو. بەلام ئێستا
رادیۆ وتەلەویزیۆن وشریت
و زەبت پەیدا بوون و
کابرا «بەیت بێژ» راناگرێ.
لێرەدا زەرەرێکی گەورەمان
وێ کەوتووە. جا مەگەر
بەنووسین تێی هەڵێنینەوە.

- خودا یاربێ دەبێ
حەول بدەین. هەر ئێستا
زۆرکەس لەسەر بەیت کار
دەکەن.کۆیان دەکەنەوە و
دەیان نووسنەوە.

- زۆر درەنگ وەخۆ
کەوتوون. زۆر شت نەماوە
کابرایەک لە نۆبار بوو.
هیچ بەیتێک نەبوو نەیزانێ
دەروێش عەولایێکمان بوو بە
تەرەغەدا دەهات و دەچووە[٣]
زیارەتی شێخ. لە بەیانی را
دەیگوت تا شەو.لێی نەدە-
برا. کەس لە فکری ئەوەدا
نەبوو بیان نووسێتەوە .
ئەوان مردن و رۆیشتن
ئێمەش ئەو هەموو شتەمان
لەدەس چووا .

- ئێستا کەباسی بەیت
دەکەین با ئەوەش روون
کەینەوە ئایا بەیت وەک
سەبکێکی ئەدەبی بەرهەمی
ئاڵ وگۆڕی کۆمەڵایەتی و
ئابووری و هەل ومەرجی
تایبەتی یە وفەوتان ونەمانی
دیسان بەرهەمی ئاڵ وگۆڕی
شێوەی ژیانی گەلی کوردە؟
دەزانین لە ئەدەبیاتی
فارسیش دا سەبکی ئەدەبی
جۆراوجۆر هەیە.وەک سەبکی
خوراسانی ،عێراقی، هیندی
و... ئایا بەیت لە
ئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی
ئاوایە ؟ چۆنی بۆدەچی ؟
ئایا ئێستا کەس ناتوانێ
بەیت بڵێ ؟

- هەروەک بۆخۆت دەڵێی
ئاڵ وگۆڕی هەراو لە هەل
ومەرجی ژیاندا دەبێتە
هۆی ئاڵ و گۆڕ لە
ئەدەبیاتدا . هەروەک باسمان
کرد ئەورۆ بەیت و باو
نانی پێ پەیدا ناکرێ .
دەجا دەبێ بمرێ! دەردێکی
گەورەی دیکە ئەوەیە ئێمە
لە مەدرەسەمان خوێندووە و
پێمان وایە نابێ وەک
عەوام چاومان لێ بکەن .
دەستمان کرد بە شیعری
عەرووزی. پێمان وابوو نابێ
وەک عەلی بەردەشانی شیعران
بڵێین. کەچی قەتیش نایگەینێ
لەگەڵ مامێمن لەسەر ئەوە
شەرمان بوو. لە بەیتمان
لادا وخۆمان لەبیر چووە
ئەفسووس ! تۆ چاو لەو
بەیتانە کە. شتی سەیر و
سەمەرەیان تێدایە! دەبینی
هەشت ،نۆ، دە قافیە بە
دوای یەکدا دێن. لەپڕ
بەیت بێژ هەڵی بریوە بۆ
ئەوەی قافیەیەکی دیکە
دەکار بێنێ ! جاری وایە
پازدە ،شازدە قافیەی هێناوە.

مانیعی چیە با دوو سێ قافیەش وێک نەچن ؟ کەچی بەناشکوری نەبێ ئەوانە هەموو لەبەر چاوی ئێمە فەوتان وتێداچوون وئێمەش پێمان وایە دەبێ لاسای عەرەب وفارس بکەینەوە و شانازی بەو کارەمانەوە بکەین ! جا لە لایەک نەگەیشتینە ئەوان و هی خۆشمان لەدەست چوو! نەقلی قەلە رەشە و کۆترە کە رووی لێ داین !.

– بەتێگرایی گۆواری "سروە"ت پێ چۆنە . بە پەخشان وشیعروبابەتەکانیەوە چۆنت دێتە بەرچاو ؟

– پێم زۆر ،زۆر ،گۆوارێکی باشە . درێژە بە کارتان بدەن. هەموو بابەتەکان دەخوێنمەوە . هیوام وایە مەحدوود نەبن . ئازادی قەڵەمتان بێ. مەحدودیەت لێتان تێک دەدا .کۆنتڕۆل قەیدی نیە . شتی وای تێدا نەبێ زەرەری بۆ پەز بێ.

– رێنووسی سروەت پێ چۆنە ؟

– من دەگەڵ دوو (و) نیم. شتێکی زیادیە . بروانە ئەلف بێتکەی فارسی چەندی کەموکووڕی هەیە ؟ خەڵک فێریش دەبێ.

راستە ئەلف بێتکەی زۆر زمانان کەموکووڕیان زۆرە. ئێمە دەمانەوێ تووشی ئەم گیر وگرفتانە نەبین. ئەگەر لەگەڵ دوو (و) نی ئەدی لە نووسین دا «کور» و «کوور» چۆن لێک دەکەیەوە ؟

– خوێنەر بەجێگە لە مانای واژە دەگا . دەزانێ ئەم واژە لەم رستەدا مانای چیە . شت لەخۆتان زیاد مەکەن. خەڵک عادەت دەکا . بۆخویان فێر دەبن

– زمانی سروەت پێ چۆنە . ئێمە بە کوردی ناوەراست دەنووسین. تاک وتەرا پەیدا دەبن کە: بۆ بە کوردی شیمال وجنووبیش نانووسن. وەک مامۆستایەکی نێوبەدەرەوەی شارەزا لەو بارەوە چ دەفەرمووی ؟

– ئەمن لە شەرەفنامەدا کارێکم کردووە. نازانم چاکە یا خراپ . کوردیم تێکەڵ کردووە. لەهجەکانم لێک نیزیک کردۆتەوە .ئەوەی لە سروەدا دەی بینم زۆرم پێ جوانە. هەر بەولەهجەیە بنووسن ومەیگۆڕن. بەڵام لە واژە و تەرکیباتی لەهجەکانی دیکە کەڵک وەرگرن. ئێمە لەبەرامبەر "دەریا"دا دەڵێین "وشکانی" بەلام کرمانج(بادینی)دەڵێن "بەژ" مالم قەبرە "بەژ" لە"وشکانی" جوانترە. دوێنێ لە شنۆ بووم .باسی(مووسڵی) کرا ئەوان پێی دەڵێن "زیسک". دەجا وەڵلاهی "زیسک" لە"مووسڵی" جوانترە

– رەنگە تامیشی خۆشتر بێ ! قوربان ئێمە بۆ پێک هێنانی زمانی یەکگرتوو ئەو کارە دەکەین و تا ئێستاش رانەوەستاوین. مەسەلە شێوەی دارشتی رستە-یە. مەبەستم ساختومان و رێزمانی رستەیە .کرمانجەکان دەڵێن دەبێ لەو بارەشەوە زمانی سروە بگۆڕێ.جەنابت بەو کارە رازی ؟

– نا. ئەوە نابێ . دەبێ وردە وردە لە هەموو لەهجەکانی دیکە واژەی جوان و تەرز ولەبار بێتە نێو ئەو زبانە کە سروەی پێ دەنووسن. ئەڵبەتە نەچن هەر واژەیەکی تووشی بوون بەکاری بێنن. تەنیا بەو دەلیلە کە بادینی یە. ئەوەش مەکەن.دەبێ جوانترین لۆغەت هەڵبژێرن. لەبیرتان نەچێ تا خەڵک رادێنن بۆ نووسراوەکانتان فەرهەنگۆک بنووسن.


– یانی گۆڕانکاری یەکی بنەڕەتی پێداویست نیە و تەنیا رێنوینیتان ئەوەیە لەباری واژەوە لەزاراوەکانی دیکە کەڵک وەرگرین ؟

بەڵێ . هیچی دی .

درێژەی هەیە

مەیلی تەنیایی

ش. فەیزی نەژاد



ئەرێ بابە تۆ چت داوە بە سەر منەوە بۆ لێم ناگەرێیت؟ دۆستی دۆست بە، دوژمنی دوژمن بە. من دەڵێم پێم خۆشە تەنیا بم، تۆ دەڵێی دەچی خۆت دەکوژی! تەنیایی چی داوە بە سەر خۆکوشتنەوە. من تازە خەریکم عادەتی بێ جێ تەرک دەکەم چۆن دەچم خۆم بکوژم. وەڵڵا مردن ببینم حەوت فەرسەق هەڵ دێم شێت هەم بەڵام نەک ئەوندە .

دوای ئەم وتو وێژە لە رەفیقەکەم کە هەمیشە بە یەکەوە بووین جیا بوومەوە دڵم خۆش بوو گوتم مەیکە ئێستە دەچم بۆ پارک لەو جێگەی واخۆم دەزانم ،رێگەی هیچ دۆستو ئاشنایەکی تێ ناکەوێت دا دەنیشم. برێک بیر لە ژیانی خۆم دەکەمەوە ،یای ئازیزانی دوور وڵات بکەم و نەختێ لەم جەماوەرە حاڵ نەزانە دوور بکەومەوە .

سەعات نۆ ونیوی بەیانی رۆژێکی هاوین بوو تا سەعات بەرە و دوازدە دەچوو هەوا گەرمتر دەبوو بەڵام پێم هەڵ خست* و بەرە و پارک وەرێ کەوتم. سیغارم تازە تەرک کردبوو، دەتوت دەسگیرانی خۆشەویستم جواب کردوە لەحاڵی خۆم وەرەز بووم . لە بەر درگای پارکەکە سێ چواردەست فرۆش خەریکی قاو وقیژ وهەرا بۆ فرۆشتنی وردە واڵەکەیان بوون . یەکیان دەیوت: (بە هـ لە بەر ئەو چەقە دووکەڵـە سیغاری تیر بە بەستە و بە دانە) سینگم لە نێوەوە هەڵ دەقولا، هەر وەک بیەوێت زاری دا بچرێ هەرچی سیغارە هەڵی لووشێ بەڵام بە بەلای خۆمەوە ئیرادەم بەهێز دەکرد ئەویش لە تەرکی سیغارەوە هەموان دەدزیەوە، چۆلگەیێکم پەیدا دەکرد و خۆم تێ داویشت لە نێو وجوودی خۆمدا نوقم دەبووم، بە سواری ئەسپی خەیاڵ لە جیهان دوور دەکەوتمەوە ئەم پەرو ئەوپەری فەزام لە ژێر پێ دەنا ، ئەمجار دەهاتمەوە دەستم پێ کردبوو تا بگاتە وردە عادەتەکان وەک سمێڵ کرۆژتن .

تووشی تەنیایی بووم و عادەتی تەنیایی شم دەمێکە لە گەڵە. لەو دەمەوە کە هەستم کرد شتێک لە زاتم دا هەیە و ناوی هەستە لەودەمەوە لەززەتم دەرک کرد پەیم بە تامەزرۆیی خۆشی تەنیایی برد و گەلێک جار خۆم لە لە نێو دەریای خەیاڵ بۆ پەیدا کردنی بیرورایێکی تازە گوێچە ماسیەکانم دەشکاند. وەکوو جاران بە پەلە پروزی خۆم گەیاندە ئەو دیو درگای پارکەکەوە . لە پڕ دەنگی بەرزە وە بوو .منی بانگ کرد و بە دوادا قاقا پێکەنی . زانیم کێ یە هاتم خۆم بکەم بەگێل. بەڵام بە لرخەلرخ پێکەنینەکەی

برێـــەوە . دیسان بانگی کردم چارم نەبوو لام کردەوە* دیـــم (س)ی خزمەمە کە بە هۆی برێک رووداوی کۆمەڵایەتی وکەمتەر خەمی کەس و کاریەوە ،سیمەکانی مێشکی تێکەڵ بووە لە پەسـا* مژلە جگەرە ویژەکەی دەداتو پێ دەکەنێ. نەک لە بەرئەوەی کەللەی کار ناکات بمەوێت خۆمی لێ لادەم نا بە چەن دەلیل هەروەکوو جاران کەوای لێ نەهاتبوو لە گەڵی دەگەڕام هەوەڵ خزمایەتی دووهەم هاو تەمەنی سێهەم دۆستایەتی پێش ئەو کارەساتە . چـوارەم

دەکەن و بە قسە چەپوراست کردنی شێت پێ دەکەنن. بەو دەلیلانە ئەرکی سەرشانم بوو هەرچی بێکار و وێڵ بووم زۆر بکەم لە خۆم و چەند دەمێک هاورێیی بکەم. بەڵێ زۆری قەراخ لێ نەکێشم ،چوومە بەرەوە دانیشتم . هێشتا چاک و خۆشی تەوا نەببوو ،دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعر و گێڕانەوەی نەقڵ و قسەی خۆش بەلام چونکە هەر کامێکیانم دەیان جار لێ بیستبوو ،بەزۆر بزەیێکم دەنا بەسەر لێومەوە جار جاریش قەراخ لێوم بە

خۆم گێل کەم ، بەشل وشەوێقی بام داوە بۆ ناو دارەکانی دەستی راستم . هەرای لێ کردم : بۆ کوێ ؟جوابم نەداوە. دیسان هەرای کرد ئەوە بۆ کوێ فرکە فرکتە؟ وێستام ، لام کردەوە پێکەـ نینێکی وەرەزانەم تەحویلدا دەستم رایەڵ کرد بۆ ناو دارەکان وتم: هۆ لەوێ بن دارێک هەیە هەرچی مەیلی تەنیایی بکەم دەچم لەوێ سەعاتێک دادەنیشم . دیاربوو کاکم بێ رەفیق و بێتاقەت بوو. هەرچەند دەیزانی زۆرم بۆ هاتوە دەنا ئەوندە بێ تەعارفنیم ، لە ناچاری خۆی پیا هەڵ واسیم: منیش لە




وەقاییم ترین دەلیل ئەوەیکە منداڵان وە ئەو کەسانەی بە ئازاردنی بێ دەستەڵات شاد دەبن بە بوونی من لە گەڵی نەتوانن عەزیەتی کەن. کسانێک هەن ئەوندە فەهم و شعووریان کورتی دێنێت ، کە بە چاوی سووک لە کومەڵدا لێیان دەروانن جائەوانەش عوقدەی خۆیان بە سەر کەسانێک وەک (س) دا خاڵی

نرخی پێ کەنین کێش دەدا نیزیک سەعاتێک رای گوتم تا ئاخری لە پڕ هەستا بە بێ خوداحافیزی رۆیی. ئەمنیش لەخودام دەویست . لە خیابانی ناوەراست پارکەوە بە بالە تەپێ* سەرەو ژوورەوە بووم . هێشتاوە هنگاو نەرۆییشتبووم چاوم بە کاکم کەوت گوڤاریکی بە دەستەوەیە روو بە رووم دێت . ویستم

بەیانیەوە هاتوومەتە دەرەوە، دوستێ،کەسێکم تووش نەبوە دوو قسەی لەگەڵ بکەم. لە دڵدا وتم هەی خۆزگەم بە خۆت. من هەر لای رەفیقەکەم وتم بە زمانی سووتا وەوە : خەیاڵمهەیە ئاڵ و گۆڕێک لە وەزعمدا بە دی بێنم، دڵم تەنگەوحەز بەتەنیایی دەکەم پیی وابوو

وابوو دەچم خۆم دەکوژم. بە ئامان و زامان لێم نەدەگەڕا. لەم بیرانەدا بووم کە دیم کاکم بە گەرمی لە مەتڵەبی ئەو گوڤارە فارسیەی وا بە دەستیەوە گرتوویە قسەدەکات: واکامپیوتێر دونیای داگیر کردوە و گۆڕیویە، قەت هەڵە ناکات. ژاپۆن وا عیلمی ئەلەکترونیکی پێش کەوتووە، سەد هەزار ئینسانی دەستکردی دروستکردوە. بە زۆر خۆم مەجبوور دەکرد قسەکانی حاڵی بم. نەوەک بە بۆمەیلیم بزانێت و دڵی بیەشێت. هەروا لەنێو دارەکان روو لە چۆلگەکەی خۆم دەرۆیشتین تاوتی بالە سەر ئەم تەختە سمیتە دانیشین، بە ئەو پەڕی نا بە دڵی لە گەڵی دانیشتم سەعاتێک لە کامپیوتێر دوا تا باش بوو مەتڵەبەکە تەواو بوو منیش لەو ماوەدا غەیری بەڵێ هیچم نەوت نەوەکوو قسە درێژتر بێت. لە نارەحەتی دا هەزار دەرد رووی لێدا بووم. برسیم بوو تونیم بوو مەیلم لە سیغار بوو لە بەدبەختی من کاکیشم جگەرەی دەکێشا ئەویش ئەو مژانەی ئەوە گەرمای نیوەڕوی هاوین گەرم دای گرساند بووم. کراسە ناسکەکەم لێ ببوو بە بەرە دەمم وشک بوو. کەللەی سەرم ویزە ویزی لێوە دەهات. زۆر سەیرە هەناسە هەڵ کێشانم لێ بوو بە کاسە کێشان. لە تەواوی نیعمەتی دونیا غەیری تەنیایی هیچم نەدەویست ئەویش نەدەهات بە دەستمەوە تا پشووم هاتەوە بە خۆمدا کاکم مەتڵەبی دووهەمی دەس پێکرد. ئەمجار نەک ئەوەی بە کوردی بیگێڕێتەوە بە فارسی لە رووی گوڤارەکەوە دیخوێندەوە. تاوتار و پاراگرافێکی پێ خۆش نەدەبوو



بە پەلە لە دڵدا دیخوێندەوە تا دەهاتم قسەیەک بکەم یان بڵێم دەرۆم دیسان بەخوێندن درێژی دەدا ئەویش باسی کۆچ نشینی و مەرداری عەشیرەتەکانی بەختیاری، کەمن بەخۆشی تاقەتی بیستنی ئەوانم نیە نەخوازە بەو بۆ حاڵیە ... لە پڕ مێشێک بوو بە فریشتە و دەستی کرد بە ئازاردانی کاکم. ئەویش دەستی لە خوێندن هەڵ گرت و کەوتە راوی مێش، قنج بوومەوە بە گورجی هەستام وتم کاکە ئەو بندارە بۆ من زۆر دڵگیرە. بمبوورە حەز ئەکەم نەختێ بە تەنیا لەوێ رابوێرم. هێشتا کاکم بە تەواوی نەی وتبوو باشە رێ کەوتم. هەڵبەت دوورنەبوو شایەد پازدە بیست هەنگاو لەو لاتر چوومە بن دارەکە و لە سە جەدوەلی خیابانەکەی کە سێبەرێکی خۆشی بوودانیشتم. وتم ئۆخەی ئەوە من بووم تاق کەوتمەوە. رەنگە پێنج یان شەش دەقیقە بەو حاڵەمامەوە هێشتا لە دووی خەتتێک دەگەڕام بیرەکانمی لە سەر دابین کەم، هەراهەرایێک سەرنجی راکێشام. لە نێو

دارەکان لای چەپی منەوە
پیاوێکی قەمچی بە دەست،
دەستی منالێکی گرتووە قەمچی
لێ راستکردۆتەوە تەمایەتی
لێی داتلە پەسا جنێوی پێ
دەدات. لە ورووەوە کەعادەتی
بل قاسمی شم لە گەڵە
نەم توانی خۆم گێل کەم لێ
گەرێم ئەو پیاوە مل قەویە
زەعیف کوژی بکات ومندالی،



بێچارە قڕ کات. خۆم پێ
نەگیرا هەستام بە گورجی
چوومە پێشەوە بە توورەیی
کوتم : ئەوە بۆ لەو منداڵە
دەدەی بەریدە بزانم. کابرا
دی من بەم توند و تیژی یە
هاتووم رەنگە ئاوقەی* بم
منداڵەکەی بەردا. وتی
برا تۆنازانی ئەمە چ
بەدرەسەنیکە سەد جارم
پێ وتوە تفەنگی بادی
مەهێنە ناو ئەم پارکەوە.
لەم گوێچکەی رۆدەچێ
لەوی ترەوە دەر دەچێ.
وتم خۆ ئێستە هیچی پێ
نیە. وتی برا هەرئێستە
چاوی بە من دەوت
تفەنگەکەی دابە دەست
ڕەفیقەکەیەوە. ئەو هەڵات
ئەمیش خۆی دابەدەستمەوە
بۆ ئەوەی شوێنی ئەوەی
ترنەکەوم ، کاکە هەرچی
چرا لەو پارکەدا هەیە
بەدەست ئەمانەوە کون
بوەیان شکاوە. جا من
قەرە ولێی ئەم پارکەم
گشتی بە من دەبژێرن
وتم ئەمجارە بی بەخشە
تا جارێکی تر دێتەوە....
لام کردەوە بگەرێمەوە سەر
جێگەی خۆم، دیم کاکمهەڵ
ستابوو روو بە رووم دەهات
هەر لە دورەوە وتی:
چی بوە؟ وتم : هیچ.هەر
من روو لە جێگەی تەنیاییم
دەرۆیشتم وکاکەم دەهاتە
بەرەوە ئەیگوت جا چۆن
هیچ. کابراش پشتی هەڵ
کردبوو لە گەڵ منداڵەکە
دەرۆیی . بەدەم پرسیارو
پژوارەوە* کاکم هات ولە
لام دانیشت. ناچار جوابی
پرسیارەکەیم داوە کە لە
گەڵ کابرا چیم وتوە و
چیم بیستووە. دوای ئەمانە
کاکم گوشارەیکەی کردەوە
باسی کامپیوتێری
دامەزراندەوە. هەر بەو
گەرمییەی هەوەڵ جارتووکی
سەرم لێ ببوو بەبارە
گوێنی . برسیەتی و
توونیەتی و مەیلی جگەرە
دەستیان دا دەس یەکتر
و ئیختیاریان لێ بڕی
بووم. تەماشای سەعاتم
کردیەک ،بیست کەم بوو..
لە پڕهەستامە پا دووهە
ناسەی توندم هەل کێشاو
نەختێ چاوم لێک نا .
کاکم هەر ئەوجێگایانەکە
پێی وابوو پێویست بە
دووپاتە کردنەوەیە بە
دەنگی بەرز دەیخوێندەوە.
وردە وردە بەر چاوم
تاریک دەبوو، سەرم لە
گێژەوە دەهات. کەوتمە
رێگە و وتم کاکە با
بڕۆینەوە بۆ ماڵ برسیمە
توونیمە، بێ تاقەتم ،وەختە
شێت بم زۆریشمگەرمایە.
کاکم هەستا پا وتی
راست دەکەی منیش برسیمە
با بڕۆینەوە. بەڵام ئەو
حالەتانە هی خالی بوونی
گیرفانە . من وەختێ بێ
پوول بم وام لێ بە سەر
دێت . لەقان لەقان ڕوولە
ماڵەوە رێ کەوتین. ئیتر
تاق نەکەوتمەوە هەتا
دەس پێکردنی ئەم وتارە
هەرچەن لە نووسینی ئەم
بەشە ئاخریەدا کاکم و
باوکم خەریکی قسە کردنن.



... زانایانی بەناو بانگی کورد ...

ئیبنی ئەسیر

محەممەد سەعید ئیبراهیمی

زانای پایەبەرزی ئێران "دێهخودا" دەڵێ:

ئیبنی ئەسیر کونیەی سێ برایە کە شارەزای ئەدەب ومێژوو و حەدیس و سەرف ونەحو و عەقاید و فەلسەفە وزانستەکانی دیکەی ئیسلامین .

برای گەورەیان **مەجدەدین موبارەک ئیبنی ئەبی لکەرەمموحەممەد بنی موحەممەد جەزەری** خەڵکی **جەزیرەی ئیبنی عومەرە** و هەر لەوێ لەلای مامۆستا زاناکان درێژەی بەخوێندن داوە تا رادەیەک کە لە جیهانی عیلم و زانستدا بە ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی فەرهەنگی ئیسلامی ناسراوە .

ئەم زانایە پاشان بووە بە مونشی ئەمیر **موجاهیدەدینی قایماز** و لە دواییدا چووەتە مووسڵ و ماوەیەک لەلای **مەسعوود بنی مەودوود** دەستەڵاتداری مووسڵ ماوەتەوە. پاشان چووەتە خزمەت**نوورەدین ئەرسەلان، شا** و دوایەش بە هۆی نەخۆشی ئیختیار بووە و خانەنشین بووە و زانایان بۆ دیتنی چوونە ماڵەکەی.

میوانخانە وخانەقایەکی لە دێیەکی مووسڵ ساز کردووە و تەواوی ماڵ و مڵکی خۆی بەم میوانخانە و خانەقایە داوە.

موبارەک لە جەزیرەی ئیبنی عومەر ساڵی ٥٤٤ کۆچی لەدایک بووە وساڵی ٦٠٦ کۆچی کردووە.

هیندێک لەئاسەوارەکەی بریتین لە:

- **جامع الاصول** لە دە بەرگی گەورەدا .
- **النهایەفی غریب الحدیث** لە پێنج بەرگدا .
- **الانصاف** لە عیلمو تەفسیری قورئاندا .
- **المصطفی والمختار.**
- **کتاب فی صنعه الکتابه.**
- **البداع .**

لە مێژووی ئیبنی **خەلەکان و الاعلام زرکلی** چەند کتێبی دیکەش بەناوی ئەوەوە نووسراون وەک :

- **المرصع .**
- **منال الطالب**
- **تجدیداسماء الصحابه.**
- **الرسل و...**

برای نێوەنجی **عێزەدین ئەبولحەسەن عەلی** لەساڵی ٥٥٥ لە جەزیرەی ئیبنی عومەر لە دایک بووە ولە مووسڵ وشام وبەغدا لە لای بلێمەتانی ئەوسەردەمە زانستی ئیسلامیخوێندووە و لەپاشان لە مووسڵ بنەگر بووە ودەستی کردووە بە نووسینی کتێبکەگرنگترین نووسراوەی لە مێژوودا بە ناوی **الکامل فی التاریخ** لە سی وسێ بەرگدایە و بە **الکامل ابن اثیر** بەناوبانگە. ئەم کتێبە باسی مێژوویی دونیا لە رۆژی هەوەڵەوە تاسەردەمی خۆی یانی ٦٢٨ کۆچی مانگی دەکا.

ئیبنی ئەسیر خۆی لە

سەردەمی دەستەڵاتداری مەغوولدا بووە وهەوەڵین مێژوونووسە کە رووداوی تاڵ و شەروشووری دەورەی مەغوولی لەکتێبی "الکامل"دا نووسیوە وسەرنجێکی تایبەتی پێداوە. هەر بەم بۆنەوە کتێبی گۆرین سەرچاوەیەکی گرینگی مێژووییە وزوربەی مێژوونووسانی بەناوبانگ لەو کتێبە کەلکیان وەرگرتووە. کتێبەکانی تری بریتین لە:

- اسدالغابەفی معرفە الصحابە لەپێنج بەرگدا کە شەرحی ژیانی ۵۷۰۰ کەسە
- تاریخ الدولەالاتا — بکیە
- الجامع الکبیرفی علم‌البیان.
- اللباب‌فی تهذیب الانساب.
- الجهاد.

لەساڵی ۶۳۰ کۆچی دوایی کردووە و هەر لە مووسڵ نێژراوە.

برای بچووک نەسروڵڵا ئەبولفەتح زیائەدین ە کە بە ئیبنی ئەسیری کاتب بەناوبانگە ولە زانستی ئیسلامیدا شارەزا بووە و بە منداڵی قورئانی لەبەر کردووە.

ساڵی ۵۸۸ ی کۆچی لە جەزیرەی ئیبنی عومەر لە ۲۰ی شەعباندا لەدایک بووە. لە مووسڵ دەرسی خوێندووە و چووەتە لای مەلیک ولئەفزەل کوڕی سەلاحەدینی ئەیووبی لە دیمشق وبۆتە وەزیر کار و باری خەڵکی پێ سپێراوە. لەهەموو بارێکەوە باوەڕێکی پتەویان پێی بووە. پاش ماوەیەک سیاسەتی ئەفزەلی پێ باش نەبووە وبەجێی هێشتووە و چووەتە لای مەلیک زاهیری دەسەڵاتداری حەڵەب .لەویش زۆر نەماوەتەوە و چووە بۆمووسڵ وئاخری لە بەغدا وەفاتی کردووە

وەکی مێژوو نووس دەنووسن کەزەینێکی باشی بووە ودیوانی ابی‌تمام و متنبی و سحتبری لەبەر بووە. ئاسەوارەکانی بریتین لە:

- المثل السائر فی ادب الکاتب والشاعر لە دوو بەرگدا.
- کفایەالطالب‌فی نقد کلام‌الشاعروالکاتب.
- المفتاح المنشالحد— یقەالانشاء
- المعانی المخترعە فی صناعەالانشاء.
- الوشی المرقوم‌فی حل المنظوم.
- الجامع الکبیر.
- البرهان فی علم البیان.
- رسائل

کە بە رەسایلی ئیبنی ئەسیر بەناوبانگە.

جەزیرەی ئیبنی عومەر

شارێکە لەرۆژاوای چۆمی دەجلە وپردێک لە زەمانی ساسانیان لەو شارە لەسەر دەجلە لێدراوە کەشوێنەواری هەر ماوە.

مێژوونووسان نووسیویانە کە بەردی بناخەی ئەو شارە لە لایەن حەسەنی ئیبنی عومەر لە تایفەی بنی سەعلەب لەساڵی ۲۵۰ی کۆچی دانراوە ولەسەدەی چوارەمدا زۆر قەوغا بووە.

حاسڵی ئەم شارە بریتییە لە: هەنگوین ،کەرە، فندق گوێزو... کەبۆ مووسڵیان ناردووە.

ئیبنی بطوطە ئەمشارەی بەوێرانی دیوە وتەیمووری مەغوول وێرانتری کردووە پاشان حکوومەتی جەزیرەی ئیبنی عومەر وەدەست (عەزیزان)ی کوڕی کەوت و دوایە بەدەست سوڵتان سەلیم گیرا.

ئەوشارە بەشێک لەخاکی تورکیایە و زمانی کوردی زمانی خەڵکی ئەوی یە.

سەرچاوەکان :

- دایرەالمعارف اسلامی
- الاعلام مجلد ۵ صفحە ۲۷۲.
- ابن خلکان جلد۲ صفحە ۱۵۸.
- فرهنگ دهخدا.
- معجم‌البلدان جلد ۸ ۷ صفحە ۲۲۸.

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

وێرای سپاس لە دوکتۆر رەهبەر رێزان



گەنجێ منی دووره ،ئۆسما ن لاو دووره ، غەریبۆ
لاو دووره ،
ژ ڤردا حەیا کۆک مەیدانێ باژارێ شامێ
دووره ۰
ل پێ گەنج ئۆسمانێ من گرتی عەسکەر و
تا بوو*ره ،
ل کێلەکا ئۆسمانێ من کڕکڕا شووره ،
د ستیدا قەیتا ن قەفەز و حەریره
ل چەلەکا دەشتا سروجێ ما ل دانیبوون ،
عەیشا بەتێ، ئیمّا گرجۆ ،فا تا رەسۆلە ،
سەرەکا گییا خەجا خدره ، دەڕێ* ب
کەسەرێد
کوو*ر و هووره .

*　　*　　*　　*

دایێ ! شەڤا پاییزێ درێژه ،خەوا م نا یێ،
ئەزێ با لا خوه ددمێ
بەندا پیۆر* و مێژینێ ،
ل ئالییێ قولبەڤا هلتێ.....

*　　*　　*　　*

ئەرێ کێ ل ناڤبەرا دوو دلان گۆتنەکە
چێ بکێ ،

بلا ببه رێبەرێ حەشتی حەزار حەجاجێـن
موسلمانان ،
بەرقێ خوه بده بەر قولبه
دەستێ خوه باڤێ قولپا کەعبه وبێتێ ،
و ل رۆژا حەشەر و مەحشەرێ ،
گاڤا داتینن تەراز و میزینێ ،
بلا خوەدێ مەزن،حەزرەتێمحەمەدب وەکیلێ
وی بێ ،
بلا دبن سەنجاقا کەسک دا
ب دەستێ خوه کلیتێ جەنەتێ ڤەکێ

* * * *

دایێ دلێ م دینه
ژ کولاڕا ب کوله ،
ژ بریناڕا ب برینه ،
دەردێ ئەشقێ گرانه ،
دەردکی بێ دەرمانه.
خوەدێیۆ تو ب سەرێ توکەسی ڤـــــه
نەهیینێ ،
کی لناڤبەرا دوو دلان گۆتنەکه نەچـێ
بکێ ،
و هەردوو دلان ژ هەڤ ب دوور خینێ
بلا برووسکا ئەسمانا ،ڤورشینا حەفت درامی
ل بنێ چێنگ خینێ ،
بلا برینا خوه کوور بێ ،
کولا خوه خەدار بێ ،
سبێ حەیا ئێڤارێ دەست لبەر ناڤێ بێ.
ڤیرین و هۆلینا خوەر بەر ئەسمان بێ،
ئێخکرنا ئێخکری خوین بێ ،
بلا عیلاج ودەرمانێ برینا وی ڤۆچێ* هێشترا
شیرێ چووکان بێ ،
ئەوژی ڤه ناتێنه دینه،
بلا پەرچێد دل وکەزەبێد دێڤرا بوەشنه
حەفت سالا دمالا باڤێ خوەدا نێن و
ئارڤێن* ڤه نەبینێ ،
بلا نان ب کێرگێ* بێ،ئەو ب تاژی بێ ،
پاڕاڤه نەگیهنهێ ،
خوه نەدێ بەرداریێ بێشکا دەرگووشا* ڤـه
نەبێ :
نەنی ، نەنێ ، نەنی......،
میزا زاڕۆکێد نێر ومێ ژ دایێ ڤـــه
نەبینێ ،
لاو، لاو، لاو گەنجێ من لاو.....
خوەدێیۆ، ئەلاهۆ،بلا مەزنێد خـوه ل
مەزەل* بن ،
بچووکێد خوه فەخ لسەر بن ،
خۆرتێد* خوه چاڤ پەهن بن ،
پیرێد خوه رووڕەش بن ،
نان ب زهێربێ، دەو ب ڤەهوه بێ ،
بلا ل دەڤێ گەلی ، نەوالا
خورت* وسەرسەری ب کەچێد وان شا بن.
زک تژی بن، حەمێز ڤالا بن ،
لاو ،لاو، لاو، گەنجێ من لاو....،
ده هەڕه غەریبۆ، لاو، لاو.....
دایێ دیسا بلا بێ ،
ل وەلاتێ غەریبێ ،
بەر ئێرکانا بایێ غەربێ دگەڕێ ،
لێ ،لێ ، لێ ،لێ....

* + * * *

گەنجێ منی دووره ،لاو، لاو، لاو ،
لاو ئۆسمانۆ وەره دبەر مالا باڤێ من را
هەڕه ،
ب گاڤکێ دودیا نێزیکه ،
شوورێ خوه ل پیکه ،مەرتالێ* خوه راکه،
داکەڤ ناڤ بازارێ رهایێ ل مەحکەما .
محەمەدعەلی پاشاب دینێ کورمانجیێ ، ب
شەریعەتا محەمەدیێ
ل باڤێ منی تەرەس ودیویس گلی که،
سێ جاران پێچیێن خوه پێڤەده ،
سینگ وبەرێ من عەڤدالێ لسەر جانـــێ
خوه تاپی* که،
سینگ وبەرێ من مـتالێ دبوو کابلـــک
پەنیرێ کۆچەر،
بلا ب تەڕا نەبێ حەسرەت ،کول وکەسەره
وەره ژ خوەڕا بکه تاشتێ وفراڤین ،،

بخوه و هەڕە.


* * *

مەحروومێ دلێ منێ دینه،
بەژنا درێژ بخەملینه،
رابه ستیێ خوه بشکێنینه، کەلا خوه برژینه،
زەندێ کالی گەور ڤەمالینه،
ژمن ڕا نانکێ دودیا ل سێلێ خینه.
جەنگا کۆرمۆسقۆف پر شێنه
کول وکەسەرا قه مەکشینه.

دایێ ! نه وەختا دەڤێ خوه بدێ وەلاتێ غوربەتێ،
دایێ ! پڕنه ژ تاو تا کەچێد خەلکێ،
هەگەر چاڤێد خوه بەردی بەژنا تاکێ،
ول من ڤەنەگەرێ و نەیێ،
بەلکی دەستێ خوه باڤێ بەری وجێبێ،
بەدەرخینێ بەنیکێ مۆرک ومرجانا، بینا من متالێ، عەڤدالێ،ژێ دتێ یه

* * * *

دایێ ! دلێ من دینه.



چووندن ب دەست مرۆڤه.
هاتن ب دەست خوەدێ یه.
بەلکی ئەز سەری خوه بدەم ترباتاری دیارێ رەحمەتێ
ژ وێ وبشووندا تو من قه نەبینه،
دەرابه ب هەڤال و هۆگرێد من را برێخینه،
لاو، لاو، غەریبێ وەلاتا، لاو، لاو....

* * *

دایێ نەما دلێ من دبێ.
خوەدێیۆ ئەزێ بالا خوه ددمێ
دیسا غەریبێ وەلاتا، رێدوورێ
من گەنج ئۆسمان لبەر چاڤێد من ددێ رێ.
دایێ ئەزێ دیسا ماچکم زین وزەنگێ،
بەری رێکەتنێ، ئەزی دەستێ خوه باڤێم
ستییێ خوەمتالێ، عەڤدالێ،
ڤەکم بەنیکێ مۆرک ومرجانا، بەردم بەرێ و جێبێ.

خوەدێیۆ ! بهارا مه بهارک شیرینه.
گولێد زەر و سۆر پەڤینه،
کەنارێد گەلی و چەما خەملاندینه،
کولیکێد سۆر و زەر لهەڤ شدینه،
خەلکێ منی فۆول وبووکین ب ئێش و ب برینه
نه جارکی بالا خوه ددێ ل ئالییێ ژێرینه،
رابوویه دیراککی تۆ زێ،نزانێ ڤانا رێوینه،
سیواران هەسپ راکرنه جرید و بەزینه،
ماڤانا کینه، نەکینه ؟
دایێ ! نەدیسا دبێن چووندنا جەنگا کۆر مۆسقۆف پرچەتنه،
دبێ شینگ شینگا دارا رمێ ئەگیدا
مرەمرە کۆرێن دایکا وباڤکان پر کوشینه
دایێ ! نزانم ئێ مریه مرینه، ئێ ب برین برینه،

ئێ ساخ وسەلیم شووندا ل مال وخودانا
قەگەرینە ،
ئەز نزانم ل سەرێ من دایـــە دەردێ
ئەشقێ ، کولەلا خەداروبێ دەرمانە
چاڤێد من کۆر بوونە، زێ ودەرا قـــە
نابینن ،
لاو، لاو، لاو گەنجێ من، لاو، لاو....

* * * *

گەنجێ منی دوورە،
گەنجێ من ئەز ب قوربان دە وەرە،
ئەزێ دەستێ خوە ڤەگرم لبەر خوەدایـێ
مەزن،بەلکی بارێ کەتیا راکێ،
بەلکی گەنج ئۆسمانێ من ساخ وسەلیـم
ل من ڤەگەرینێ ،
دایێ ! باڤێ منێ بەخیلە، پیسە،رەزیلە
دایێ ! نەترسا من ئەوە سۆزوقرارا من
نەبێ ،
گەنج ئۆسمانێ من ل من ڤەنەگەرێ ،
وە ئەشق و مەراق دهوندرێ زکێ مـن دا
ببن
کولا لەکلەکێ ئێد بمینن
ئەزێ ب دەنگکی بانگکم،ببێم: ئوسمـان
لاو، لاو،
دایێ ! ئەبال وزێنا خوە ددمێ ،
سێ سیوار سیوار بوونە ژ دەشتا مـەو
ژێرینە ،
سەوی سەد یێ ئۆرتێ سیوارێ من گەنـج
ئۆسمانە ،
ئەزێ ببێم: گەنجێ من مەکە ومەلەزینە،
خوەدێێۆ! دیسا دوزگین ولیوانێ ب سـەر
من دا بـقولبینە ،
م ستیشکایێ ،م گەردەن خەلایێ، م بـە-
تارژایێ،م خولێوەندایێ، وەرە
ب چەپلێ من رەبەنێ بگر وچەکە تەرگـا
مەسهینە ،
دناڤ گوندێ مەیی فەسادوقومسادرا مـــن
ببە و برەڤینە ،

ئەمێ بەرڤێ خوە بدن ئالییێ بیرەجکـێ
بیرەجکا خاپانە ،
گەنجێ من ! گەر خەلاسیا مە ل وور ،
نەبوو، ئەمێ خوە
بەردن ناڤ سێسد وشێست وشەش بێسکـێ
تەڤ زێرینە ،
ئۆسمان ! گەر خەلاسیا مەل وور نەبـوو
ئەمێ بەرڤێ خوە
بدن ئالییێ جۆمێ، جۆمیا کورمێنجە ،
جەم باڤێ بۆزین ،خوەدییێ کەلا باسۆتـێ
لبەر ئاڤا عەفرینە .
قوربان ! گەر خەلاسیا مەل وور نەبوو
ئەمێ
هەرن ناڤ تاتێن ڤالچە پەهن، کوم سۆر
وکوم سپیا
ل بازارێ حەلەبێ ،
گەر خەلاسیا مە ل وور نەبوو ئەمـێ
دەڤێ
خوە بدن ئالییێ دروزێ ،
دەرباسکن حەماە و حمسێ ،
دوزگین ولیوانا لێخە ل دەڤێ دیلی مە-
سهینهێ
ب دوورکەڤن ،ئەمانەت نابێ ب مروڤـێ
زەمینە ،
جیران نکانە هەرێ مالا جێرینە .
عەرد ڤاسقە، خەلق پیسن، ومالاندا روو-
نشتینە ،
دبێن : دلێ ڤایی کەتییە کەچا ڤاییە
ئۆسمان ا قوربان رێ ژ مەڕا نەماوەرە
دەستێ خوە ب من دە
ئەمێ خوە بەردن کۆک بازارێ شامێ
ل تاخا سالحییێ ،
ئەمێ سێ جاران بێژیێن خوە پیڤەدن و
خوە
ڤەیدکن ل عەسکرێد دل چاپینە .

مەنگوڕ ١

دوکتۆر جەوادی قازی

تەحقیقی

نووسەری ئەم ووتارە میرزا محەممەدی جەوادی قازی یە یا دوکتۆر جەوادی قازی . ئەم وتارەش یەکێکە لەو وتارانەی بە ئەڵمانی نووسیویەتی و لە ساڵی ١٩١٠دا لەگۆڤارێکی ئەڵمانیدا بڵاوی کردۆتەوە . داخەکەم تا ئێستا کەمکەس بایەخی بە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە داوە و لەسەر ژیانیشی هیچ کەسێک شتێکی ئەوتۆی نەنووسیوە . من هەندێ لەنووسینەکانیم چنگ کەوتووە بەتەماشم دەربارەی ژیانی شتێک بنووسم . هیوادارم ئەو برایانەی هەر بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی ئەویان لا دەستدەکەوێ یا دەربارەی ژیانی شتێک دەزانن بۆم رەوانە کەن یاخۆیان بڵاوی بکەنەوە . وەکوو وەفا و یاد کردنەوەی ئەو کەسەی لە تۆمارکردنی "تحفه مظفریه" و چەندین بەرهەمی بایەخدار لەگەڵ ئۆسکارماندا رەنجێکی زۆری کێشاوە وئەو دەسنووس وچیرۆکانەی لە فەوتان رزگار کردووە . بە ئەڵمانی وفارسیش کۆمەڵێک نووسینی بەنرخی بۆ بەجێ هێشتووین .زیندووکردنەوەی بەرهەمەکانی د. جەوادی قازی ئەرکی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆزە ، چونکە کەلێنی گەورەمان بۆپڕ دەکاتەوە .

ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی نایابە دەربارەی وەزعی گەلی کورد لەکۆتایی سەدەی ١٩ وسەرەتای سەدەی ٢٠ و بەرپەرچدانەوەی بیرو رای هەندێ نووسەری ئەڵمانە .

ئەمەنامە ی دوکتۆرا - کەیەتی کە ساڵی ١٩١٧ لە یاساداپلەی دوکتۆرای پێ وەرگرتووە .

ئەم رۆژانە لە کتێبخانەی دەوڵەتی(٣) لە بەرلین بەشی رۆژهەڵات "رسالۀ ضبط عشایر ساکنان اطراف ساوجبلاغ مکری"م پێ گەیشت ،١٦٠ لاپەڕەیە . ساڵی ١٩٠٣ بەفارسی نووسیویەتی. هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە باسی عەشایری مەنگوڕ وماش و دێبۆکری و،گەورگ وپیران دەکا ..

هۆزی کوردی مەنگوڕ :

لەناو هۆزەکوردەکانی ئێران و تورکیادا ، هۆزی مەنگوڕ لەناو هەموویاندا جێگای بایەخ پێدانێکی گەورەیە . لای ئەوانەش کە بەئێتنۆلۆگیاوە خەریکن چونکە ئەو هۆزە بە چاکی سروشت وخوو رەوشتی خۆی پاراستووە ، هەرچەند ئەمە سەدان ساڵە کەوتۆتە بن دەسەڵاتی بێگانەوە ولەژێر کارتێکردنیشیان بووە . مەنگوڕ ئازاترین هۆزە . بۆ ئێران وتورکیا شئەم راستیە دەرکەوتووە ، هەروەها لە کوردستانیشدا ، بە تەواوی دانی پێدا دەنرێ ." ئازای وەکوو مەنگوڕ" ئەم ووتەیە بڵاوەو هەموو کەسێکیش شانازی پێوە دەکا .

مەنگوڕەکان ، لە شڕو لاریان قایم وپتەوە ، بەهێز وبەتواناشن . رەنگیشیان لە کوردەکانی دراوسێیان سپی ترە ،ئەوانەی لە خوارو ژووری ئەواندا دەژین ، کە رەنگێکی ئەسمەریان هەیە ئیدی هیچ جیاوازی یەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کوردێکی نموونەیی نیە . جێگای نشتەجێ بوونیان راستەوخۆ لە باشووری ساباڵخەوەدەست پێ دەکا کەچەقی مەڵبەندی موکری یەکانە ،شۆڕ دەبنەوە تا دەگاتە زەنجیرەی شاخی

وەزنێ ، کە زەنجیرەیەکی بەرزە وبەدرێژایی ساڵیش بەفری پێوەیە . لە رۆژئاوا ـ شەوە لەگەڵ هۆزی مامەش هاوسنوورن ،کەئەو ناوچەیە شانۆی شەرە . سنووری نێوان ئێران و تورکیایە .
مەنگوڕەکان بەدیالێکتێکی کوردی دەدوێن ، کەلەشێوەی موکری یەوە زۆر نیزیکە لەسەرزاریش رەوانە و ئاوازێکی خۆشی هەیە و بە چاکیش خۆی لەکارتێکردنی زمانی تورکی و عەرەبی پاراستووە .هەندێ وشەیان هەیە ،ئاوازەکەی لەئەرمەنی دەچێ ، هەر لەسەر ئەم بناغەیەشە ، ئەرمەنیەکان مەنگوڕەکان بە خزمی خۆ دادەنێن گوایە لە زمانی کۆندا مەنگوڕەکان بەرزاییەکانی ئەرمنییان بەجێ هێشتووە .لەم شوێنانەی ئێستایان سەقامگیر بوون . ئەم قسەیە خەیاڵ پڵاوە و ناتوانرێ بە هیچ کلوجێک بسەلمێنرێ .بەڵام مەنگوڕە-کان خۆیان لەو بروایە دان کە بە رەگەز دەچنەوە سەر رۆستەم کە فیردەوسی لە شانامەکەی باسی کردووە . ئەمەش هەر جۆرێکە لە ئەفسانە .
پێش نزیکەی ٧٠ ساڵێک مەنگوڕەکان تەنیا یەک هۆز بوون وتەنیا یەک کادەرویش (سەرەک هۆز) سەرکردایەتی دەکردن ،ئەویش باپیرئاغا بوو . ئەمە (٢١)کوڕی هەبوو هەر لە سەردەمی ژیانی خۆیدا ئەو گوندانەی لەژێر دەسەڵاتیا بوو بەسەر کوڕەکانیا دابەشی کردن . ئەمڕۆش مەنگوڕ بەسەر (٢١) تیرەدا دابەشکراوە . هەر تیرەیەکیش کادەروێشی یەک سەرکردایەتی دەکا .ئەوەی سەرۆکی هەموو هۆزەکە دەستی بە سەر هەر (٢١) کادەروێشی یەکەدا دەڕوا ، ناونیشانی مەزنی پێ دەبرێ .حکوومەتی ئێران باج وسەرانەی خۆی تەنیا لەو (٢١) کادەروێشی یە وەردەگرێ ،ئیدی هیچ کاری بەسەر ئەوەوە نەداوە کێ هەژارە و کێ دەوڵەمەندە ، دەبێ هەموویان پارەیەکی دیاری کراو رەوانە بکەن .
هەر لەزەمانەی بنەماڵەی سەفەوی یەکانەوە مەنگوڕەکان کەم گیر و گرفتیان بۆ حکوومەتی ئێران نەناوەتەوە . بەهێزی چەک نەیان توانی سەربەم هۆزە دانەوێنن ، چونکە زۆر لاواز بوون ، بۆیە ویستیان بەفێڵ وتەڵەکەبازی بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن . بۆئەوەی بەچاکیش لەم شێوازە بەکارهێنراوە تێ بگەین من حەز دەکەم مێژووی ئەم هۆزە لەساڵانی سەدەی نۆزدەهەمدا بگێڕمەوە
لەسەرەتای سەدەی ١٩ دا ئەحمەدخان لە عەشیرەتی موقەددەم (مقدم) بوو، کە عەشیرەتێکی تورکە ، بەناوی حکوومەتی ئێرانەوە باوکی باپیرئاغای بۆ زەماوەند دەعوەتکرد . ئەویش بەخۆی وخزمو کەس وکاروسوارەکا - نیەوە بۆمەراغە (نیزیکی دەریاچەی ورمێ یە) هاتن .
سەرەک هۆزی مەنگوڕ لە کاتی دیاری کراودا گەیشتە جێ ،لەگەڵ نێزیکەی (٢٠٠) سوارێکدا ئەوانیش بە شێوەیەکی زۆر گەرم بە ئاهەنگەوە پێشوازی یان لێ کردن و لەناوکۆمەڵەماڵێکی خۆیاندا جێگا و رێگایان بۆ ساز کردن .
کەشەوداهات مەنگوڕەکان لەهەموو لایەکەوە پەلامار دران،سەرەک هۆز وبەشێکی زۆر لە هاوەڵەکانی دەست بەجێ کوژران . تەنیا چەند کەسێک توانیان لەو قەسابخانە خوێناوی یەخۆیان دەرباز بکەن و دەنگ و باسەکە بگەیننە ماڵەوە . مەنگوڕەکان لەوتوانایەدا نەبوون ئەو دەمە تۆڵەی کوژراوەکانیان بکەنەوە ، هەرچەند ئەمەش ئاواتی گەورەیان بوو .ئیدی هەمزە ئاغای کوڕی باپیرئاغا ئەوەی لێ رادەبینرا تۆڵەی خوێنی باپیرە گەورەی بکاتەوە . ئەو دەستی بە

پیوەندی بەستن بە شێخ عبیداللّەی بەناوبانگەوە کرد ولەپلانەکەیدا هێرش کردنەسەر رژیمی ئێرانی بە گرنگترین شت دەزانی . لە ساڵی ١٨٨٠ دا شان بەشانی کورەکەی شێخ عبیداللّە ،، عەبدولقادر (ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە لە ئەستەمبووڵ) شەریان دژی رژیمی ئێران بەرپا کرد ئامانجی هەردووکیان ئەوە بوو ئێران داگیر بکەن و سەید عەبدولقادر ببێتە شای ئێران . بە شێوەیەکی درندانەی بێ وێنە ، مەنگورەکان دایان بەسەر هەریمی ئازەربایجاندا ، هەرچییان وەگیر کەوت تالآنیان کرد و هەر کەسێکیشیان وەبەر دەست کەوت کوشتیان . لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ، میاندوئاوو بناویان کەوتە دەست وهۆزە تورکەکانی ئەو ناوەیان پەرتەوازە کرد. ئەمە تۆڵەیەکی درەنگی بێ بەزەیی یانەبوو رژیمی ئێران رووبەرووی هەستانەوەیەک بوو کە لەو پەشێوی یەی ئەفغانستان دەچوو لە سەردەمی سەفەوی یەکاندا .ناسرەددین شا ،بەزووترین کات هەرچی هێزی بۆ دەخرایەگەر، بۆ قەلاچۆکردنی کوردەکانی بەرێ کرد . بەلآم ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی ئێرانی ـ یەکان رزگاربن ، بەڵکوو ئەو پەشێوی یەی لە بەرەی کوردەکاندا سەری هەڵدابوو بەهۆی تێک شکانی کوردەکان هەمزەئاغا ناچار بوو بۆ شاخەکان بکشێتەوە .

بەبێ ئەوەی نەخشەکانی خۆی جێ بەجێ بکا . پاش تێپەربوونی ساڵێک ، ئەمیر نیزامی گەرووسی حاکمی سابلاخ ،کەپێشتر نوێنەری ئێران بوو لە پاریس و هەندێ پایتەختی تری ئوروپا ، بەدووی سەرۆک هۆزی مەنگوردا رایسپارد بۆ ئەوەی پەیمانی ئاشتی لەگەڵیا ببەستێ. حاکمی ساباڵخ بە قورئان سوێندی بۆخوارد ، کە موویەک لە پێستی هەمزەئاغا نابێ خوار ببێتەوە،تا ئەو رۆژەی ئەمیرنیزام بەسەر رووی زەمینەوە دەبێ وتا گیان لە جەستەیدا دەبێ وبەسەر سنگی خۆیدا دەکێشێ (بە بۆچوونی رۆژهەلاتانە ئەمە جێگای گیانە) بەلآم ئەمیر نیزام بۆئەوەی سوێندەکەی نەکەوێ چولەکەیەکی لەبن پالتۆکەی قایم کردبوو پاش ئەوەی هەمزەئاغا هیور بووە ،ئەویش لەلای خۆیەوە سوێندی بۆخوارد ، کەئاشتی بپارێزێ ،ئەمیر نیزام ئەو چۆلەکەیەی کوشت کەسوێندی درۆی پێ خواردبوو .بریاریشی دەرکرد هێرشی بکرێتە سەر رەشماڵی سەرەک هۆز و هاوەڵەکانی و هەموویان لە ناو بەرن ،هەرواش بوو. سەری هەمزەئاغایان بەدیاری بۆ شا رەوانەی تاران کرد بەلآم لە کوردستاندا بیرەوەری ئەم پالەوانە هەر زیندووە. ئەم چارەنووسە جەرگ برەش لە لایەن زۆر گۆرانی بێژەوە کراوەتە گۆرانی ."بەیتی هەمزە ئاغا" مووچرکەیەکی قایم بەدلی هەموو کوردێکدا دەهێنێ. ئەمرو بایز ئاغا سەرەک هۆزی هەموو مەنگورە لەشەرە سنووری نێوان ئێران وتورکیادا ، بە لای تورکەکاندا دایشکاند و ناونیشانی پاشای وەرگرت .

مەنگورەکان تا رۆژی ئەمرو بەکۆچەری ماونەتەوە و بەبەردەوامیش لە چوار چێوەی سنووری ناوچەکەیاندا گەرمێن وکوێستان دەکەن .

زستانان لە گوندەکاندا بەسەر دەبەن. کە بریتین لە کۆمەڵە کوختێکی تارێک وپیک ،لەهاوینیشدا لەو تاولانەدا دەژین کە لەنێوان ئەو کێوانەی لوواکەکانیان بەفر دایپۆشیوە ،هەڵدراون . هەر لەویش لەورگای پان و پاراویان بۆمەرومالاتەکانیان دەست دەکەوێ.

دریژەی هەیە

کێلە شین

ع. سەعدی

کێل بەمانای بەردێکی داتاشراوی لێک ولووس کراوە کەلە سەرینگەی دەیچەقێنن و چونکە ڕەنگی ئەم بەردە مێژوویی یە شینباوە (کێلە شین)ی پێ دەڵێن .

لەسەر یالێ ئەوکێوە کە شنۆ و ڕەواندز لەیەک جیا دەکاتەوە تەختە بەردێک بە قیتی چەقماوە کە بەرزایی یەکەی یەک میتر و یازدە سانت ،پانایی یەکەی حەفتا سانت وئەستوورایی-یەکەشی سی وسێ سانتی میترە (۱) وکەوتۆتە سەر خەتی سنووری ئێران وعێراق. ناوی ئەو بەردەکێلەشینە .

هەر لەنزیکی ئەوێ لەخاکی ئێراندا کێوێک هەیە بە نێوی کێلەشین بە بڵیندایی ۲۱۸۰ میتر کە ناوی بەردە شینباوەکەی بەسەردا بڕاوە .

ئەم تەختە بەردە هەر دوو دیوی نووسراوی لەسەر هەڵکەنراوە دیوێکی بە زمانی "ئۆرارتوویی" یە و دیوەکەی تریشی بە زمانی "ئاشووری" وشێوەخەتەکەشی میخی یە .

ئەو بەردە لە ۸۱۴ی پێش میلاد بەفەرمانی "تیشوونی" پادشای "ئورارتۆ" (۱) لەو شوێنە ڕۆنراوە . لایەکی بەردەکە نزا و پارانەوەیە لە "خێو"ی شاری"خالدی" (۲)، و دیوەکەی تری باسی ڕووداوێکی جەنگی دەگێڕ— ێتەوە

گێرانەوەی هەندێک ڕووداوی سەیر کە لە توێژینەوەی کێلەشیندا ڕوویداوە جگە لەوە کە سەرنج ڕاکێشە زۆر شتی تریشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەیەکێک لەوانە دەرخستنی وەدەستهێنانی ڕووحی کارو کۆشش و ماندوو بوونی زانایان وپسپۆرانی دەرەوەیە .

لەمێژ ساڵ بوو ئەم بەردە بە پاڵی کێلەشینەوە ڕاوەستابوو وکەس نەیدەزانی ڕۆژێک ناوبانگی بەجیهاندا بڵاو دەبێتەوە .

"شۆڵتس" کۆنینە ناسی مەشهووری ئەڵمانی بۆ یادگاری پێشینیان و ناساندنی شوێنەواری ئەوان بڕیاری گەڕان و پشکنینی شاخ و کێوو دۆڵی وڵاتە دوورەکانی دا .

"شۆڵتس" لەبەشێکی



وێرای سپاس لە: سمکۆ ئەییووبیان کە
وێنەی کێلەشینی بۆ ناردووین

سەفەرەکەیدا تووشی ئەم کێلە هات و بۆ هەوەڵ جار ناوی بەگوێی خەڵکی دنیا گەیاند. ئەمجار کەوتە توێژینەوە و قالب هەڵگرتنەوە بەڵام بەر لەوەی بتوانێ بەرهەمی کار و تێکۆشانی خۆی وەکوو راپۆرتێکی زانستی بڵاو کاتەوە هەرلەو مەڵبەندە کوژرا وشتەکانی بەتالان چوو! هەرچی لەسەر مێژووی ئەم بەردەش وەدەستی کەوتبوو لەگەڵ شتەکانی تێداچوو.

ساڵ بە دوای ساڵدا دەهات و دەرۆیشت، ئەمکێلە هەروا کپ و بێ دەنگ وێستاو لەمەترسی سوان و لەنێو چووندا بوو، تاکوو پاش ماوەیەکی زۆر "ژێنراڵ راولینسۆن" (۴) موحدقیقی بەناوبانگی بیستوون دوای چەند جار سەفەر بۆ ئێران تووشی ئەم کێلە هات ودوای نووسینەوەی دەقی نووسراوی بەردەکە، بەرهەمی کاری خۆی نایە بەردەستی زانایان و پسپۆرانی ئەم عیلمە.

لە ساڵی ۱۶۵۲ کۆنینە ناسێکی تر بەناوی "خانیکۆف (۵) توانی قالبێکی تری لێ هەڵگرێتەوە.

تائێرە سەرکەوتنێکی زۆر وەدەست کەوتبوو و کەم و زۆر ناسرابوو. و لەم بەینەدا ئەوەی زۆر جێگای ئومێدەواری بوو قالبگیری - یەکی "خانیکۆف" بوو کە واوێدەچوو بە هۆی ئەم قالبەوە شەقڵی سەر ئەو رازە بشکێ و ئاشکرا بێ. بەڵام سەیر ئەوەیە کەقالبی دووهەمیش بەدەردی پێشوو چوو و فەوتا!

لە ساڵی ۱۸۵۸ "بڵاو" کۆلێکسیۆنێکی لە چەند لەتکی ئەم کێلە پێک هێنا کە لە هات و چۆدا ئەو کۆلێکسیۆنەش نەما!.

لە ۱۸۵۸ەوە تا ۱۸۹۰ بە ماوەی سی ودوو ساڵ کەس

۱) میرزا سید جعفر خانی مهندس باشی (مشیر الدوله) لە ریسالەی "تحقیقات سرحدیه" دادەڵێ: "کێلەشین بەردێکی یەکپارچەی شەش پاڵوویە بەبڵندایی نزیکەی دوو زەرعو ئەستوورایی سێ چارەک کەلەسەر ئەم بەردە بەردێکی شەش پاڵووی تر قایم کراوە و لەدوندی کێوی نێوان (سیاه کوه وگردنه پشت خرینه) بەتایبەتی چەقێنراوە.

۲) بەروایەتێکی تر لە ۸۲۵ی پێش زایین بەفەرمانی "منواش".

۳) خالدی (= هالدیە، هالدیا) هەندێک لە توێژەرانی نوێ رایان وایە کە وشەی" کورد "هەمان "خالدی"یە و گۆڕاوە. لەسەدەی نۆهەمی پێش زایین لە مەڵبەندی "وان" دەوڵەتێک پێک هات بەناوی هالدیا (=خالدیە) کەئاشوورییەکان "ئورارتۆ" و "ئوراشطو"یان پێ دەگوت وبە عیبریش "آرارات"یان ناو دەبرد. یۆنانیەکانیش بە **"الارودی" و "خالدوی" و "خالدایوی"**یان دەناسی. ئەم دەوڵەتە تاکو سەدەی شەشی پێش زایین بەردەوام بوو. دوای ئەوەی کەهەرمەنیەکان پەیدا بوون خالدیەکان بڵاوبونەوە ولە کوێستانەکان خزان (کوروپدی، گزنفون، بەرگی سێهەم، بەشی ۳-۱).

لەباکوری گۆلی "وان (شوێنەواری ئەم قەومە بەجی ماوە ولەنزیکی" طرابوزان) یشالە سەردەمی دەوڵەتی بیزانس داشوێنێک بەناوی "خالدیا" بوە کەشاری" خلاط (اخلاط) هەرلە ناوی ئەوشارە هاتوە. تەنانەت لەلای قەفقازیش ناوی ئەم قەومە ماوە ویەکێک لە خێڵەکانی کەڵوڕی کرماشانیش ئیستا خالدی ناوە (کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او. رشید یاسمی).

۴) سرهانری راولینسون (۱۸۱۰-۱۸۹۵ از) رۆژهەڵاتناس وباستاناسی ئنگلیسی کەبەتایبەت لە ئاشوور ناسی دا بەناوبانگە.

۵) خانیکۆف (۱۸۲۲-۱۸۷۸ از) لەرۆژهەڵاتناسانی سۆڤیەت کە لەساڵی ۱۸۵۷ تاکو ۱۸۵۹ بەماوەی دووساڵ بۆبازدید وتحقیق هاتە ئێران. یەکێک لەشوێنەوارەکانی وی "وصف مملکت بخارا" یە.

۶) ژاک ماری دمۆرگان (۱۸۵۷-۱۹۲۴ از) موهەندیسی مەعدەن وباستانشناسی فەرانسە، بۆ ماوەیەکی زۆر سەروکی کوری دوزینەوە وباستانشناسی فەرانسەوییەکان بووە لەئێران ومیسر (اسنل حمورابی) بەهۆی ئەو دیتراوە وبەری کرابو موزەی "لوور" گرنگترین شوێنەوارەکانی ئەمانەن: "ازشوش تالوور" تمدنهای نخستین"، "بشرماقبل تاریخ" "ورسالەدرسکە شناسی ایران"، "مشرق زمین درماقبل تاریخ"

۷) متعدی تعمیرات موزە مردمشنایی نزکادرو

۸)

۹) رەشیدی یاسەمی (۱۲۷۴-۱۳۲۸ هـ) نووسەر، وەرگێر شاعیرو مامۆستای کورد کەبەزمانەکانی ئنگلیسی فەرانسە، عەرەبی، وپەهلەوی شارەزایی بوو. دوو نموونە لە شوێنەوارەکانی ئەوانەن: "ترجمە آلبرماڵە دیوانی شیعر".

تخونی ئەم بەردە نەبوو بەڵام تازە ناوی هاتبووە سەر زاران وئاخری مەردێکی تر پەیدا دەبوو کە بێتە مەیدانەوە .تاکوو"دێمۆرگان" (۶) کۆنینەناسی مەشهووری فەرانسەوی بڕیاری دا ئەو لەتکە بەردە بداتە پاڵ مێژوو وبەمجۆرە بپارێزرێ تا ئەو زەمانە هێشتا قالبگیری یەکی تەواو لە کێلەشین پێک نەهاتبوو ، پایزی ۱۸۹۰"دێمۆرگان"هاتە ئازەربایجان ، لەوێوە لەگەڵ بەڵەدێک کەهەڵبەت پارێزەری گیانیشی بوو (۱) روویان کردە کێلەشین . کە گەیشتنێ سەبارەت بە نائەمین بوونی مەڵبەندەکە ماوەی دوو سەعات نوسخە ـ بەرداری کرد و بەرەو نیشتمانی خۆی گەڕاوە .

لە داهاتوودا "هاهربرت" (۷) لەسەر داوای شەخسی دێمۆرگان لە رووی **(ئیستا میاژەکانی)** ئەم کێلە قالبگیری کرد و بەو جۆرە بۆ هەوەڵین جار قالبێکی ساغ و تەواو لەم کێلە پێک هات .

دەقی تەواوی نووسراوەکە لە لایەن "مۆرگان"ەوە درا بە پڕشیل "ئاشوورناسی بەناوبانگ . هەروەها وەرگێراوەی ئەم بەردە نووسەش لە گۆوارێکی فەرانسەویدا چاپکرا . نووسراوی سەر بەردەکە لە ۴۲ دێڕ پێک هاتووە و بەشێکی ئاوا دەڵێ :

" لە لایەن"مهرکپووسی " و" ئیشپۆنین منوای کوڕی " کە هەر کەسێک پادشای وڵاتی توشیا بوونە پێشکەش بە هاڵدیە خاوەندی شاری مۆزازیراکرا ."

هێشتا مەعلووم نەبووە کە شاری توشیا لەکوێ بووە. نووسراوەکانی سەرئەمبەردە سپاس و ستایشی پادشاهانی " هاڵدیە"یە کە بۆسلامەتی مندالڕوودەکەنە دەرگای خاوەندی مۆزازیروقوربانی بۆ دەکەن .پاشان داب و رەسم ونەریتی ئایینیخۆیان بەجێ دێنن وبۆ راگەیاندنی نزا و پارانەوەی خۆیان بە خاوەندی شاری مۆزازیر ئەم کێلە لەسەر یاڵی کێو دەچەقێنن .

ئەوە بوو کورتەمێژووی ئەو کێلە کە سی (۳۰) هەنگاو لە سنووری عێراق دوورە و یادگاری سێ هەزار ساڵ لەمەوبەرە و کێلەشینی پێ دەڵێن .

خوالێخوشبوو " رەشید یاسەمی" (۹) لە تاریخەکەی خۆیدا بەناوی"کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او" لە بارەی ئەم کێلەوە ئاوا دەدوێ :

" پاشی ئەوەی کەشۆڕشە ـکانی ناوخۆی ئاشوور دوایی بە پادشایەتی **شەلمەنسەر** هێنا ، خەڵکی مەنبەندی زاگرۆسلە ژێر رکێفهاتنەدەر و لە سەر پێی خۆیان راوەستان ، جگە لە مەڵبەندەکانی"پارسوا " لە رۆژئاوای گۆلی ورمێ کە نەیتوانی سەربەخۆیی بە دەست بێنێ چونکەدەوڵەتێکی نوێ بەناوی "هاڵدیا"خالدی لە لای ئەرمەنستان پەیدا بوو و دەستی بە سەر ئەم ناوچەیە داگرت .

پادشای خالدی بەردێکی داتاشی و لەسەریاڵی کێلە شین (جنووبی رۆژ ئاوای گۆلی ورمێ ،نیزیک سنوور) چەقاندی کە ئێستاش ماوە.

سەرچاوەکان :

۱ ـ جغرافیای غرب ایران ژاک دمورگان ـترجمەکاظم ودیعی ـ تبریز ـ۱۳۳۹.

۲ ـ کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او . رشیدیاسمی .

۳ ـ رسالە تحقیقات سرحدیە ـمیرزا سیدجعفرخان مهندس باشی ، ملقب بە مشیرالدولە ـ باهتمام محمد مشیری ـبنیاد فرهنگ ایران ازسری منابع تاریخی و جغرافیای ایران شمارە ۲۴ ـ شمارە ۷۷ .

۴ ـ فهرست بناهای تاریخی واماکن باستانی ایران

۵ ـ روزنامەکیهان شمارە ۶۹۷۶ دوازهم آبانماه ۱۳۴۵

پەز و بەر ٢

پەرویز جیهانی



ڕەنگی مەڕ

١- قەرقاش (سپی) : بەومەڕە قەرقاش دەگۆترێ کەتەواوی لەشی سپی بێ وبرێک لە لووت ودەم وچاو ولاقی ڕەش بێ .

٢- ڕەش (قەر) : بەومەڕە دەگوترێ کە تەواوی لەشی ڕەش بێ .

٣- کەو : ئەومەڕەیە کەڕەنگەکەی کەو وشینە .

٤- سوور (سۆر) : ئەومەڕەیە کەڕەنگەکەی سووربێ .

٥- بەلەک : ئەومەڕەیە کەپێستی بەلەکە مەری بەلەک سێ جورە : ڕەش (قەر) بەلەک ، سووربەلەک کەوبەلەک (شین بەلەک)

٦- تەبەش : ئەومەڕەیە کەتەواوی لەشی سپی بی ودەم وچاووگویی ڕەش بی . جارێ وایە کە خەتیکی سپی بەنیۆچاواندا هاتووە .

٧- سوورتەبەش : ئەو مەڕەش وەک مەڕی تەبەشە ، بەلام لەجیاتی ڕەش ڕەنگی دەموچاو وگویی سوورە .

٨- ڕسەر : بەومەڕە دەگوترێ کەتەواوێ دەم وچاووسەروگوی وبرێکیش لەئەستوی قاوەیی یا خۆلەمیشی بێ .

٩- قۆتشان : مەڕیکی سپی یە کەخال یانیشانێکی ڕەش یاسوور یاشین لەسەرتەوقی سەریەتی .

١٠- سەرسوور : ئەومەڕەیە کە سەرودەمو چاووگویچکەی تەواو سووربێ .

١١- سەرکەو (سەرشین) : بەومەرە دەگوترێ کەدەم وچاووسەری کەویاشین بێ ، بەوجورە مەڕانە "کەوی‌سەر"یش دەلێن .

١٢- سیس : ئەومەرەیە کەتەواوی لەشی و دەم وچاوی سپی ومژۆلی ئال یازەرد یاسپی بێ .

١٣- بەش : بەومەرە دەلێن کەتەواوی لەشی رەش ، سووریاکەوبێ وتەنیا نێوچاوانی سپی بێ. مەری بەش سێ جوورە :رەش بەش، سوور بەش کەوبەش (شین بەش) .

١٤- تالەئەومەڕەیەکە دەموچاووگوێی و سەری قاوەیییاسوورە . لەهێندێک جێ بەومەڕە "سەرقمەر"یش دەلێن، ئەومەڕە وەک بزنی همبز دەچێ.

١٥- چاوسوور : ئەومەڕەیە کەتەواوی لەشی سپی بێ ودەوروبەری چاوەکەی سووربێ.

١٦- چاورەش :ئەومەڕەیە کەدەوروبەری چاوی رەش ولەشی سپی بێ.

١٧- چاوشین (چاوکەو) : مەڕیکەکەتەواوی لەشی سپییە ، تەنیا دەوروبەری چاوی شینە .

١٨- شین (هشن) : مەریکە کەلەشی سپی یە دەم وچاوی خال خالی شینی لییە وەک بزنی پوش دەچی . ئەومەرەن سی جوورە : شینی چاورەن ،شینی چاوسوور ،شینی چاوقمەر .

١٩- ویس : مەڕیکی سپی یەسەری شینی کراوەیە .

٢٠- غەمر : مەڕیکە کەسەری قاوەیی یە .

٢١- تەو :مەریکە کەسەرودەم وچاوی خال خالی سوور ورەش وشین تێکەلاوە .

٢٢- ئوستوگولی (بەرگولینگ) مەڕیکە کە یەک یادوو مەنگوو لەیاگولینگی گوشتی لەئەستۆی دایەزوریش جوانە وەک ملوانکە دەچێ .

٢٣- ناومل گۆل: مەڕیکی سپی یە کەلەسەر شانی تەقالێکی رەش ، سووریا شین هەیە .

٢٤- رسەرشین : مەڕیکی سپی یە سەری تائەستۆی شینە .

٢٥- سەرڕەش :مەڕیکی سپی یە کەدەموچاوو ئەستوی رەشە .

٢٦- کەژ : مەریکەکەسەرودەموچاوی سووریان سووری کراوە وزەردە

چونەتی گوێی مەڕ:

١- کەڕ (کەڕە) : ئەومەڕەیە کەگوێی زور ، چووک بێ وپێوەی دیارنەبێ .

٢- کوڕ : مەڕیکە کە گوێی کورتە وەکوو بادام دەچێ، بۆیە لەبریک ناوچاندا بەو جوورە مەڕە "گوی بادام"یش دەلێن.

٣- بەل (گوی قامچی) مەڕیکە کە گوێی درێژە وهەردوولای گوێی وادیارە کەپێکەوە لکاون وەکوو خیارچەنبەر دەچێ مەڕی بەل لەرووی رەنگیشە وەدابەش دەکرێ، وەک :بەلە بۆز ، بەلەسوور ، بەلەبەش و .....

٤- گوی کەوچی (گوی کەوچک) : مەڕیکە کە گوێی وەک کەوچکی دارینە ، زوربەی مەڕەکان گوی یان وان .

٥- حەمدان (هەرکی) : گوی ئەومەڕە زۆر، درێژوپانە ،چون زوربەی هۆزی هەرکی ئەوجورە مەڕانە بەخێو دەکەن، بۆیە بەوجورەمەڕەمەڕی هەرکیش دەبێژن . مەڕی هەرکی یاحەمدان دەبێ زستانان لەجێی گەرم واتە ئاران وگەر ـ میانان‌دا بەخێو بکرێ . چون گوی زۆردرێژە لەکاتی ئاو خواردنەوەدا گوی دەکەوێتە نێو ئاو . جائەگەر ئاو زۆر ساردبێ وهەواش هەروا ئەو مەڕە بەهۆی گوی یەوە تووشی سەرمادەبی ودەمرێ .

چۆنەتی خوری مەڕ:

مەڕ لەباری چۆنەتی خوری یەکەی دابەش دەکرێ، وەک : مەڕی شەنگ ،بسکین، رووتەنگ یارووتەلەو ....

١- شەنگ : مەڕیکە کەخوری یەکەی درێژو جوانە ، بەومەڕە مەڕی " کەژ"یش دەلێن.

٢- بسکین . ئەومەڕەیە کەخوری یەکەی هەم زورە وهەمیش درێژە .

٣- رووتەلە :مەڕیکەکەخوری یەکەی زۆرکەم وکورتە ، لەدوورەوە وادەنوێنێ کەخوری پێوە نیە . بەومەڕە "رووتەنگ" ، " رووتەلە"و "رووتەک"یش دەلێن .

٤- هڕک (پوڕک) : مەڕیکە کەهێندێک خوری وەک قژلەسەرسەریەتی کە " پۆپن "

پێدەلێن،زوریش جوانە .

لەکوردی ژووروو بەخوری، **"هری"**بەبەرگنیش **"لوا "**یا **"لبا "** دەبێژن .

رەنگی بزن

١- رەش : بزنێکە کەتەواوی لەشی رەشە بەوجورەبزنانە "گوردەرەش"یش دەلێن.

٢- سوور : تەواوی لەشی سوورە .

٣- کەوەر(کەور) : تەواوی لەشی سپی یە .

٤- شین : تەواوی لەشی شینە

٥- بەلەک : بزنێکە کەپێستی بەلەکە



بەلەکیش سێ جوورە : رەش بەلەک ، سووربەلەک شین بەلەک .

٦- چوور: بزنێکە کەلەشی سووری کەم رەنگە

٧- موور:بزنی کەرەنگەکەی سووری خەنەیی بێ لەکوردستانی ژووروودا "موور"ی پێدەلێن بەلام لەکوردستانی خواروودا "موور"بەبزنێک دەلین کە گویچکەی کورت بێ وەک مەڕی کوڕ .

٨- قەشان (چال) بزنێکە کەنێوچاوانی سپی یە .

٩- حەمس (همبز،مس): بزنێکە کە رەنگی گوی وبرێک لەسەرودەم وچاوی دەگەل دەوروبەری کلک ولاقی تائەژنۆسوور یا قاوەیی بێ .

١٠- پۆش: بزنێکە کەدەم وچاووگویی خال خالی شین وبۆزە .

١١- بەلەبۆز : ئەوبزنەیە کەگوی باریک و رەنگی بۆزە . مەڕی بەلەبۆزیش هەیە .

چۆنەتی گویی بزن

١- کر : بزنیکە کەگویی زۆر کورتە

٢- مووچ(موور) :بزنێکە کەگویی بریسک، لەگویی بزنی کر گەورەترودریژترەوەک گویی مەڕی کوڕ

٣- بەل : بزنێکە کەگوی گەورەیە وەک مەڕی بەل وگوی کەوچی .

٤- حەمدان : بزنێکە کەگوی زۆرگەورەو پان ودریژە وەک مەری هەرکی .

چۆنەتی شاخی مەڕوبزن :

پەزیا مەڕی نێر زۆربەیان شاخ یا "ئسترۆ" -یان هەیە . بەپێچەوانە مەڕی مێ یا مێ زوربەیان بێ شاخن . بەمەڕی شاخدار دەلێن **"کەل"**مەری بێ شاخیش " **کۆل**"ە .

مەڕی چوارشاخیش هەیە ولەنێو هەرمیگەل وکەری یەک داچەند مەڕی چوارشاخیش بەرچاودەکەوی .

مەڕی کەشاخەکەی زۆر کورت وچکولەبێ مەڕی " **دەندە**"پێدەلێن .

مەڕێک کەشاخەکەی پێچاوپێچ بێ وسەری شاخەکەی وک ئالقەبێ، مەڕی**"شاخ گوستیل"** واتە شاخ ئەنگوستیلەی پێدەلێن .

بزنیش شاخ وبێ شاخی هەیە ،بەبزنی بێ شاخ **"کۆچ"** دەلین ئەگەرشاخی بزن راست وبلیندو شووش بن، پێدەلین بزنی**"قولووچ"** ئەگەر شاخەکەی بۆپشتەوە خواربێ بزنی**"شاخ کودەل "** یا **"پێلە"**ی پێدەلێن .

مووی بزن :

بزن لەباری چۆنەتی موویە وەدووجورە :

بزنی موو ، بزنی مەرەز .

بزنی موو بزنیکە کەتەواوی لەشی موویە ولەژێر مووش دا وردە کولکەی زۆرنەرمونۆلی هەیە کەبە" **کووروو**" یا " **تفتیک** " بە ناووبانگە .

بزنی مەرەز بزنێکە کەتەواوی مووی لەشی نەرمە وەک کووروو دەچێ ئەوبزنە بە **بزنی ئەنقەرە** (ئانکارا) بەناووبانگە .



تەنزی کۆمەڵایەتی

قازوٚ ٧

بەشی یەکەم



قازی ئەحمەد

لە تاریک و روونی بەربەیاندا ئەوکاتەی کە خەو لە هەمیشە شیرین وزوڵاڵ ترەو ئادەمیزاد نایەوێ بە هیچ جۆرێک لەوکاتەدا دەس لە خەو هەڵگرێ وتەنانەت ئەگەر بە زۆریش وەخەبەری بێنن دەیەوێ دیسان بگەڕێتەوە ناو جێگا و بانەکەی وکەمێکی تریش بخەوێ ، دەنگێکی بە سام ڕای پەڕاندم . " هەستە ماڵ کاول ! هەستە تاکەی خۆت مات دەکەی ! ؟ خەڵکی گەڕەک هەموویان لە ماڵ چوونەتە دەرەوە ! هەر تۆی بێ خەیاڵ وبێ فکر لەجێگادا ماوی ! "

بۆ لەحزەیەک وام لێک داوە کە بێ گومان بوومەلەرزە و سووتمان رووی داوە! ئەگینا لەو بەربەیانەدا خەڵکی گەڕەک بۆ ماڵیان بەجێ هێشتووە وچوونە دەرەوە! چاوم هەڵکوشین وبە لاڵەپەتەوە پرسیم "ها ! چی بووە؟ چ قەوماوە ! دیسان فڕۆکە هاتوون بوومەلەرزەیە چی یە ؟..."

ژنەکەم هەر وەک یەکەمجار بۆڵژنی هات :" شێت بووی ! خەونت دیوە ،ئەسپەک لەسەری داوی ؟ بوومەلەرزەی چی ؟ ئەمرۆ هێلکە دەدەن، هێلکە! عالەم بۆ هێلکەی دەرکەوتوون

پشووم هاتەوە بەرخۆ وبە دەم باوێشکەوە گوتم " ماڵە بابت بەقور گیرێ،نیوەعەمرت کردم ، لەمن وایە دنیا وێران بووە . هێلکەم ناوێ ، لێم گەرێ کەمێکی تر بخەوم بوخۆت دەزانی شەو تا درەنگانێک نەخەوتووم ؛"

ژن قسەکەمی بڕی و بە دەنگێکی بەرزتر بەسەری دا گوڕاندم"هێلکەت ناوێ ! ئەی ئەم خێزانە بەچی بەڕێ بچێ ؟ هەستە برۆ نێو سەفەوە ! هەڵنەستی بەمەرقەدی شێخ سەتڵێکت ئاوی سارد لە پاڵ دەکەم ! "

وەبیر سەرگوزەشتی سوقڕات حەکیمی یونانی کەوتمەوە کە رۆژێک لە ماڵە خۆی باسی باران بارین و هۆیەکانی بە چەن قوتابی دەگوت لە نەکاو ژنەکەی بەسەری دا قیژاند وسەتڵێکی ئاو بەسەر داکرد. قوتابی ــ یەکان کە سەریان لەو کارە سوڕمابوو لە سوقڕاتیان پرسی "قوربان ئەم ژنەی تۆ بۆ وای کرد؟" سوقڕات لە وەڵامدا گوتی " ژنەکەم وەک هەور وایە ،لەپێشدا دەشریخێنێ وبە دووی شریخەدا دەبارێنێ! "

نازانم ژنەکەی سوقڕات چی لە مێردەکەی ویستبوو .

هەرچی بووبێ گومان ناکەم شەڕی ئەوان لە سەر هێلکە بووبێ! لەترسی ئەوەی بەو بەرەبەیانە ساردە بە دەردی سوقرات نەچم بەپەلە هەستام خۆم لەبەر کردەوە وبەخەوالّو - ییەوە منیش مالّم بەجێ هێشت ورۆیشتم دە سەفی هێلکەوە کە گەڕەکە مالّێک درێژ ببۆوە .

ئەو رۆژانە ولاتی ئێمە تووشی شەڕێکی داسەپاوەو دوژمنی خوێنخۆر ەبومبارانی شار و دێهات ، زۆربەی دانیشتوانی سنووری ئاوارە کردووە و زیانێکی زۆری بە ئابووری ولاتەکەمان گەیاندووە لە هەل ومەرجی وادا کەدەبێ هەموو چەشنە ئیمکانێک بۆ دیفاع لە سەربەخۆیی ولات دەکار بێنین و شەڕ هەتا تێکشکانی دوژمن درێژەی ببێ بێ گومان کەمایەسی خۆراک و کالای پێویست دێتە پێشێ وهاو ولاتی دەبێ پشوویان لەسەرەخۆ بێ .کاتێک بیرم لەو مەسەلە دەکردەوە سەرم هەلّبری بزانم کێ لەپێش هەموانەوەیە. بەلّێ دیسان وەک هەموو جارێک "سەحەرخانم" هەوەلّ کەس بووا تا ئێستا لە سەت سەفدا ڕاوەستابم کەمە .سەفی قەند و شەکر ، گۆشت ، سیغار ، نەوت وحەلەم قەلّەمی دیکە . لە هەموو سەفەێکدا یەکەم کەس هەمیشە سەحەرخانم بووە. ئەم خانمە بەڕێزە دراوسیمانە و خۆیەتی وکچێکی هەلّترشاوی لەخۆڕازی کەبەکەس ڕازی نابێ وشوو بەکەس ناکا و خەریکە پرچی سپی لە مالّە بابی بهونێتەوە !زۆرجار تێکۆشاوم هەرچۆنێک بێ لە سەفێکدا بکەومە پێش سەحەرخانم بەلاّم تا ئێستا سەرنەکەوتووم! لە درێژایی تەمەنمدا کەسی هێندە وریا وزیت و زرینگم نەدیوە. ئاگای لە هەموو شتێک هەیە. بەتایبەتی ئێستا کە شتوومەک بە کۆپین لەناو شاردا ئەبەشنەوە، سەحەرخانم ئاگاداری یەکی سەرسوڕهێنەری دەبارەی هەل ومەرجی ئابووری و کۆپین وبابەتی جۆراوجۆر و ئەوشتانەی کەبەکۆپین ئەدرێن بە خەلّک هەیە. چەن رۆژ لەمە - وبەر بە بەر مالّیاندا تێ پەر دەبووم ، لە بەر دەرگا ڕاوەستابوو .پاش سلاّو و ئەحوالّپرسی پرسیارم کرد :

"سەحەرخانم لەمێژە چمان بە کۆپین وەرنەگرتووە .ئێمە بێ خەبەرین یا جارێ چ نادەن هەر ئەوەندە وام گوت . وەک مەکینەی کامپیوتەر چاوی تێ بریم ودەستی پێکرد :

"لەزۆر جێگا شت دەدەن . لە گەڕەکی "قولّەقەبران" دووکانی مامبرایم بەکۆپینی ٢٤٨ برینج دەدەن. لەدووکانی رەسووەموز گەڕەکی "سێ ئاشان" بە کۆپینی ٨٦ مریشک دەدەن. بەکۆپینی ٢١١ لە گەڕەکی "سەربەرداش" قەند و شەکر دەبەشنەوە. سەری ٧٥٠ گرام. قەندەکەشیان کلّۆیە و زۆر ڕەقە. بە کۆپینی ژمارە ٧٦ لە گەڕەکی ئەرمەنیان ڕۆنی نەباتی دەدەن. سەری٤٥٠ گرام. بەشی چ دەکا؟ دوهێلکە و ڕۆن ئەوەندەی زیاتر دەوێ! لە گەڕەکی گومرک دووکانی بایزی عەولاّ ڕەش بە کۆپینی ١٤٦ سیغاری دەدەن! عەمرم نەمێنێ پار کۆپینێکی سیغارم سووتا .داوەشێم ئەو رۆژە چووبوومە حەمام هیچ چلّکنیش نەبووم! لەدووکانی میرزا سەلاحی بەزاز بە دەفتەرچە پارچە دەدەن. دوێنێ لە گەڕەکی خوّمان کەرەیان دەدا. سبەی لە گەڕەکی "مەجبوراوا" نەوت دەدەن ..."

سەرم سوڕمابوو ،چاوم زەق ببوونەوە و هەروا تێی هەلّدەڕوانیم. لە خۆوە پرسیم " ئەی بەکۆپینی ٢٥٦٩٢٦ چی دەدەن!؟"

پێموابوو پرسیارێکم کردووە کە هیچ جوابی نیە . بەلاّم بە زەردەخەنەیەکەوە وەلاّمی دامەوە :

"ئەم ژمارەیە هی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. وابزانم بەم ژمارەیە لە شاری موونیخ، شەقامی بێتهووین ، دووکانی یورگن ئیشتراوس لە چواری مارسی ١٩٤٦دا گۆشت بەرازیان دەدا بەخەلّک!"

لەوانە بوو رم بتەقی ومێشکم بلاّو بێ! لێ بڕامزوو

خۆم دەرباز کەم و هەڵێم کەچی سەحەر خانم ڕای گرتم و لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی :

"...دەزانی چیە ،مێژووی کۆپین زۆر کۆنە ودەگەڕێتەوە زەمانی یونانی قەدیم !"

ئەمجار پێم پێوەنا بەغاردان دوور کەوتمەوە و ئێستا کە ئەم چیرۆکە دەنووسم بۆم روون بۆتەوە کە ژنەکەی سوقراتیش بووەرگرتنی هێلکە ئاوی بەسەر مێردەکەی دا ڕشتووە !

نزیکەی مانگێک لە دابەشینەوەی هێلکە



تێپەڕیبوو. چەن ڕۆژێک بوو لەسەر یەک چرای شار دەکوژانەوە وکارەبا هەڵ دەبڕا .تاریکی وشەوەزەنگ باڵی بەسەر وڵات دەکێشا ، یەخچاڵ وفریزەر دەکوژانەوە وخەڵکی گەڕەک شەوانە بە شەم وچرای نەوتی ماڵیان رووناک دەکرد .

لەو ڕۆژانەدا بوو کە بەیانی پاشنان وچا خواردن لە کۆڵانی ئێمەدا بۆ بەهەرا وقریوە وزەنا زەنا . لە ماڵ دەرپەڕیم تا بزانم چ باسە و چ قەوماوە . دیسان "سەحەر خانم"ا دەبێ چ رووی دابێ ؟ بۆ دەگری ودەبارێنێ ؟ ئەم حەشامەتەی بۆ لە خۆی کۆ کردۆتەوە . نەکا خوای نەخواستە کۆپینێکی سووتابێ‌و مەسەلەن نەیزانیبێ سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە گەڕەکی"مەیدانی حەیوانان" بە فلان کۆپین شتیان داوە و ئەو نەچووە شتەکە وەرگرێ! وردە وردە ، چوومە خزمەتی گوتم :

" بەڵا دوورە ،سەحەرخانم چ قەوماوە؟ بۆچ وا دەکەی ؟

بە دەم گریانەوە وگوتی :


"جا دەتەویست چ بقەومێ کاک هەمەوەندا ئەی قوڕبە سەرم! ئەی ماڵ وێران خۆم ! ئەی خاکەسەرخۆم! قازەکەم ڕو ا ئەم بێ کارەبایی یە ، ئەم خامۆشی یە ماڵی وێران کردم. هەرچی گۆشتی لە فریزەردا بومان بۆگەن بووە. گۆشت بە دەرەک . قازەکە ! قازە قەلەوەکە !"

ساڵێک لەمەوبەر ڕاوکەر- ێکی خزمی چەن قازی کوشتبوو ویەکیشی بۆ سەحەر خانم ناردبوو. باشم لەبیرە کە قازەکەیان هێنا لە ماڵیان دانیشتبووم‌و باسی ڕووداوەکانی وڵاتمان دەکرد. بە وەژوور کەوتنی قاز قسەمان گۆڕا وکەوتینە سەر ئەو باسە کە گۆشت قاز چۆن خۆشە وچەن چەشنە خۆراکی لێ ساز دەکرێ . زۆرم ئیشتیا پەڕی بۆ سەر ئەو گۆشت قازە وبە ڕوودا ماڵاوی یەوە داوام لە سەحەر خانم کرد یان کوتێکم لە سینگ وڕانی بداتێ یان کە خۆراکی لێ ساز کرد بانگم بکا . لە بیرم نەچوتەوە کە فەرمووی :

" بەو زوانە نای خۆم. خۆت دەزانی گۆشت بەزەحمەت دەس دەکەوێ . جارێ لە فریزەردا هەڵی دەگرم و هەر کاتێ لێمان نا بەشی تۆش دەنێرم ."

درێژەی هەیە

شاعیرانی کورد



ئەهوەن

ح.سوبحانی

" ئەهـــوەن"

. لە کوردستان و لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ، سەدان شاعیر و نووسەر وئەدیبی پایە بەرز هەڵکەوتوون کە نەیانهێشتووە وەجاخی ئەدەبیاتی کوردی بەرە و کوێر بوونەوە بڕوا ، هەر کامەیان بە شێوەیەک و هونەرێک پەرەیان بە ئەدەبیاتی کوردی داوە و باخچەی ئەدەبیاتی کوردی یان بە گوڵی هەزار رەنگ و بۆنخۆش رازاندۆەتەوە ، یەک لەو شاعیرانەی کە لە مەڵبەندی سنەی هونەر پەروەردا هەڵکەوتووە ، مامۆستا (ئەهوەن) ە کە نیزیکەی سی ساڵە شیعر دەڵێ ، بەڵام سەدمخابن تا ئێستاوە کوو زۆربەی شاعیران و نووسەران وئەدیبانی کورد نەناسراوە.

. (ئەهوەن) ناوی موحەممەد ئینسافجوو ، کوڕی عەلی کەرەمی دەباغ ، کوڕی عەبدولڕەحمانی خەیات ، کوڕی عەبدولڕەحیم کوڕی قادر عەودەی خەڵکی گوندی رەزاوی هەورامانە . نیزیکەی دوو سەدوپەنجا ساڵ لەمەو بەر بنەماڵە یان لە گەڵ دەرەبەگەکانی هەوراماندا تێک چووە ومال و حالی خۆیان لە ئاوایی رەزاو بەجێ هێشتووە و هاتوونەتە شاری سنە و لێرەدا نیشتەجێ بوون .

. (ئەهوەن) ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە شاری سنەدا هاتۆتە دنیاوە . هەر بە منداڵی نێرراوەتە بەر خوێندن و دەستی بە خوێندنەوە و فێربوونی قوڕئانی پیرۆز کردووە ، کە لەخوێندنەوەی قوڕئان بووەتەوە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا تا پۆلی چوارەمی خوێندوە ، لەم کاتەدا باوکی کۆچی دوایی دەکا و موحەممەدیش بۆ ژیاندنی خێزانی بە ناچار واز لە خوێندن دێنێ و دەس بە ئیش و کار دەکا. کرێرەودری و رەنج و زەحمەت دەبێ بە سەر چاوەی ئیلهام بۆ موحەممەد و هێدی هێدی هەستی دەبزوێنێ و دەس دەکا بە دانانی شیعر. لە بەرا شیعرەکانی بۆ هاوڕێیان و هاوکارانی دەخوێندەوە و لە گەڵ دنەدانی ئەوانەدا زیاتر هەستی بۆ شیعر گوتنێ دەجۆشا .

ژیانی ناخۆش و تاڵی خەڵک و نەبوونی دوکتۆر و دەرمان و نەخۆشینە جۆراجۆرەکان کە تووشی خەڵک دێن زۆر کاری تێ دەکا وئەم شیعر دادەنێ کە بە شێوەی سنەیی یە .

وەسیەت بێ بۆتان دووای مردنم
بەر لە شۆردن و کەفەن کردنم
تکام لێتان هەس بێژنە مردگ شۆر
سەرە وخوارم کا لەبان تاتەشۆر
زووخاو فراوان لە دڵما جەمە
برژگێتە خوارە و فرەس یا کەمە
زووخاو هەتیمی ، زووخاو بێکەسە
دووربوون لە خوێندن دەرس و مەدرەسە
نەسەر پەرەستێ ، نە پشتیوانێ
شاگرد ئەم و ئەو بۆ تێکەی نانێ
جەمێ ئاو گۆشت بووسەد جەم نان وماس

ەتی بێ کەوش بێ کـۆت و کـراس
یا من نەبووم بـەم حالـەزارە
ەیان وا بوون خەڵکـی ئەم شـارە
خۆشخانە نە دەوا و دوکتـۆر
ەمەی کەچەڵ بوو لـە کەنیشـک و کـوڕ
نجە و هەوڵە ، دریلـە و خەرکـان
رەی لێ ئەکوشت لـە منداڵەکـان
مـە مەینەتـی منداڵیمان بـوو
رووخاو خواردنی دەسـاڵیمـان بـوو
ئەهوەن لە ساڵی ١٣٣٩ ی هەتاوی تا ساڵی
١ لە گەڵ رادیۆ سنە هاوکاری کردووە و
رەکانی بۆ ناردوون و لەسەر رادیـۆ
نرا وەتەوە . هەر وەها ئەو شیعرانەی کە
وی گۆرانی بووە ، بە هونەرمەندانـی
نگ خۆش دراوە و ئەوانیش بە دەنـگ
تویانە .
(ئەهوەن) لە گەڵ شاعیرانی هاوچەرخـی
ۆیدا ، تا بۆی لواوە پێوەندی گرتووە ، بـۆ
ەوەی لە گەڵ خۆیان و بیروڕایان ئاشنـا
ێ .
کاتێ کە ماموستای نەمر (هێمنـی)
خۆشەویست لە ساڵی ١٣٦٤ داسەرێکی شـاری



سنەی دا ئەم شیعرەی پێشکەش کـرد :

ئـاورت بەرداوە دڵ لـەم هاتنـە
دۆستەکانت شـاد و ناحەز دوژمنـە
خۆشەویستی ! جێت لـە دڵ پیاو وژنـە
شۆڕشێکت خستـووە ، شاری سنـە
شارەکەت تێک دا وئەڵێن پێت هێمنە!

لە وەڵامی ئەم شیعرەدا ماموستا (هێمن) ی رەحمەتی سپاسی کرد و فەرمووی ئەگـەر شارەکەم تێکدا بێ بەرەو رزگاری گـەلـم هان داون .

ماموستا ئەهوەن لە گەڵ زاراوە و بـن لەهجەکانی زمانی کوردی دا ئاشنایـە و بە زۆربەیان شعری داناوە . هەروەها شیعری بە زمانی فارسیش هۆنیوەتەوە . کە بۆ وێنـە چەن نموونەیەکی ئەخەینە پێش چـاوی خوێنەرانی بەرێز :

ما*چان کە وەهار وەش*ەن دڵگەشـەن
بەڵـێ راس ماچان وات*ەشان وەشـەن
(هەورامـی)

زمسان وەسـەر چی یا*گـە وە بـەهـار
دڵم خوازێگەی چم*ەی ناو گـوڵـزار
(گەرووسـی)

فەرق نیە وە لام بەهـار و پـاییـز
غەمگین سەرشێـوا و ج*ەدووری ئازیـز
(گۆران)


وەی لاشەی زەبوون چۆر بەتقوتیاسـەی
ئەوشێ جەرم دان ئاوم چنیـاسـەی
(لۆری)

پشتم کۆم بووگە ئێژی دار پـەردم
وەک سپۆن هار ین*گ کوتبا گـەم وردم
(سنەیـی)

عمـری بگذرد بـه آه و حسـرت
کدا میـن بهار ، کدا میـن حسـرت
(فارسی)

ئەهوەن پیم وایە لە وەرزی بەهـار
بە تەنیا هەر تۆی پەشیو و خەمبـار
(سۆرانی)

ئێمە و خوێنەر



تکا لەخوێنەرانی بەڕێزی سروە دەکەین ئەم خاڵانەی خواروو لەبەرچاو بگرن :

١- نووسراوەکان بە خەتێکی خۆش بنووسن وابێ بۆ خوێندنەوەی تووشی گیروگرفت نەبین .

٢- لە دیوێکی کاغەز بنووسن .

٣- ناونیشانی خۆتان تەواو بنووسن تا وەڵامی نامەکانتان بە دەست نەبێ بۆئەوە جێگە بۆهەموو بابەتێک ئاواڵە بێ .

٤- ئەگەر بابەتی وەرگەڕاومان بۆ دەنێرن، ئەسڵەکەشی بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم ناوەندە، بنێرن .

٥- ئەگەر دەگونجێ نووسراوەکان لە دوو یا سێ لاپەڕەی گۆوارەکە پتر بگاتەوە .

٦- دەستەی نووسەرانی سروە وەک گۆوارێکی فەرهەنگی- ئەدەبی دەتوانێ لەباری ڕێنووس وڕێزمانەوە دەست لە نووسراوەکان وەربدا .

٧- ئەو بابەتانەی بۆ ئێمەی دەنێرن لەبابەگانی- دا هەڵدەگیرێ و ئادرێتەوە بەخاوەنی .تکایە نوسخەیەک لای خۆتان رابگرن .

دەستەی نووسەرای سروە

مەهاباد: کاک مەحموودسۆفی میرزا

برای بەرێز چاک و خراپی داب وشوێن لە رووی کردەوە و بەرهەمێکی کە هەیەتی دیاری دەکا . ئێمە ناتوانین بڵێین ئەو کارە، ئەو رەسمە چاکە یا خراپە. مەگەر خراپ بوونەکەی وەک ژن بەژنە وشتی وا بۆ ئێمە روون بووبێتەوە. بەلاّم ئەگەر لە گوندەکاندا کوڕ لە لای باوک سیغار ناکێشێ ومنداڵی خۆی راناموسێ وماچ ناکا و بووک بە ئەدەب دێت ودەچێ و بە پارێزەوە لەگەڵ مێردومنداڵ هەڵدەسووڕێ بۆ خراپە؟ ئێمە پێمان وانیە هەرشتێکی کۆن بێ خراپە وهەر شتێکی تازە بێ زۆر چاکە. زۆر شتی کۆن هەن کە پاش هەزاران ساڵ تەجرووبە و ئەزموون وەدەست کەوتوون و نابێ لە دەستیان بدەین .

· سەرکەوتوو بی .

بیرجەند: محەممەدرەسووڵ بڵێخد

گرامی

نامە ودیاری یە جوانەکانت گەیشتن زۆرت سپاس دەکەین . ئەوەش وڵامی پرسیارەکانت :

١- بەداخەوە تا ئێستا دایرةالمعارف بەکوردی نەنووسراوە

٢- دەستووری زبان یا رێزمانی کوردی زۆرە و لە کتێبخانەکان بپرسە دەست دەکەوێ .

٣- نێوی دوازدە مانگی کوردی بریتین لە: خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردان، پووشپەڕ، گەلاوێژ خەرمانان، رەزبەر، خەزەڵوەر، سەرماوەز، بەفرانبار، رێبەندان رەشەمە،.

٤- سروە لەساڵی ١٣٦٤ را دەستی کرد بە بڵاوبوونەوە.

٥- بۆ سەرگوزەشتی مامۆستا هێمن بڕوانە پێشەکی تاریک و روون .

سەردەشت : خوشکە نەسرین واوی

ئێمە لە خودامان دەوێ ئافرەتانی کوردستان لەجوولانەوەی فەرهەنگی وکۆمەلایەتی دا لەهەموو بارێکەوە شان بەشانی براکانیان هەوڵ بدەن. زورجاری وا هەیە بۆ تەشویق و هاندانی خوشکەکان بابەتەکانیان خۆمان دەستکاری دەکەین ودەیهێنینە رادەی بلاو بوونەوەا

رەنگە بابەتەکانی بۆت ناردووین زۆر باش نەبووبن بەو دەلیلە بلاّومان نەکردوونەوە بەلاّم رامەوەستە. تێکۆشە و بەرهەمی خۆت بنێرە. ئەگەر باش بوون بلاّویان دەکەینەوە .

سەقز: کاک ئەحمەدی رەزایی

برای بەرێز کتێبی رێنوێنی کوردیمان بەلاوە نیە. تەنیا کتێبی یەکەمی خوێندنی کوردیمان هەیە کە بۆچاپ ناردوومانەتە تاران. لەدۆستان داوای یارمەتی بکە تا فێرە کوردینووسین بی.

مەهاباد: خوشکە ماندانا ـی

نامە جوانەکەت بە هەموو رێنموونیە جوانەکانتەوەگەیشت تا بۆمان بکرێ ئەو کارانەی پێویستە دەیان کەین. بەڵام بە پەلە مەبە. ناکرێ لە چەند گۆواردا هەموو شاعیر ودەنگ خۆش وهونەرمەند ونووسەری کورد و ئێرانی بناسێنین. تا ئێستا **١٧** ژمارە لەسروە دەرچووە کە باسی **١٧** شاعیر و **١٧** هونەرمەند و **١٧** زانای کوردی تێدا هاتووە. بەزیاد بێ کەمە!؟ موساحەبەشمان دەست پێکردووە. محەممەدی قازی موساحەبەی دەگەڵ کراو و دیتت .موساحەبەی مامۆستا هەژاریش ئامادەیە. باسی سەید عدلی ئەسنەر و کاک محەممەدی ماملێ و... لە داهاتوودا، دەکەین.

زۆر کارمان بەدەستەوەن کە داخوازەکانت وەدی دێنن.

ئەوەشت لێ قەبووڵ ناکەین کە سروە لەباری نێوەرۆکەوە ئوفتی کردبێ. بێ ئینسافی هیچ دەردێک دەرمان ناکا .

بۆکان: کاک سەلام شوارە

لێمان ببوورە کە وەڵامی نامەت نەدراوەتەوە. تکایە ئەو نەقاشی یانەی پێت وایە بۆسەر بەرگی سروە دەبن بۆمان بنێرە تا ئەگەر پەسند کران کەڵکیان لێ وەرگرین. رێنوێنی ئێمە لەو بارەوە ئەوەیە:

١ـ سووژەی نەقاشی تادەکرێ لەمەر ژیانی کوردەواری و داب و شوێنی وڵات بێ .

٢ـ کۆپی نەبێ لە رووی، نەقاشی کلاسیک نەکێشرابێتەوە .

٣ـ لەباری هونەری یەوەپەسند بکرێ .

سەرکەوتووبی .

ورمێ، گوندی میاوق: قادر شکارچی

برای خۆشەویست بەشی کوردی شیمال لە سروەدا زۆر کراوە . لەژمارە ١٧ را ئاڵ و گۆڕی پێویست پێک دێ وبەشی کوردی شیمال زۆرتر دەبێ.

بابا مەردووخ رووحانی (کوردستانی) دانیشتووی تارانە و ئەهلی شاری سنەیە وهەزار ساڵی عومر بێ هەرخەریکی کاروتێکوشانە لە رێگەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا .

مەهاباد ـ گوندی دریاز: ئەبووبەکر دەرباز

زۆرمان پێ خۆشە لەبەر سروە خوێندنەوە ناویان ناوی ئەبووبەکر ـ ی سروە ئێمە دەیکەینە (ئەبوو سروە) هیوادارین سروە بۆ خوینەرانمان هەروا سەرنج راکێش بێ .

وەلامی پرسیارەکانت بەم جورەن:

١ـ کتێبی "تاریک و روون" لەلای ئێمەش دەست ناکەوێ .

٢ـ گۆواری سروە بەهیوای خودا هەتا سەدان ساڵی دیکەش هەر بڵاو دەبێتەوە وهیچ قەرارو بڕیارێک نەدراوە کە پاش ١٨ ژمارەی دیکە کاری رابوەستێ و بڵاو نەبێتەوە .

٣ـ "موسابەقەی فەرهەنگی" فکری چاکە و ئەگەر بکرێ لە سروەدا دەی گونجێنین .

بۆکان: کاک جەعفەرفەقێ میری

سپاس لە هەستی جوانت . زۆرمان پێ خۆشە نووسەران و لایەنگران باسی گیروگرفتی ژیانی دانیشتوانی گوندەکانمان بۆ بنێرن وبڵاوی کەینەوە. تائێستا لەم بارەوە شتێکی باشمان بۆ نەهاتووە .

کوردی نووسینەکەت هەم لە باری رێنووس وهەم نێوەرۆکەوە زۆر جوانە. هیوادارین سەرکەوتوو بی .

نەغەدە ـ گوندی حەلبێ: مەعرووف نەبی

برای بەرێز: شیعرێکت بۆ ناردووین (قوربانی روخت بم کە شکستی بەقەمەردا ـ حەیرانی لەبت بم کەرەواجی بە شەکەر دا) کە زۆر جوانە. ئەمشیعرەبەناوبانگە ودەش زانین هی چ شاعیرێکە ئێوەش ویستووتانە بەتێوی خۆتان بڵاوی کەینەوە. نەمانزانی مەبەستت ئەوەیە کەهی خۆتە یان هەر ویستووتە بڵاو بێتەوە؟

تکایە بۆمان روون بکەوە تا پێی رابگەین .

شنۆ: ئیبراهیم ئەحمەدیان

ئەمشیعرانە زۆر بەرزن شاپەڕی خەیاڵ وهەستی کوردی کلۆڵن. بەناوبانگترین شیعری کوردین بەڵام :بۆت چاپ ناکەین دەزانی بۆ؟ بەو دەلیلە:

شیعری خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمنە وشیعرە بەناوبانگەکەی "ئێوارەی پاییزە".

تکایە لەمە بەدوا شیعری خۆتمان بۆ بنێرە .

ئەم ئازیزانەش بەناردنی وێنە یارمەتی سروەیان داوە . پڕ بەدڵ سپاسیان دەکەین و چاوەروانی دیاری دیکەی ئەوانین.

مەهاباد: **عەلی رەمەن ـ خالید ئیسماعیلی ـ سەلاح شێربەگی .**

بۆکان: **کەریم سیدقی ـ قادر ئازمەند ـ سەیدکەمال لەتیفی هادی مەحموودی ـ جەعفەر رووحیزاد سەلاح خوسرەوی ـ خالیدقەلعەکووهی.**

سەقز: **ئامینە عەزیزی ـ سەلاح حوسێن زادە ـ عوسمان باژیان .**

نەغەدە: **خدر بەهرام بەگی بەدرەدین سالح ـ مراد زایر**

خانی: **مستەفا کەدخودا .**

بانە: **عەباس بنی عەباس ئەسمەر کەریمی ـ قادر خانزادە**

شنۆ: **حاسڵ قادری .**

سنە: **ئیسماعیل .ک .**

تەرخان ئاوا: **بەختیار میعماری .**

شێوه حاجیله*

ڕەسووڵ وەیسی



زۆر داب و ڕەسم لە کوردەواریدا باوە،کەبەرداشی زەمان لەنێوی بردوون و ئێستا ئاسەواریشیان نەماوە هێندێکیش بەرە، بەرە،بەرەو نەمان دەچن و دێ لەبیر بچنەوە. وەک **"شێوەحاجیلە"** کە بەرەوپیری گەڕانەوەی حاجیلەیە و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان باوە.

پیرەپیاو و سەر سپی وڵات بیرەوەریان لەسەر بەڕێوە بردنی ئەو ڕەسمە هەیە و من لێرەدا بەپێی توانست بۆ ڕوون بوونەوەی خوێنەرانی بەڕێز وبەرگری لە لەنێوچوونەوەی ئەم ڕەسمە باسی لێدەکەم.

حاجیلە ناوی جۆرا وجۆری هەیە وەک لەگلەک، لەق لەق، حاجیلە و...

حاجیلە بالندەیەکی بە بەژن وبالا و لەسەر *لینگەبەژنی ڕەنگە بگاتە ١٫٢٠ سانتیمیتر. دوو لاق و دندووکی درێژ و سوورن. تووکی لەشی سپی یە وسەر پەڕەی جووتە باڵ و سەر کلکی ڕەشە. زۆریش هێدی و بێ ئازارە.لە بەستێنی چۆم و نێو زنەو باتلاخ، مار و کوللۆو بۆق وکرم و....دەگرێ و دەیخوا و لەسەر دەوەڵان وسەربانی بلێند وسەر دارتێل و شتی وا هێلانە دەکا. نێرە و مێیە بۆ هێلانە ساز کردن یارمەتی یەکدی دەدەن

حاجیلە بەهاران جووت دەبێ وساڵێ چوار هێلکە دەکا و نێرە و مێیە بە نۆرە لەسەر هێلکە دەکەون تا دەبن بە جووچکە.


وەختێک جووچکە لە هێلکە هاتەدەر حاجیلە یەکیان فڕێ دەدا.هێندێک دەڵێن ئەوە جووچکەیەک دەکاتە سەدەقە وبەلاگێڕی ئەوانی دیکە.

حاجیلە لەجێی گەرم دەژی وگەرمێن و کوێستان دەکا.بەهاران دێتەکوێستان وپایزان بەرەو گەرمێن تێهەڵدەبێتەوە*. بەبڕوای من دەبێ دوو هێلانەی هەبێ یەک لە گەرمێن و یەک لە کوێستان. چون وەختێک دێتەوە کوێستان هێلانەکەی پێدەزانێ ویەک ڕاست دەچێتەوە سەری، کەوابوو لە گەرمێنیش هەر وایە.

حاجیلە ئەگەر بۆخۆشی نەیەتەوە جووچکەکەی دێتەوە سەر هێلانەکەی. زۆرجار دیتراوە لەسەر هێلانە لە نێوان دایک وجووچکە شەڕ ساز بووە.

لەنیوەی دووهەمی مانگی ڕەشەمە هەرکە شەماڵ لە بەفر وەخۆ کەوت،واتە بای وەعدە هات و پەڵەی گەعارگرتووی بەفر لە قەد و لاپاڵی چڕو کێوەکان چۆڕ چۆڕەیان کەوتە بن وردەوەزە بەرد سەریان لەبن کەوی وەدەرخست ،حاجیلە دەگەڕێتەوە و دڵی خاوەن مەڕوماڵات دەگەشێتەوە و دەڵێن لە دیاری شوان نزیک بووینەوە

هێندێک پێیان وایە حاجیلە لە کات وزەمانی دیاری کراودا دەگەڕێتەوە. یانی ٢٠ ی مانگی ڕەشەمە دێتەوە، ئەگەر پێش وەختی



فروردین
خاکەلیوە

خۆی بگەڕێتەوە دەڵێن :
حاجیلە چڵ وبڕی کردووە.

خەڵک باوەڕیشیان بەوە هەیە کە هاتنەوەی حاجیلە یانی زستانی بەسەخڵەت رووبەندی لەسەر پێدەشت و کێوەکانی سروشت لاداوەو هەموو جێگایەک خەریکە بخەملێن .

حاجیلە کە هاتەوە دندووکی لەسەرپشتی دادەنێ ودەست بە تەقە،تەق دەکا و سەرنجی خەڵک بۆلای خۆی رادەکێشێ. لەو کاتەدا منداڵی کورد لە کووچە و کۆڵانان وە زاق و زووق، دەکەون و بەم چەشنە پێشوازی لە هاتنەوەی حاجیلە دەکەن :


حاجیلە بەخێرێ
لەدەشتی هەولێرێ
کوڕی پوورەمیرێ
کاڵۆکان دەپێکە
مێوانان بەڕێ کە
مێوان کێ و کێنە
عایشە و فەرەنتینە
بەگوارەو دەرزینە
سنجاقی خۆم زێڕینە
دەخاڵانم گێڕینە :
خاڵی دەقومقومۆکێ
چاوی دەنێرگزۆکێ :
نێگزۆکم کوتاوە
دەموسڵێم بەرداوە
مووسڵ بەردێکی خشتە
کوچ کوچۆکەی لەپشتە
کوچ کوچەنانی دەوێ
ئاغاژن پیاوی دەوێ:

بەبۆنەی بەهاروهاتنەوەی حاجیلە خواردەمەنی پێویست لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و بۆ شیوە حاجیلەوخڕکردنە ـ وەی گیای تازە بەرە و دەشت و کێوەکان هەڵدەکشێن و چێشتی جۆراوجۆر لێدەنێن پاش ئەوەی چێشتەکەیان خوارد ئەوەی لە بەریان ماوە بۆ حاجیلە لەسەر بەردێک یا شوێنێکی دیاری کراوی رۆ دەکەن. پاشان دەست لەدەستی یەک دەنێن و رەش بەڵەک دەگێڕن وبە گۆرانی کوتن وبەزم وشایی کاتێکی خۆش رادەبوێرن . ئێوارە یەک یەک ودوو،دوو بەنێو پەرێزان دادەگەڕێن و بۆ نۆبەرانە ئەسپینگ و قازیاخە و مەندۆک و... بەرە بەرە کە کەنگر و مەندۆک ،پنگە وگوڵەگەزیزە پێکەوک وئەسپنگ وقازیاخە




سەریان لەهەرد وەدەرخست کۆ دەکەنەوە و لەگەڵ کوڕوکاڵ هەر لەبەرەبەیانی خۆیان دەیهێننەوە ماڵ و ـ یەوە خۆ ساز دەکەن و چێشتی تازەی پێ لێدەنێن.

کاریکاتۆر چیه؟!



یاسین قورەیشی



موحەممەدئەمین قورەیشی

جووتە برای هونەرمەند

مەبەست لەم وتووێژە ناساندنی دوو برای هونەرمەندی کاریکاتۆریست نیە چون کارەکانیان لە زۆربەی رۆژنامە وگۆوارەکانی دەرو ژووری وڵاتدا چاپ بووە بەڵکوو مەبەستی گرینگ ئەوەیە کە دەمانەوێ وەک گۆوارێکی فەرهەنگی - ئەدەبی ئەوپەڕی رێز وسپاسی خۆمان پێشکەش بەم دوو هونەرمەندە کوردە بکەین و لە بەرابەر خزمەت کردنیاندا بەئەمەگ بین .

جا بۆیە چووینە بۆکان ولە خزمەتیان دانیشتین و قسەمان لەگەڵ کردن . سەرەڕای ئەوە کە قسەی زۆر بەتام وخۆییان دەکرد ، خۆشیان ناساند و چەند نموونەشمان لە کارەکانیان چاو پێکەوت لێرەدا سەرنجی خوێنەرانی بەرێز بۆ ئەم وت ووێژە رادەکێشین .

- پێش هەمووشت خۆتان بناسێنن .

- پێش هەمووشت سپاسی گۆواری بەرێزی سروە ، دەکەین کە ئێمەی بەسەر کردۆتەوە . جادوایە چون ئێمە هەردووک بەیەکەوە جیبهەیەکی موشتەرەکمان هەیە یەکمان هەردووکمان دەناسێنین!

من سەید محەممەد ئەمین »د قورەیشی یە خەڵکی بۆکانم وکارمەندی بانکی کەشاوەرزیم و ساڵی ۱۳۳۰، لەدایک بووم .براکەشم ناوی سەید «یاسین»ە و ساڵی تەئسیسی ساڵێک دوای منە. لە ئیدارەی ئامووزش و پەروەرش کار دەکا .

هەڵبەت دەبووری چون ئێمە هەردووک کارمەندین بۆ ئەوە کە کەمتر قسەبکەین و سەرفەجوویی لەئێنێرژیدا بکەین هەر یەکمان قسە دەکەین .

- بەڵێ هیواداریـن سەرکەوتوو بن وبەدڵێکی خۆش ولەشێکی ساخەوە لە پێناو خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی سەرکەوتوو بن .

جا دەکرێ بفەرموون لە کەیەوە دەستتان بە کاری هونەری کردووە ؟

- بەڵێ ئێمە هەر لە منداڵی یەوە دڵبەندی نەققاشی بووین. چ بکەین ئەودەم نەمانزانی هۆگری زێرینگەری وبەزازی وکۆپین

فرۆشی بین وئێستا ئەجیاتی ئەوە زارەخوارە لەبەر کۆپین فرۆشێ بکەین وبە چەند ساڵ جارێک یەکێک لە لایەن گۆوارێکەوە بێتە لامان وهەتا کاری پێمانە قسەمان لەگەڵ بکا بۆخومان کەسێک بین. جا لە ساڵی ۴۶ لە گۆواری "دختران و پسران" هێندێک کارمان چاپ کرا ودوایەش بەرە



بەرە لە گۆواری " سپیدو سیاە" ، "صبح امروز"، "کاریکاتور"، "توفیق" "فکاهیون"، "خورجین کشاورز" کارەکانمان بڵاو بوونەوە. لە یەکدوو نمایشگای دەرەوەش وەک بلژیک و یۆگسلاوی هاوبەشیمان کردووە

- چۆنەتی هاوبەشیتان چۆن بوو ؟

- ئەوان بە رۆژنامەو گۆوار بەخەڵکیان راگەیا- ندبوو کە نوێنگەیان هەیە وئێمەش هێندێک بەرهەمی خۆمان بۆ ناردن. لەو دەمەوە بێ برانەوە هاوکاری یان دەکەین و شتیان بۆ دەنێرین .

- ئێستا کە باسی نوێنگەهات دەکرێ بفەرموون نەقشی نمایشگا لە ژیانی هونەرمەند دا چیە ؟

- نوێنگە مەکۆی دەربڕین وپێشاندانی هەست وکاری هونەرمەندە. دەتوانێ کاری هونەری لە نوێنگەیەکی هونەریدا بێتە هۆی دڵگەرمی و عەلاقە بۆ هونەرمەند. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە هونەرمەندی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکدی ئاشنا بن و شێوە کاری یەکدی ببینن .

- بە بڕوای ئێوە کاریکاتۆر چیە ؟

- کاریکاتۆر یانی نیشاندانی راستی یەک لە قالبی شۆخیدا . هەر ئەو ئەرکەی تەنز هەیەتی کاریکاتۆریش هەیەتی.دەتوانم بڵێم کاریکاتۆر تەنزە لە قالبی نەقاشیدا !

هەڵبەت ئەوە نەزەری خۆمە. دەنا زۆر تاریفی جۆراوجۆر لە کاریکاتۆر کراوە .

- کاریکاتۆرەکانی ئێوە زۆرتر چ بابەتێکی ژیان دەنوێنن .

- زۆرتر بابەتی کاری ئێمە وسووژەی ئێمە کۆمەڵی کوردەواری وئەم رووداوانەیە کە لە دەوروبەری خۆمان روو دەدەن. یا ئەو مەبەستانەی جێگەی سەرنجن و بۆ ئەوە دەبن باسیان لێوە بکرێ. بەرجی ئەوانەش زۆر تەرحی قورس بە مێشکماندا دێ ودەیانخەینە سەر کاغەز.

- لە موسابەقەکانی خۆولاتیدا بەشداریتان کردووە ؟

- بەڵێ ساڵی ۶۴ بەشداریمان کرد. لە شاری بۆکان فەڕشێکی سێ وچوارمان وەرگرت هەڵبەت نەک فەڕشەکە بەڵکووحەواڵەکەمان وەرگرت و بەپووڵی خۆمان کڕیمان. ئەویش فەڕشی کارمەندی یە.

- فەڕشی کارمەندی چیە؟

- عەرزبێ فەرشێکە کە تایبەتی ماڵی کارمەندە . یانی ئەگەر میوان لە لای سەرووی ماڵ لەسەر فەڕشەکە دانیشێ هەتا چایەکی بۆ

دێنن، دەگاتە پەناکەوشەکانی یانی دەخزێ، وەک قالیچەی پەڕەندەیە! پارەکەش هەر بەم هیوایە کە بەڵکوو خوا بکا فەرشێکمان بدەنێ بەشداریمان کرد. بەڵام رادیۆیەکی دوو مەوجیان داینێ ئەویش لە تاران بەولاوە ،مان دەگرێ و هیچ کوێ ناگرێ. جا ئەوساڵیش خۆمان ساز کردووە خوا یار بێ لە موسابەقەدا بەشداری بکەین بەڵکوو باتری ئەم رادیۆیەمان بە جایزە بۆ وەدەر بکەوێ.

بەڵێ کاکی خۆم باسی ئەوەش ناکەم کە فەڕشەکە لە دوو جێگەوە کون بووە.

– ئەگەر دەکرێ هێندێک لەبارەی تەرحەکانی خۆتانەوە بدوێن.



یەکێ کەسیان گلەیی یە لە سروە. بڵاو بوونەوەی سروە وەک حەواڵەی پەنکەی دەوڵەتی یە کە زستانان دەیدەن.

ئەوەی دیکەیان باسی نەبوونی نەوتە کە بۆ وەزیری نەفتمان بەرێ کردووە هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە من پێویستیم بە نەفت و گازۆلی حەواڵە نیە.

یانی مەبەستت ئەوەیە کە ئاوردووت هەیە.

– نەخێر! ئەو لە نەوت گرانترە بەڵام دۆستێکمان بزنێکی دە لاقی هەیەوئێوارە بە ئێوارە دەیدۆشن ولەجیاتی شیر دوو مەردۆشی گازۆل هەیە. جارێ بەوە بەرێ دەچین (مەبەست ماشینی بێنزی دە چەرخە).

ئەوەی دیکەشیان ژیانی خۆمە کە لەحەوتی بورجەوە



خوا نەبێ کەس نازانێ چۆن دەژیم.

یەکی دیکە لە کاریکاتۆرەکان هەر باسی نەفتە. سێ تەگەری یەک کە نەوتی ئازاد دەفرۆشێ،ئالای ئامریکا و شووڕەوی لە سێ تەگەری یەکەی داوە و بە موشتەری یەک دەڵێ:

– کاکە ئێستا بەوەندە دەنا تاوێکی دیکە گرانتر دەبێ. نرخی ئەم نەفتە لەگەڵ دۆلاڕ ومارک تەنزیم دەکرێ وسەعات بە سەعات دەگۆڕێ. لە هەر کوێش شکایەت دەکەی بکە .سازمانی میلەل ،شووڕای ئەمنیەت ....

هیوادارین سەرکەوتووبن بەڵام ئاخر تۆ کە لەجیات براکەشت وت وویژ دەکەی بفەرموو ئەو ئێستاچ دەکا و چۆنی دەگوزەرێنێ.

– کاکە گوتم کارمەندی ئامووزش وپەروەرشە. لە فێرگەکا-ن دەرسی هونەریش دەڵێتەوە. ژمارەشی ساڵێک لەمن بچووکترە و نانیش

کەوچکێک لەمن کەمتر دەخوا
بەڵام لە تەرحەکاندا
وەک یەک کار دەکەین. ئێستا



زەماوەندی نەکردووە. یانی وەک تەونی جرجاڵی بە شەو دەیتەنێ و بەرۆژ پووچەڵ دەبێتەوە. هەرچەند جاری کراس وجلکی ژنی وەبیر دێتەوە پەژیوان دەبێتەوە.

— لە کۆتاییدا چ پەیامێکتان بۆ هونەرمەندان وئەوانە کە تازە هاتوونە ریزی کاری هونەری یەوە هەیە .

ئەڵبەت پەیام نا چون پیاوی گەورە پەیام دەنێرێ و گەورەییش خەرجی هەیە و ئەم خەرجەش بە هونەرمەند نادرێ. بەڵام داوا دەکەم رجا دەکەم لە هونەرمەندان کارەکانیان لە خزمەت بە خەڵک دابێ لەرەخنە نەترسن

چون بێ رەخنە هونەرمەند بژی .
قەت سەر ناکەوێ .
هێندێک کەس دەڵێن ئێمە

فێری کاری هونەری نابین . راستە ئەوانە کەزەمینەی هونەری یان ببێ زووتر فێر دەبن بەڵام مەرجی ئەسلی عەلاقە و دڵگەرم بوونە. هیچ کەس لەپڕێک نەبووەتە کورێک . هەموو کەس بەشی خۆی نارەحەتی دیوە. کاری هونەریش هەر وەتر.

— بە بڕوای تۆ هونەرمەندی واقیعی کێیە ؟

— ئەم پرسیارە دوو وەڵامی هەیە. یەکەم لە باری عیلمی یەوە هونەرمەند ئەوەی سووژە ودەردی خەڵک لە خەڵک وەربگرێ وبیداتەوە بە خەڵک . یانی لەنێو خەڵک بژی وبە خەڵک بژی و بە تەبعێکی هونەرمەندانەوە بن .

وە بەلام لە باری کۆمەلایەتی یەوە هونەرمەند ئەو کەسەیە کوپینەکەی نەسووتێ وبتوانێ هەموان وەربگرێ. ماوەیەک لەوەپێش لە میراوای بۆکان پوول ساز دەکرا. ئەوە هونەرە. هونەرمەند ئەوەیە بەرۆژێک بەقەت ساڵێکی کارمەندپەیدا بکا وپاڵ بداتەوە .... بە مانایەکی دیکە هونەرمەند ئەگەر هونەرمەند بێ لەم عەسرو زەمانەدا حاڵی شپرێوە ئەگەر کەیفی بەوەبێ دوستێکی ببینێ یان دوای شێو بانگی ەکا یا پێش شێو دەچێتە ێ .

لە کۆتاییدا لە خودا دەپارێمەوە رەحم بە حاڵی هونەرمەند بکا .

— سروەت پێ چۆنە؟

— سروە زۆر باشە.زۆرم خۆش دەوێ بەڵام جاری وایە ئەوەندە قەڵەوە هیچ تاکسی - یەک بێ سێ چوار بەرامبەری حەقی خۆی سوارت ناکا و جاری واشە ئەوەندە کزە دەڵێی :لە ژەهراوادا لەوەراوە . دیسانیش دەزانم گیروگرفت زۆرە و لەوانەیە ئێمەش کارەکانمان لەسەر دەرک ودیواران بکێشینەوە یا ئەگەر خەڵک گۆشتەکەیان خوارد لەسەر چەرمە گا .

— هیوادارین سەرکەوتوو

پاشماوەی سەروتار...

سوالات متعددی را مطرح کرده‌اند وما لازم دیدیم که‌در این فرصت درباره مهمترین مسائل مطرح شده با شما به‌صحبت بنشینیم. یکی از مواردی که‌درنامه‌ها تلفنها وصحبتهای حضوری بسیار از آن سوال میشد، **علت تاخیر در چاپ و توزیع "سروه" بود**. علاقمندان زیادی ازاین بابت ناراحت بوده وگلایه میکردند. عده‌ای نیز **از کم‌شدن صفحات نشریه** وتعداد کمی دیگر ازجنس **کاغذ** انتقاد داشتند. سیل انتقادات و سوالات بحدی بود که فی الواقع فرصت پاسخ جداگانه برای همه میسر نبود. قبل از آنکه توضیحاتی چند را به محضر شما ارائه نمائیم، لازمست تاکید کنیم که توجه و حساسیت شماعزیزان علیرغم آنکه فشاری را متوجه دست اندرکاران این مرکز میکرد، اما بسیار خوشحال کننده و امیدبخش بود. این احساس خوانندگان که "سروه" را از آن خود دانسته وبدقت مسائل مربوط به‌آن رادنبال نمایند و توقع داشته باشند که‌نقطه‌نظرات خود را درباره مجله محبوبشان مو به‌مو محقق بیابند ونسبت به سرنوشتش حساسیت لازم را بخرج دهند، پشتوانه‌وانگیزه بسیار بزرگی برای همه ما دراین جهاد مقدس فرهنگی محسوب میشود. ماضمن آنکه از همه شما عزیزان سپاسگذار هستیم به شما حق میدهیم تا تمامی مراحل کار رابطور جدی پیگیری نموده وابهامات و سوالات خود رابا ما درمیان بگذارید. ازکاستی ها ونواقص انتقاد کنید و با پیشنهادات و راهنمائیهای خود ارائهٔ طریق فرمائید. اکنون وقت آنست تادرباره زمان انتشار، حجم و..... "سروه" توضیحاتی رابعرض برسانیم:

توضیحاتی درباره سروه

همچنانکه خوانندگان محترم میدانند این مرکز به‌مدت دو سال بطور فصلی سروه رامنتشر نمود و در پایان سال دوم درنتیجه تقاضای بیشمار علاقمندان "سروه" تصمیم گرفت تا به‌ماهانه کردن آن اقدام نماید. متاسفانه اجرای این تصمیم مصادف با بروز مشکلاتی نظیر کمبود کاغذ زینک و...گردید. درنتیجه علیرغم تلاشی که برای تهیه، تدوین وتنظیم "سروه" (بطور ماهانه) صورت‌گرفت ومجله برای ماهانه شدن مهیا شد، مشکلات چاپی یادشده موجب گردید تا وصول آن با تاخیر زیادی روبرو شود. وبدین ترتیب "سروۀ" فروردین ماه در

سعی خواهیم کرد بمحض برطرف کردن مشکلات یادشده نسبت به افزایش حجم سروه اقدام نمایيم

پایان بهار سال ۶۶ بدست خوانندگان رسید وبهمین صورت چاپ شماره‌های بعدی نیز بادشواری و تاخیر همراه گشت .در خلال این مدت تلاش زیادی معمول و با بعضی از مسئولین صحبت شد وسرانجام پس از رفع موانع وفراهم ساختن کاغذ وزینک و...... کار چاپ به‌روال معمول بازگشت . این فرصتی بود تا نشریات ماههای بعدی که کار چاپ آنها باوقفه روبرو شده بود بچاپ برسد همچنانکه خود شاهد هستید پس ازوقفه‌های متناوب طولانی ،چاپ چند شماره اخیر باسرعت بیسابقه‌ای صورت گرفت تابدین ترتیب بتوانیم روال کار راعادی ساخته وشماره‌های بعدی در موعد مقرر بدست علاقمندان برسد وامیدواریم بتوانیم این سرعت را درآینده حفظ نمائیم .مطلب بعدی موضوع کاغذ نشریه است . دراین رابطه باید عرض شود که متاسفانه جز نوع کاهی کاغذ دیگری دردست نیست واین مشکل گریبانگیر افراد وموسسات بسیار دیگری نیز هست .تهیه کاغذ سفید از بازار آزاد هم‌دشوار وهم پرهزینه خواهد بود و ما سعی کرده‌ایم که برقیمت "سروه" افزوده نگردد. از سوی دیگر تضمینی برای تهیه همیشگی کاغذ به‌این روش وجود ندارد.در هرحال چنانچه امکان چاپ "سروه" با کاغذ بهتر فراهم شود دراولین فرصت نسبت به این مهم اقدام خواهد شد. عده‌ای ازخوانندگان محترم ازکاهش حجم"سروه" گلایه داشتند دراین باره درگذشته وقتی طرح ماهانه شدن "سروه" اعلام گردید ،توضیح دادیم ویادآور شدیم که مشکلات تهیه مطالب (باتوجه به‌کاهش $\frac{2}{3}$ درزمان انتشار) ازیک سو و مشکلات فنی چاپ موجب میشود تاازحجم "سروه" کاسته گردد. هرچند امیدواریم کاهش قابل ملاحظه درزمان انتشار"سروه" کاهش درحجم آنرا امری موجه ومنطقی جلوه داده‌باشد ،لکن باتوجه به‌تقاضای زیاد علاقمندان سعی خواهیم کرد بمحض برطرف شدن موانع یادشده، نسبت به افزایش حجم اقدام نمائیم. چنانکه هشت صفحه "بسوی زبان مشترک "(که شرح آن درسروه رفته است) بدان افزوده ومطالب مربوط به لهجه‌های مختلف که بعضا" حدود ده صفحه را شامل میشد ازاین پس جای خود را به‌مطالب عام خواهند داد.امیدواریم این توضیحات مختصر، علاقمندان "سروه" را که به‌واقعیات‌توجه دارند، قانع نماید.

ارتباط بین ما وشما

برقراری واستمرار در ارتباط نزدیک وتنگاتنگ بین این مرکز وشما مردم خوب وشریف،از ابتدا تاکنون، یکی از مهمترین مسائل ما محسوب شده و میشود. در این راستا تلاشهایی صورت گرفت و برنامه‌هایی چند بمورد اجرا گذاشته شد تانزدیکی کافی بین این مرکز ومردم بوجود آمده وبدینسان از یکسو آنان با احساس هرچه بیشترِ تعلقِ "سروه" به‌خود، درجهت تغذیه و بخشیدن غناء وافی به آن تلاش کرده وبا پشتیبانی ومضاعدت خود به کانون این جهاد مقدس گرمی بخشند وازسوی دیگر"سروه" با پیداکردن مخاطبین بیشتر وحوزه نفوذ وسیعتر در ارتقاء سطح آگاهی وفرهنگ مردم عزیزمان به‌توفیقات جدی نائل گردد.

تلاشهای بعمل آمده هرچند به‌ارتباط گسترده‌ای انجامید لکن، بررسیهای بیشتری برای ارتقاء کمیت وکیفیت این ارتباطات بعمل آمده که بحث تفصیلی آنرا به‌شماره آینده موکول میکنیم

"خدا نگهدار"


چ وێنەیەک بکێشم ، تابلۆیەک لە ڕووی ئەم دیوارە هەڵواسم ، کاتێ خۆم کوشت ، کە دەرگا کرایەوە سەیری تابلۆکە بکەن سەریان سوڕ بمێنی ؟! چاکترە ئێستە خۆم بکوژم. ئەوەتانێ گوریسەکە ، لە ملمی گیر دەکەم وشەقێکیش لە میزەکەی ژێر پێم هەڵدەدەم تا بە یەکجاری نهێنی یەک بەجێ بهێڵم .

چاکترە خۆم بکوژم ؟!

بۆخۆم بە تابلۆیەکەوە ماندوو بکەم؟ نا! تابلۆکە دەکێشم با ژوورەکە لێم تێ بگات . بەڵام ژوور، مادەیە ودەنگی دەرنایەت؟ مرۆڤانی ئەمڕۆش هەربەم جۆرەن .کەواتە خۆکوشتنەکەم باشترین چارەیە ؟!

ئەمە فایلێکی* سپی یە تابلۆیەکی جوانی لێ دروست دەبێ پێنووسەکەش بەدەستمە- نهێنی یەکەم دەکات ،تابلۆ دروست دەکەم و بە دیوارەکەی هەڵدەواسم .دەست پێ دەکەم !

" ئەم هێلە زەوی یە ئەم مرۆڤانەش لەسەری دەژین بەڵام هەموویان ناپەسەندو دزێو ومشەخۆرەکانی* ئەم زەمینەن. کەواتە کەس تیا لە مرۆڤی ڕاستگۆناچێ بەلای چەپی تابلۆکەدا مرۆڤێکی لاواز و بچووک کە



ڕەشەبا

جەلال قادر

نا ! دیوارەکە ڕووتە ،تا ئێستا تابلۆیەکم پێیا هەڵنەواسیوە .جا تابلۆکانی ئەمڕۆ تەعبیر لە چی دەکەن ؟! باخۆم تابلۆیەک بکێشم ودوارۆژی دەروونم وابەستە بکەم بەدەروونی زۆر مرۆڤەوە ، کەناتوانین نهێنی یەکان لە لای یەک بدرکێنین .

بەڵام پاش خۆ کوشتنم تابلۆکە دەسووتێنن ،مەبەستم ناگاتە ئەو مرۆڤانەی کە دەروونیان لەگەڵم دایە .

وەیە، دوو خەت دەکێشم . بێ مانایە؟! دەزانم ، بەڵام دوای خۆ کوشتنم فەیلەسووفەکان دێن لەو دوو هێڵە* دەکۆڵنەوە ولە خەڵکی دەکەنە ئەفسانەیەک وبڕوایان پێ دەهێنن ؟! ئەگەر ئەوەی لە دڵمایە بیکێشم ئەوکاتە زوو دەی سووتێنن ونهێنی یەکە دەشارنەوە .

خۆم دەکوژم ،جاچاوەڕوا- نی چی دەکەی ؟! بەڵام دیوارەکەش داوای تا چاک تێی نەڕوانی نای دۆزیتەوە . خاڵێکی بچووکە دەبزوێ. تیشکی زێڕینی ڕاستگۆیی پێوە دیارە .ژێر زەوی یەکەش نابێ هەروا ، بە ئاسانی جێ بێڵم ،چونکە لەوێش کۆمەڵی مرۆڤی سپی و سوور، زەردوڕەش، هەموو پێکەوە دەژین ! دەیانەوی بەسەر زەوی دا هەڵگەڕێن. بەڵام جارێ خەریکی دروست کردنی پەیژەن* ؟!

تابلۆکە کۆتایی هات . لە دیوارەکەم چەسپاند .دوو

هەنگاو لێی دوور کەوتمەوە و تێم‌روانی .

زەوی یەک کۆمەڵی مرۆڤی دڕندەی تێدا دەژین، لەژێر زەوی یەکەش کۆمەڵی مرۆڤی تر ، تێ دەکۆشن، دەیانەوێ وەکوو بوورەکان لەناخی زەوی درزێک بدۆزنەوە و بتەقێنەوە ! لەنێوان سەرزەوی و ژێر زەویدا نوێنەرێک دەژیت و دەبزوێت . دەگەڕێ لە کون وقوژبنی شارەکان تا پەیژەیەک پەیدا بکات .



ئەمیش تابڵۆکە ئیتر خۆت بکوژە، چوومە سەر میزەکە و ئاوڕێکم لە تابڵۆکە دایەوە .هەروا، دەمێنێ یالە گۆڕاندایە ؟! کەواتە بۆخوم بکوژم، با دەرگا بکەمەوە و هاوار بکەم.خۆم ناکوژم. بەلام گۆڕانی تابڵۆکە چەندین ساڵی دەوێ.خۆکوشتنەکەم باشترە، چونکە ناتوانم چاوەڕێی ئەم هەموو ساڵە بکەم. ئێستا لەسەر میزەکەم، بەهەردوو دەستم گوریسەکە لەملم دەئاڵێنمو شەقێک لەمیزەکەی ژێرپێم هەڵدەدەم، ماڵ ئاوایی لە ژیانی پرکوێرەوەری دەکەم.

ماڵ ئاوا ئەی ژوورە، ئارام وماتەمینەکەم.

دواجار ئاوڕ لە تۆ دەدەمەوە تابڵۆ نەمرەکەم؟!

ئەو مرۆڤەی لە لێوتا دەبزوێ، پەیژە بەدەستیە — وەیەتی ؟! ئەم پەیژەیە من نەمکێشاوە؟! لەکوێ وە هات ؟! دەبێ کەس لەم ژوورە هەبێ ؟! دابەزیم لەسەر میزەکە ودەرگاکەم لەخۆم یەکالا کردەوە.لەپڕ رەشەبایەکی بەهێز تەوژمی هێنا ، ئەمنی کەواندە سەر زەوی. هەستامەوە سەرپێ و دیتم رەشەباکە میز* و پێنووس وگوریس وتەپڵەکی لەسەر زەوی یەکە پەڕش و بڵاو کردبووە .

پاشان سەرێکم هەڵبڕی و سەیری تابڵوکەم کرد. دیتم تابڵۆکەش سەرەونخوون کراوە !! بزەیەک هاتە سەرلێوم و لە ژوورەکە دەرپەڕیم !....

ڕێنوێنی ئەدەبی

بۆکان :کاک کەریم کەریمی

شیعرەکانت کزن بە تایبەتی کە وەزنەکەیان لەنگە.

چاوەڕوانی شیعری جوانتری ئێوەین .

شنۆ: خوشکە م. ئەدیب

ئێمەش هیوادارین نەمامی "سروە" بەهاری دڵرفێنی بەسەردا بێ و هەموو مانگان گوڵێکی بۆن خۆش بدا بەخوێنەران ولایەنگران.

شیعری پایزی مامۆستاگۆران بەراستی جوانە . زۆر مەمنوون کەبۆت ناردووین..

ئەوەش بەبۆنەی پائیزەوە چەند دێرێک بۆخوێنەران لەو شیعرە :

پایز ! پایز !
بووکی قژ زەرد
من مات تۆ زیز
هەردووکمان هاودەرد

* * *

پایز ،پایز شان ومل
رووت
من مات تۆ زیز
هەردووکمان جووت

* * *

خۆزستان:کاک شیوا وهـ. ق :

نامە جوانەکەتمان پێگەیشت کەدەکرێ بڵێین پارچە پەخشانێکی جوانە بۆخوت نووسیوتە :

"لاپەڕی ویشکی کاغەز هەستی دەروونی ئاگرینم نادرکێنێ. پەڕاوپەڕ وشەی ناسک لەژێر نووکی خامە دەخزێ و بە نازەوە لێم سڵ دەبن و تیژ دێن و دەڕۆن...."

بەلام ئێمە پێمان وایە وشەی ناسک لە نووکی خامەت دەتکێ ورامودەستەمۆ لەسەر لاپەڕەی تەڕوبڕی کاغەز سەف دەکێشن و نامەکەت دەڕازێننەوە....

لە نامە جوانەکەتدا داوای دەستنیشان کردنی هەڵە وکەموکووری شیعرەکانت کردووە. پێشەکی با ئەوەت پێ بڵێین پەخشان باشتر لەشیعر دەنووسی بەلام لەشیعرەکانیشتدا تام وچێژی شیعر بەقەوەتە تەنیا شێوەی داڕشتن و هۆندنەوەی شیعرەکان ناتەواوە. ئەوەش بە خوێندنەوەی قانوونی شیعر دانان و شیعری شاعیرانی بەناوبانگ چارەسەر دەکرێ ئەوەش چەند نموونە لە شیعرەکانت ورەخنەی ئێمە لەسەریان :

فۆرمی ئابوونمان

شمارە

ناو..........شۆرەت...........دانیشتووی..................

...... تمەنم بەحیسابی زمارە ٥٤٠٠ ی شوعبەی ناوەندی بانکی سپەی ورمێ گرت و

فیشەکەم وتێرای ئەم بەرگە بۆ نادرن . لەژمارە.......را هەتا.......گۆواری سروەم.

بۆ بەرێ بکەن .

ناونیشان..................................

....

چی یە تاوانم کەهاتوومەتە
سەر ئەو زەویە
دەک نەبێ کەسێ لەراستی
دوژمنی سەرنەویە

میسرەعی دووەم لەگەڵ میسرەعی یەکەم دوو وەزنی جیاوازیان هەیە.میسرەعی دووەم وەزنی شیعری نیە و زۆرتر وەک پەخشان دەچێ لەباری مەعناشەوە لەنێوان میسرەعی یەک ودوودا هیچ پێوەندی یەک نیە .

بە یارمەتی خوا لە ژمارەکانی داهاتوودا ، هیندێک قانوونی شیعری عەروزی(عروضی) دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی عەزیز.

پیرانشار: **کاک محەممەد وەسیمی**

شیعرەکانت زۆر کزن . شیعری جوانترمان بۆبنێرە تا بلاوی کەینەوە .

بانە:**کاک عەلی حوسێنی**

شیعرەکانت زۆر کزن . لەباری وەزن وقافیەش کەموکووڕی یان زۆرە . بەهیواین شیعری باشتر— مان بۆ بنێری .

سەقز: **کاک شاهۆ ز.ی .**

شیعرێکت بۆ ناردووین کەهیندێ جێگەی بۆ ئێمە لێک نەدراوەتەوە. لێرەدا بۆ خوێنەرانی بلاودەکەینەوە لە تۆش داوا دەکەین مانای شیعرەکەتمان بۆ بنێری .عاشق (ع ـ ا ـ ش ، ق)

عەینی عاشق عەینی
عەینە. یەعنی چاوی مەستی
ئەو.
شینی شینی شەربەتی شەوق
ونیشانی شەمعی شەو.
قافی قومری قوڵفی قاف و
قەتڵی شاهۆ قەستی ئەو

کوردستانی عێراق: **شلێر**

سپاس لەنامەی بەسۆزت. بەرنامەی ریزەباسێکی گرینگمان لەمەڕ هونەری تەئاترەوە ئامادە کردووە، بەو زوانە بلاوی دەکەینەوە

تاران: کاک موحسین سالمی

شیعرەکەت جوانە. بەلام وەزنەکەی تەواو نیە . نووسیوتە :

ئێوارەیە
رۆژمەلێکی ماندوو
هەناسەی ساردی پیرەژنێک
لەگەڵ سێبەری دارەکان
دیسان چووە نێو چەتری شەو
ئێوارەیە
دڵ وەکوو مانگی کزی پایز
لەنێو ناخی کێوەکان خۆ
دەشارێتەوە....

"**ئێوارەیە**"چوار هیجایە ئەم شیعرە چوار برگەیی یە بەلام دوایە دێتە سەر "**رۆژ مەلێکی ماندووە**" ، حەوت هیجایە دەبێ دوو چوار برگەیی بێ. جا ئەم شیعرە بەشێوە ئیسلاح دەکەین خۆشت پاشماوەکەی ئیسلاح بکە.

ئێوارەیە
هەتاو مەلێکی ماندووە
هەناسەی ساردی داپیرە
لەگەڵ سێبەری دارەکان
دیسان چووە نێو چەتری شەو
ئێوارەیە
دڵ وەک مانگی کزی پایز
لەنێو دڵی کێوەکاندا
بەسپایی خۆ حاشار دەدا
چاوی منداڵە رووتەکان
ئەوا دەروانێتە چیا....

بوکان: **سولەیمان رەحیمی**

لە شیعرەکانتدا وشەی هاتەوە رەدیفە.جا وشەی گیانە وئازادی وتۆفان و بەهار دەبێ قافیە بن کە قافیە نین.

وەزنی شیعرەکانیشت زۆری ، کەموکووری تێدایە.

تەوریز :تەیب ئەحمەدبرواری

شیعرەکەت لەباری وەزنەوە لەنگە. لەباری قافیەشەوە وشەی بابروبایی مشک و بوون ، خەلات کرم و سوتم، قافیە نین. لەباری نێوەرۆکیشەوە زۆری کەم و کووری هەیە .

شیعری ئەم ئازیزانە شمان پێگەیشتووە کە لاواز بوون نەمانتوانی چاپیان بکەین

سەقز: **خالید**
بێتووش : **حوسێن ئیبراهیمی**
سنە : **ئیقباڵ ئیبراهیمی**
ورمێ: **جەماڵ قشووری**
خانێ: **تاهیر سوارە**
سنە : **فەرەیدوون رەهێڵە**
مەهاباد: **جەمال کۆکەیی**
ورمێ: **لوقمان موحەممەد**

شاعیرانی لاو

عەبدولقادر ئازمەند

تەوژمی غەم وەها بیری تەنیوم
بڕاوە بیری چواردەدەورو پەسیوم
بەدی ناکەم عەزیزێ دڵنەوازێ
بە تەنیا بۆپەنا وخەڵوەتخزیوم
لە ئاوێنەی ئەوینا کەس نەدیوم
لەخێوی ژینی دڵداری هەتیوم
لەمانای بەختما "نووریّ دەفەرموێ
وەکوو سێبەر لە رووناکی رەویوم
سروشتی کردەوەم پاراوو پوختە
لە بنچینەی ئومێدا تێکرمیوم
پتەولاشەو بە باهۆم داخی گەورەم
بە هەڵمی ئاهی ناکامی رزیوم
لەحاستی کۆستی گەردوون سەروم ئەمما
لەژێر کۆڵی کولیل چرچ و چەمیوم
لە ئەوکمدا قەتیسە بانگەوازێ
ئەوەند پڕتین وتاوە پێی چزیوم
وەنەوشەی مل کەچی جۆباری عەشقم
لەتینی حەسرەتا سیسم وەریوم
گەشەم کەوتێ کەسروەبردی حەسرەت
روحێکی دی لەنوێی تێدا دەمیوم
هەتا بۆمبێ شنەی ئەم سروە فێنکە
لەبۆ لادانی دژ شێری غەریوم
هەڵۆی تیژباڵی وێژەم تا ئەوم بێ
بەڵێ "قادر" بەرەوهیوا فڕیوم

قادر بابامیری

ئەوینت مەشخەڵێکی ئاورینە
ژیانی من بەشێکە لەو ئەوینە
دەسا سەر هەڵبڕە بڕوانە ئاسۆ
ببینە زەردە چۆن هەڵدێ لەرووی تۆ
ببینە تیشکی تاو بێتوو بدا لێت
بە داماوێوە خۆی داوێتە بەرپێت
دەچاو هەڵبێنە بابەو نیونیگایەت
پلەی جوانیت بگاتە بێ نەهایەت
گوڵم دنیا هەموو یەخسیری تۆیە
حوکمداری جیهان چاو و برۆیە
ئەگەر یەزدان دەمی عیسا دەدا بەو
هەناسەت پووچ دەکا سیحری دەمی ئەو
لە دوو لاوە شەپۆلی بسکی خاوە
بەسەر گۆنای زەریفتدا رژاوە
کەزەردەت دێتە لێو ودێیە سەر سۆ
جیهان دێنێ گوڵی ئاڵی دەمی تۆ
بەدانستە لە گەوهەر تاشراوی
لەبەر حوکمی خودای جوانیش نەماوی
بەرەو رووت بۆ عیبادەت رادەوەستم
لە قەرنی بیستەما من بوتپەرەستم

هەتا جێگەت پەڕەی دڵ بێ عەزیزم
بە ئامێزی گوڵیش متمانە ناکەم
کە تۆ شەمعی شەوانی تاری من بی
لەدەورەت چۆن وەکوو پەروانە ناکەم؟



تاهیر روستایی

لەهەر شوێنێک خۆر
گزنگی هەڵبێ
مەلێک لەلانەی دڵم هەڵئەفڕێ
خەندەی پیرۆزی لەتیشکی ئەسوێ
لەهەر شوێنێک خۆر
گزنگی هەڵبێ
نیگای ئارەزووم تینێتوی ئەشکێ
لەهەر شوێنێک خۆر
گزنگی هەڵبێ
گوڵێک لەباخچەی ئومێدم ئەڕوێ
لەهەر کوێێک
هەورێک روو لەخۆر بگرێ
چ فەرهەنگوکی شیعری ورد هەیە
تیگرا
دێنە جێژوانی شیعری نوێم

پەرویز جیهانی

ئەز دخازم، خودێ کەم،
کێرێ هلدەم دلێ خوە
ژبۆ تە تیش و کەرکەم
دلێ خوەیی ئەڤیندار
ل پێش چاڤێ تە وەکەم
لێ وەلێ ئەز دترسم،
ترسم کێرا دەستێ من ،
پشتی بڕینا دلا،
بگیژە ناڤ سۆر گولا،
ئیجا هینگا بێی سۆر گول
ئەزێ چ خالیێ ل خو کەم
خازی ، خازی ئەیجانێ
من بکاریا ئەویە کا ،
ژ بۆتە وا بکرا
یانێ دلێ خوەژ تەڕا
ب کێرەکێ کەرکرا

حەتا تە بچاڤێ خوە
ل خوونێ دا ناڤێ خوە
بینا بەژن و تیشکا چاڤ
بدیتا ناڤ نەینووکا
دلێ پاخسێ لێدایی
دلێ برین و کولدار
کوتە تێدا پالدایی
خازی خێرا مرازا
هەبا دەستێ خێر خازا
بۆ من بدا ئەو کێرا
تا من ل پێش چاڤێ تە
لبەر پێ و گاڤێ تە
دل کەر کرا ئارامی
تەژی بچاڤ بدیتا
توو خوونا دل خنامی
خازی ، خازی ، سەد خازی
ژ بۆ روحێ مرازی
جانێ م ژی بکاریا
بینا تەیا ناڤا دل
ب نەینووکێ بدادەر
تە بدیتا چاڤێ سەر

تویی لناڤ دلێ کەر
حەتا تە دکر باوەر
کو بینەیاتە یا گول
روونشتییە ناڤا دل
کو بینەیا تە یا گول
رونشتییە ناڤا دل
خازی ، خازی ، سەد خازی
دەستەکی هۆتۆ هەبا
کو دلێ هەر دلدایی
وەکرا ب رۆناهی
ل پێش چاڤێک تێدایی
حەتا ئەوان چاڤانا
خو ناڤ گوڵا خوونێ دا
بدیتانا سۆمەکار
ئێدی رەبەن ئەڤیندار
نەکرانا لۆمەکار
ئێدی رەبەنێ ئەڤیندار
نەکرانا لۆمە کار

سەرهاتیا گیکۆر ١



کافی ڕێبسار ئینایە سەر ڕێنڤیسا کوردی

مالا هامبۆیێ گوندیدا شەڕو دەعو بوو.

هامبۆ دخوەست گیکۆرێ خوەیی دونزدە سالی ببە شەهەر، بدە سەر شوخولەکی، وەکیبەبە مەری، بخەبتە. ژنا وی قاییل نەدبوو:

ـ ناخوەزم، تفالێ من نەبە وێ دنییا زولمێ ناخوەزم، ژنا وی دگرییا.

لێ هامبۆ گوە نەدایێ.

سبەکە خوەش بوو. سبەکە مەلوول، نەفەرێ مالێ و جینار حەتانی پەڕێ گوند هاتن.

سوورەتێ گیکۆر پاچ* کرن و ڤەڕێکرن. خووشکا وی زانێ دگرییا، لێ گالۆیێ بچووک بەرملا دێ دکرە گازی:

ـ" گیکۆل، تو کودا، دچی؟ هەیی گیکۆل!"

گیکۆر زوو، زوو، پش (پشت) خوەڤا دنهێڕی. ددیت وەکی ئەوانا هەلاپەڕێ گوند سەکنینە و دییا وی پێ شالکا خوە هێسرێ* چەعڤێ خوە تەمز دکە. دیسا رەخ باڤێڕا درەڤییا، یانێ ژی پێشییی دکەت. جارەکی ژی گیکۆر پش خوەڤا نهێڕی، گوند ئێدی پش تۆپکدا ئوندا* ببوو. پاشێ گیکۆر هەی پاڕا دما؛

ـ"دەوەرە گیکۆر جان، وەرە ها ئەم گهیشتنێ ها."

هامبۆ گازی کورێ خو دکر و دچوو. خورجەک پشتێ بوو. خورجکێ دا چەند نان، پەنیر ودەستە دو دو تتوون هەبوون.

بەری ئێڤارێ، وەختی ئەوانا ناڤا چییاڕا دەرباز دبوون، جارەکی ژی ناڤا دوومانێدا گوندێ وان دوورڤا خوویا* کر:

ـ"ئەدە ئای مالا مە ئەوا هانە ها!..."

گیکۆر تلییا خوەدرێژی گوند کر، لێ مال ئێدی نەدهاتە خوویا کرنێ وئەو دەرباز بوون وچوون.

ئێڤارا ئەولن ئەوانا گوندەکی دا بوونە مێڤان. مالخویێ مالێ دوستێ هامبۆ یێ کەڤن بوو.

سەماورا قیچک* سەر تەختە دکرە قلپە، قلپ. قیزەکە* جاهێل شخکە* شخکا وێ بوو، فینجان دشووشتن و چایێ حازر دکر. دێرەکی* سۆری بە-دەولێ بوو. وێدەرێ گیکۆر دلێ خوەدا گۆت:

"وەکی وەختا شەهەردا پەرە بکەڤنە دەست، زانێ را دێرەکی وی جورەیی بکرە پەی شیڤێ را مالخێ مالێ و هامبۆ پالا خوە دابوونە بەعلگی یا وقالن (قەلوون) دکشاندن وقسە دکرن. دەرهەڤا گیکۆردا خەبەر* دان مالخویێ مالێ پەیی هامبۆدا وەکی دچرچرە (تێدکۆشە) کورێ خوە بکە مەری (مرۆڤ).

پاشێ دەرهەڤا شیڕ دا، بهابوونا ناندا خەبەر دان لێ گیکۆر زەعف (زۆر) وەستیایی (ماندی) بوو، خەو ڕاچوو.

رۆژترا مایین ئەوانا گهیشتنە* شەهەر. چوونە جەم تەولەچییی کال*، سبێ چوونە بازارێ.

ژ هوندور* دکانەکی توجارەکی پرسی:

ـ"کالێ* وێ زارێ دخازی بدی خولام؟"

هامبۆ جاب دا:

ـ "بەلێ ئاغا"

وگیکۆر وی ئالی دا دەعفدا (پالدا).

توجار گۆتێ:

" بینە بدە من، ئەزێ بکەم خولامێ خوە."

وی ڕا دگۆتن ئارتێمی توجار

هامبۆ گیکۆر مالا ئارتێمێ توجاردا کرە بەردەستی.

قەول و قرارێ وان ئەو

بوو، وەکی گیکۆر گۆتی مال تەمز کرا، دەردان بشووشتانا، ملاس تەمزکرانا نان ببرا دکانێ وخەباتێ هاسڤک بکرا، حەتانی سالەکی. پەیێ سالەکی ڕا گۆتی ئەو ببرا دکانێ بکرا "شاگرت" و ب ڤی جورەیی گیکۆر گەرەکی پێشدا بچوویا.

توجار وەختێ گرێدانا قەول و قرار گۆت :



" حەتانی پێنج سالا ئەز هەلا پەرا نادم. هەقییێ کەڤە گەرەکی هەلا (هێ) تو بدی، وەکی کورێ تەیێ تشتەکی هین بە.

ئاخر قەت تشتەکی نزانە....

هامبۆ گۆتی :

" خەزین جان،وێ کوزانبە، وەکی بزانبوویا،ئێدی منێ چرا بانیا،من ژی ئانییە وەکی تشتەکی هین (فێر) بە...

– وێ هین بە، وێ حەموو تشتێ هین بە،وێ ئوساهین بە وەکی ....

ئەو " نیکۆلێ" ئالییی وە چ! وەکی خوەڕا نها دکان ڤەکرییە، ئەو ژی جەم من بوویە مەری. لێ هەما ئاخری یێ دو کەڤچیێ چایێ و چەند تشتێ مایین دزین...

– نا خەزین جان ،ئەڤا نادزە، وەکی تشتەکی ئوسا بکە، ئەزێ بێم ملێ وی ڕا بگرم وباڤێمە کۆڕێ.

– ئەرێ، وەکی دەست درێژایێ نەکە وێ ببە مەری.

– دەردێ من ژی ئەوە ، ئاغا جان، وەکی ببە مەری، زمێن (ئەزمانی) هین بە، نڤیسار وخوەندنێ هین بە، رابوون وروونشتنێ هین بە مەری یا ناسکە ، وەکی دنیایێدا مینا (وەکی) من بەلەنگاز و فەقیر نەمینە.

ئەو ژی زاڕۆکە چەعڤـ نان ژی ، روون ژی، شیر ڤەکرییە. ئیشکۆلا گوندێ مەدا وەکی هین بوویە، حەرفا ناس دکە. لێ هیڤی یا من ژ تە ئەوە وەکی ڕند گوە بدییێ،زاڕۆکە ،خەریبە ، تفالەکە....

توجار هامبۆ ئارخایین (پشتگەرم) کر و دەرکەتە دەرڤا ، ب دەنگەکی بلند ئەمر کر :

" نان ، چایێ ڤانارا بینن ! "

باڤ وکوڕ ئاسپێژخانا ئارتێمێ توجاردا روونشتبوون .

– دە گیکۆر جان ، ئێدا تو دزانی، ئەزێ ببینم،جکا کوڕەکی چاوا ژ تە دەرتێ.... تو گەرەکی ئوسا بکی وەکی... ئەز چ زانم؟ یارەبـل عەلەمی.... هامبۆحەزەنگەک (کەسەرەک) هاتێ و قەلنا خوە داگرت .

لێ گیکور ژی هەر چار ئالییێ خوە مێزە دکر.

– ئەدە بخێری یا ڤان تونە ؟

– نا ، یاڤان سۆبەیە، ئایی ئەواهانە...

– بێدەرێ ڤان ژی ، تونەنە ؟

– ئەڤانا شەهەرینە،خوە گوندی نینن ،وەکی بێدەرا (جۆخین) بکن .

– لێ نان ژ کو تینن ؟

– پێ پەرا دکرن،دخون.

ژی، قاتخ (ماست)ژی، داراژی ئاڤێ ژی پێ پەرا دکرن.

– پەیی !...

– لێ ڤێرا دبێژن تفلیس ! تو قۆچاخ* بە، تێ هەلا گەلە تشتی بزانبی.

– ئەدە...دێرا ڤان هەیە؟

– هەیە لێ، ئەو ژی، مینانی مە ئەرمەنییێ خاچ پارێزن. گوهێ خوەبدە من دەست درێژایێ نەکی... دبە، بۆنا تە بجیڕبینن، پەرا باڤێژنە عەردێ،نێزیکی نەبی. یانێ وەختێ هلدی ژی ببە بێژە.... خانم ئەڤ چ پەرەنە ڤرا کەتبوون، ئاغا ئەڤا تشتێ هان من ڤێدەرێ دیت .... یانێ نا ...بێ وەخت جمی یادا، نەچی پەرێ کو دکەڤنە دەستێ تە، کۆر پووچ نەکی، حەزار دەرد و کولێ مە هەیە. ڕندمقاتی* خوە بە، شەڤێ سەرخوەنەڤێژە خوە نەدەسەرمێ... جارجارا ژی کاغەزەکی بدە مەری یا مەڕا بشینە– هامبۆ هەی قەلوون ژدەڤێ خوە دەردخست و هەی ژی پیڕا کوڕشیرەت دکر.

لێ گیکۆر ئێدی دهێنژی .

دقەومە هوورکێ نان ، نانێ کارتۆ بدەنە تە بەرمایی یا خوارنێ بدەنە تە، گەلەجارا ژی ئەوێ بخون، لی نادنە تە، تشت ناکە. خولامەتی ئوسایە، رۆژن وێ بێن و دەرباز بن ...

باڤی هاکور شیرەت دکر. لێ گیکۆر پشتا خوە دابوو باڤێ ئێدی رازا بوو.

وان هەر دو رۆژا ئەوی ئەوقاس (ئەوەندە) تشت دیتبوو، وردا ،وێدا نهێڕی بوو ،وەکی گەلەکی وەستیایی بوو.

دکانێدا تژی ئێمیش،تۆپێ چیتێ رەنگ رەنگی کومینانی لۆدا* دانیبوونە سەر هەڤ تیتکێ جورە جورە، کۆمێد زارایە کو دچوونە خوەندنخانێ، یانێ ڤەدگەڕیان . فایتوونێ کو دابوون پەیێ هەڤ ، کارڤانێ دەڤا (هێشترا) مەرکەبێد بپنجارێ بارکری، کینتۆییێد ( ) سنی سەر سێری، قالمەقالم وقاژەقاژ ڤان گشکا (هەموویی) تەڤی هەڤ ببوون وسەرێ وی دا دکرنە گوژەگوژ. ئەو وەستیایی بوو پشتا خوە دابوو باڤێ و رازا بوو.

وی چاخی توجار و ژنا خوە هوندوڕدا دکرنە شەڕ. ژنێ گازنێ خوە دکرن،وەکی خولامی خامە، تەزە ژ چییێ هاتییە، بەیانییە ، لێ مێر شابوو، وەکی خولامەکی چەند سالایی بێ هەق گرتییە.

– وێ هین بە،خوە ئوسا نامینە،ئەوێ ژنێڕا دگۆت ، دێ یا توجارە پیر هێڤی دکر و دگۆت :

–" وێ هین بە لاوۆ، قەت دلێ خوە مەکە."

لێ ناتۆ خانم قاندرمیش نەدبوو (سەرووەخت نەدبوو) ئەو هەم دگرییا ، هەم ژی نفری ل بەختێ خوەدکر

گیکۆر تەنێ ل ئاسپێژخانا ئارتێمێ توجاردا روونشتبوو ئەو ئێدی بەردەستی بوو.

کومێ خەزینێ کەڤن کو دهات دکەتە سەر چەعڤا کربوو سەرێ خوە، جۆتە سۆلێ* کەڤن(کۆن) کربوو لنگێ خوە. کراسەکی چیت خوە کربوو،سەری حەتانی لنگا ئاها هاتبوو،گوهاستێ ئەو ئاسپێژخانێ دا روونشتبوو، دفکری. وەکی چڕا ژ گوندێ خوە هات کەتە کیدەرێ،نها وێ چ بکە وی چاخی ناتۆخانم هاتە هوندوڕ. گیکۆر جییێ خوەدا روونشتبوو.

خانمێ تشتەک گۆت ،گیکۆر ڕند نەبهیست ، یانێ فەعم نەکر.

– ئەز تەڕانینم، لۆ کوتکێ* حرچا ؟

گیکۆر تەڤی هەڤ بوو، خو یی دا ، خوەست بپرسە وەکی چ دبێژە.لێ تورش نەکر خانم ب هێرس دەرکەت :

– ئێ ،خوەلی سەرێ وەبە راستی ژی هوون بەیانینە*، هەلاتێن وسەرێ مەری یا ژی

دبنە خەتا... ئەز گلێ* یا (گۆتن) دبێژمێ، ئەو ژ جییێ خوە ژی ناهەژە دەنگێ خوە ژی ناکە....

– کوتا بوو، گیکۆر فکری لێ چقاس زوو کوتابوو چقاس خراب کوتابوو...ئەزێ نها چ بکم؟ باقێ من ژی چوو...

ئەو دفکری، وەکی هەر چار مەجال لێ هاتنە برینێ، گاڤا دی یا توجار،پیرارەحمە کنجێ* رەشلێ بەرخوەدا خەبەر ددا وهاتە هوندورو گۆت :

"وەختێ خانم دەرداتێ تو چرا ژ جییێ خو رانابی لاوۆ ؟"

ئەوی گیکۆر شیرەت دکر وەختا تشتەکی دپرسن دەنگێ خوە بکە... ئوسا نابە !

پیرێ را دگۆتن "دێدێ".

دێدێ گیکۆر هین دکر وەکی چ گۆتی بکە سەماورێ چاوێ باڤێ ژێ ملاسا تەمز بکە، چۆتکێ بگرە،دەردانا بشۆ...

خینژی (بلی) دێدێ یاپیر یێ مایین گژک* دلێ وی دکەتن، شاگرتێ دکانا توجار ژی هەرتم (هەمیشە) قەرفی خوە (ترانێ خوە) وی دکرن، ژێ را دگۆتن گیکی" پۆزێ وی (دفنا وی) دکشاندن، ناڤا چەعڤادا ددانی، کومێ* وی دکرنە سەر چەعڤا.

لێ چارڤان تەماما دبوو.

هەرچار وێ یەکێ نەدبوو، وەکی ئەوی نکار بوو بەر برچیبوونێ تەیاخ(دەوام) کرا. مالێ دا وەختێ برچی دبوو،دچوو نان ژ ئشکەڤێ* هلتانی، پەنیر ژ کووپ دەردخست و دخارو دچوو خوەرا دلیست یانێ ژی دکرە پێشا خوە و دچوو چۆلێ. چ وەختا دلێ وی دخوەست بن دارەکیدا یانێ سەر کانیکی روودنیشت و دخار.

نها ڤێ دەرێ جورەکی مایین بوو.چقاس ژی برچی بوویا، گۆتی بەرخوەبدا، حەتانی وەختی خوارنێ دهات ،ئەو ژی گەرەکی بخوەرانا،پاشێ ئەوی بخوەرا . ئەو بێ خوویێ وەعدە ژی ئوسا دەرەنگ دهات وەکی برچیبوونا ئەو ددەلییا (نێز دبوو).

پاشێ سەبر کرنا جارەکی دودا ، دەها ،ئەوی ئاسپێژخانێ دا چەعڤێ خوە هەرچار ئالیا گەراند، جکا قە تشتەکی خارنێ تونە، بخوە وەکی دلێ وی ناڤا نەچە (دلێ وی نەخەرقە) حەتانی وەختێ خارنێ تێ .

پێشییێ چ ددیتەهوورکێ نانێ حشک، هەستییێ کۆتی* (کۆژتی)،یانێ ژی تشتەکی مایین دکرە دەڤێ خوە.

خێلەکێ شووندا فکری(پاشی بهۆرینا دەمەکی کێم فکرکر) وەکی ئشکافێ ئاسپێژخانێ بنهێرە. پاشێ خوە راکرە خەیسەت ، چیتێ گوشتێ نیڤکەل ژ بەرۆشا خارنێ دەرینە.

لێ وەکی بدیتانا!... وێ چ تشتەکی خراب بقەومیا. وەکی بدیتانا!...

لێ چ بکی ؟

بهێلی و برەڤی ؟...

گیکۆر دەست پێ کر دەرهەقا (ل بارا) رەڤێ دا فکری .

لێ چاوا برەڤی ؟ کی ئالی برەڤی؟ تەنێ رێ و درباnزانی*، مەری یا ناس ناکی ....لێ باڤ ....

ئەو قاس چرچری، خەبەردا ، شیرەت کرروژن لاوۆ ،وێ بێن و دەرباز بن...وێ دەرباز بن !...."

زەنگلێ خستن

گیکۆر ژ جی قولۆز (بلند) بوو. ژێ را گۆتبوون،وەکی وەختا زەنگلێ دخن ، هەرە بنهێرە کییە.چ دخازە. ئەو دەرکەتە دەرڤا ، ژ رەواقێ (ئەیوانێ) بەر ژێر نهێری . دیت وەکی ماقوولەک وچەند خانم بەردێری سەکنینە .

ژۆردا کرە گازی :

" هوون کینە؟ ئێ ! "

ژ ژێری ژۆری نهێرین (میزە کرن) خانم کەنییان لێ ماقوول بەر چەعڤکا خوە

راست کر وپرسی :
" خانم مالە؟"
گیکۆر پرسی :
" چ شوخولی وە پێ هەیە."
ژێری شەڕ دهاگوڕ بوو.
ماقوول هێرسکەت (توورە، بوو):
" ژ تە دپرسن مالە یانێ نا! "

ـ شوخولی وە لێ هەیە؟
سەرڤێ قالمە قالمێ خانم دەرکەتە دەرڤا :

ـ وەی تو چیتی چیتی بی، هەی، دە زوو هەڕە دێری ڤەکە."

کرە قووژین ودەستپێکر نفری ل گیکۆر ومێرێ خوە کر. لێ زووترەکی مێڤان هاتنە کفشێ وئەو بەشەرەکە خوەش چوو پێشیا وانا.

ـ ئێ، سەلام، هوون ل ڤر؟! ئەو چاوابوو وەکی وە ئەم بیر ئانین.

ماقوول سەری حەتانی لنگا ل گیکۆر نهێڕی وپرسی:
" وە ئەو ژ کیدەرێ، دیتییە ؟"
لێ خانم ژێ هەلاهێ دکەنییان

ـ چ چەعڤ*نەباری یێ دکن ئەگەر هوون دخازن ئەم بدنەوە؟! خانمێ ب لاقردی گۆت ومێڤان ب کەن چوونە هوندوڕ.

ناتۆخانمێ گیکۆر جییا دا شاند وپێڕا، پێڕا داپەیێ ڤان وهاتە هوندوڕ.

پاشی سلاڤ، کلاڤا، مێڤانا دەست پێکرن سەرهاتییا هاتنا خوەیە هوندوڕ شرۆڤە کرن وبوو سەرهاتیکە مەزن.

ـ ئۆف، ئەوی مەرەزا من گیهاندییە... ناتۆ خانمێ گازنێ خوە دکر، وەکی هوون زانبن ئەو چ تینە سەرێ من ...ئەز دبێم ئەم دەرخن، برا بجەعنمە هەڕە، لێ هوون خەیسەتێ "ئارتێم" زانن، دبێ گونەیە، زاڕا، گوندە، برا بمینە، پارییێ نانە، وێ بخوە، وێ هین بە. ئاخرتاکەنگێ؟ ئەوی مەرەزا من گیهاند...

ـ خانمێ مێڤان ڤی ئالی وی ئالی دەست پێکرن گازنین :

ـ وەی، وەی، وەی ئیدایا وان خولاما نەبێژە.

وەکەنیڤ سەعەتێ ڤردا وێدا ژخولاما ژ تەزەتییێ شەهەر خەبەردان.هەماسەروێ خەبەردانێ گیکۆرێ خوودایی هاتە هوندوڕ:
"خانم من ئێمیش (مێوە) ئانی.

ـ ئەرێ، دەپاک، هەڕە.
خانم سۆرۆمورۆ بوو، ئەمر کر. لێ مێڤان کەنییان .

ـ "خانم خەزین دگۆت فشنە بهانە نەلازمن..."

سەرڤان گلییا بوو پیرڤیناهنەکا و ب دەستمالا دەڤێ خوە گرتن، لێ یێمایین ژێ بۆنا روورەشی-یا خانمێ بدەنە ڤەشارتنێ، گۆتن وەکی راستی ژێ فشنە زەعف بهانە،ڤێچاخی کی فشنا دکرە؟ پاشێ لێ هلاتن وەکی ئێمیش چڕانە، خوە بۆنا نان خارنێ نەهاتنە، چرا جەفێ دکشینن .

کەڤانییامالێ حەتانی پەلکا گوە سۆرۆمۆرۆ، ببوو،هەرتەهەری دخوەست ئەوێ روورەشی یی بدە ڤەشارتنێ.

ـ کی زانە چ گۆتییە، ئەڤی ئەفسانەیی فەعم نەکرییە :

ـ کمی دەرەوا دکە عەردێ دا هەڕە."

گیکۆر سووند خارو حەموو تشت تەمام بوو.

ناتۆ خانمێ گاڤا مێڤان ڤەرێکرن ،ب هێرس بلند بلند خەبەر ددا وئیستۆ لا ئێمیش بەرەڤ دکر. ئەوێ گیکۆر ڕاددا چیڕا، یەک یەک ددا رێزێ، وەکی ئەو چ دکە، نفڕی و ئافڕی ل بەختێ خوە،مێرێ خوە دکر.
دێدێ یاپیر دکرە ئاخین :
" ڤیزێ خامە، لاوۆ وی هین بە،لاوۆ تو چڕا بینا خوە تەنگ دکی... ئاخ خودێ تو چرا روحێ من ناستینی ..."

ـ خوەزل "خوزی" من زانبوویا گاڤا هێرسا مەری یا رادبە،توج خەبەر ددی ... وەکی خامە

دەهوون دەوسێ* بخەبتن، خو
ئەز نە خولامێ وەمسە ...
بووکێ دها دەنگێ خوە بلند
دکر،جابا (بەرسڤا)پیرێ ددا و
حەتانی هاتنا مێر گازن و
نفڕی دکرن .
گاڤا دەنگێ لنگی مێرێ
خوە بهیست ،دەست پێکـــر
گرییا،دها بلند خەبەردا و
ودەردان لەڤ خستن.
ئەز دبێم دەرخە، بـــرا
بجەعنەمە هەڕە:
ـ ئەزێ خولامەتیـــێ ژی
بکم،یانێ حەیفا تەپەراتێ
وەکی خولامەکی پاک بگری؟..
دها پاکە مەری یێ خولامەـ
تییێ ژی بکە، نەکو هەڕو
ها هنا ڤی مـــەری یـــا
زەرکە... خوە تو نە دژمنی
منی ؟
توجار ئۆرتا مالێ سەکنی
و پرسی :
" چ قەومییە ؟"
ـ ئێدی وێ چبە، هەو
مابوو وەکی ئەم بەرخەلقێ
ژی عەردێ ساردا بچوونا،
تە ئەوژی کر،ئێدی وێ چ
ببە."
خانم ژ جی قولۆز بـــوو
گلییێ فشنا ژێڕا گۆت :
ـ توجار کرەگازی:
ـ" پەی ؟!"
ـ ئاخ خودێ،پیرا رەحم
کەسەر رادهشتن و ڤـــردا
وێدا دچوو و دهات .
توجار گازی گیکۆر کر.
گیکۆر ب تەرپە تەرپ هاتە
هوندوڕ.
توجار گازی کرێ:
ـ" ڤردا وەرەا"
گیکۆر ژ رەنگێ روویێ
وی ترسیا،جییێ خـــوەدا
سەکنی .
ـ ئەز تـــەڕا دبێـــژم
وەرە نێزیک ...
ڤێ جارێ گیکۆر ژ جـــی
لەقییا،لێ دیســا جییـــێ
خوەدا سەکنی...
ـ لۆ کوتکێ حرچا ئەز
تەڕا دبێژم،هەڕە خانمـێ ڕا
بێژە،لێ تو تێی مێڤانا ڕا
دبێژی ؟! وەکی فشنە بها نە
ئەرێ ؟! ...
ـ من...من...خانمێ ڕا ..
گیکۆر دخوەست خـــوە
عەفوو کرا ، لێ گلی هە لا
(هێ)دێڤدا (ل دەڤی دا)توجار
شەماقەک دایێ، بەرچەعڤـێ
وی پرێسک* پەکییان ،سەرێ
وی ل دیوارێ کێلـــەکـێ
کەت وعەردێ کەت . توجار
عەردێ دا پێ پحینا (پێنـــا)
لێ ددا وهەی ژی پیــڕا
دوەکلاند* فشنە بها بوون ،
ئەرێ...فشنە بهـــا بوو ن
ئەرێ ؟! ..."
دێدێ با پیر ب رجاف
(لەرزین) کـــەتـــە ئـــۆرتـــێ
(نیڤەکی)، دخـــوەســـت کۆڕێ
خوەیی هار بوویی پاشـــدا
کاشکە، خانم ژی هات .
زاڕا ژی کرە قاژە قـــاژ



توجار سەکنی ، بێن فشک
پێ کەتبوو، دوەکـــلانـــد
(دگۆت) :
" فشنە بها بوون ئەرێ؟"
چەعڤێ خوە کوتـــا بـــوو
گیکۆرێ کو قولچدا(کونج دا)
قنشلی بوو سەرهەڤەدلەرزی
و دکرە زارە زار:
ـ وەی دایێ جان،وەی
دایێ جان، وەی !...

بـەرەوزمـانـی یـەکگـرتـووو

خەبەرزکن



سەیدکەمال نزامی

ئەز پیرە کالەکم کو دەرد و ئێشید ژیانێ پشتا من خار کرییە، نەداری و فەقیریێ دەست وپی یێد من گرێ دایـە، من ژیانا خو ب پالەتی و خولامەتی یێ بهۆراندییە هەر رۆژێ مالا من پشتا من بوو، ڤی گوندی دچۆمە وی گوندی. ئەمما دەردێ کو ژ حەموو دەردان گرانترە و ئاخینێ دئینە بەر دلێ من ئەڤەیە کو دێ بووە جەوان و خۆرتێد زەمان بێژم هیڤیدارم ببە هەگەرا عیبرەت وشیرەت، لێ ڤەگرتنا وە گەنج وخۆرتێد خۆشدڤی بەلی سەرهاتا ژینا من ڤهە دەست پێ دبە :

ئەز مرۆڤەکی فەقیر و نەدار بووم. من و خیزانا خو شەڤ و رۆژ بۆدەست ڤەئینانا کەرەک نان خولامەتی وپالەتی دکر، پاشی چەند سالان خیزانا من پێگران بوو، ئەمما ل بەختێ رەش یا باشتر بێژم نەداری وفەقیری بوو هەگەرا ل دەست چوونا خیزانا من .

بەلێ رۆژا کو خیزانا من بچووک دبوو زۆر نەرحەت و نەخۆش بوو، م ل هەر دەرکی دا، بەلکە هندەک پارە قەر کەم، خیزانا خو بگەهینمە شار سەر دوختۆر و حەکیما. ئەمما بێ فایدە بوو چ کەسەکی دەستێ من نەگرت .ئاخرو عاقبەت خیزانا من ل ڤێ دونیایێ بۆ هەمێشە خاترێ خو خاست وئەز هێلام و گەل بچوکەکی .

بهەر گۆل و دەردەکی من ئەو مەزن کر و دانانده بەر درس خاندنێ،شەڤ و رۆژ م زەحمەت دکێشا، ب پالەتی و خولامەتیێ من شیا کۆرێ خو رێکەمە باژێر. تەواو خەباتا من ئەو بوو کو کۆرێ من دەرسێ بخوونە.

بۆڤێ هندێ کو کۆرێ من پێ فکرەکی ئازاد بێ گیروگرفت دەرسێ بخوونە. من چ ژن نەئینا هە ئەز بووم و ئەو.

ل ڤێ دونیایێ دا تنێ ئارزوویا من ئەوە بوو کو کۆرێ من دەرسێ بخوونە ، بەلکە ل ئاخریا عەمرێ خودا ئەز بشێم ئاسوودە روونمە خارێ نانەکی رحەت بخۆم، ئاخر وعاقبەت پاشی بهۆرینا چەند سالا کۆرێ من دەرسا خو خلاس کر، چوو شارەوانیێدا خەریک بوو و دەرجا ئەفسەرییێ ڤەرگرت . ئەز زۆر کەیخۆش بووم کو زەحمەت و ئەزییەتا من ب خۆرایی نەچوو، ئەمما م نەزانی کو بەدبەختی یا ژیانا من تازە دەست پێ دبە .

پاشی هنگێ کو کۆرێ من چوو شارەبانییێ، ئێدی ئەز ل بیرا خۆ برم و های ژ م نەبوو، هەشت و نەه سالەک بهۆرین ،ئەز زۆر پیر ببووم ئێدی من تاقەتا شۆل کرنێ نەمابوو، چ کەسەکی ئەز بۆ پالەتیێ قەبوول نەدکرم ،نەخۆش و ماندی کەتبوومە بەر دیواران تنێ ئومید و هیڤی یا من کۆرێ من بوو، رابووم دوورا هاتم باژێر، بهەر جورێ هەبی م نیشانیا شارەبانیێ پەیدا کر هاتم بەر دەرێ شارەبانیێ مەئمموورەکی جاحێل بەر دەری راوەستابوو قەستا من

کر و هندەک پارە دەرێخست کو بدەتە
من ، م گۆت :

ـ ئەز پارسەک نینم م شۆل فلان
کەسێ هەیە .

گۆت : تە چ شۆل پێ هەیە.

م گۆتێدا : ئەز بابێ وی مە ،ئەوی باور
نەکر، فکر دکر م هش وەدامێد خو ل
دەست دایە.

گۆت : بەس لێرە راوەستە دێبچم بێژ-
مێدا.

پاش چەند دەقیقا هات و گۆت :

ـ خالۆ من گۆتە تە، تە خەبەرێ
من نەکر، بخو گۆت م باب چنینە بابێ
من مێژڤە مرییە .

باوریا من پێ نەهات ،تەواوبەدەنێ
من بوو ئاڤ . من دەستدا گۆپالێ خو
بزۆرێ قەستا حەوشا شارەبانیێ کر، هندی
مەئموورا کر، نەشیان پێشی یا من بگرن
چاڤێد من زەربانداطاری بوون ،یەکمین
ئۆدا کو ئەز گەهشتمێدا من دەرێ وێ
ڤەکر . کۆرێ من ل پشت مێز روونشت
بوو سەرێ خو بلند نەکر، م ل هەوارا
دا، چوومە پێش،بێی وێ هندێ کو سەرێ
خو بلند کە کرە گازی مەئموورا ئەڤی
خازۆکی فرەدەنە دەرێ.

ئەز جهێ خودا حشک بووم . چەند
مەئموورا دەستێ من گرتن ، بزۆری ئەز
ل ئۆدێ دەرێخستم، هەلا هەلایا مەئموورا
ئەیوانا شارەبانیێ تژی کر بوو.

نشکێدا دەنگێ مرۆڤەکی ل دوورڤە هات
گۆت :

ـ بەردەن .

کرە گازی من ، خالۆ کا وەرە ئێرە .

ئەز برمە ئۆدا خو ،گۆتە من خالۆ
تە چ شۆل هەیە و تە چ لازمە .

من گۆتێدا :

ـ ئەز نەهاتمە چ، ئەز هاتبووم کو
کۆرێ خو ببینم ئەوژی وەکوو دیارە کۆرێ
من لێرە نینە.

بهەر جورێ هەیی من حال و قسەتا
خوو کۆرێ خو ژ سەریدا بۆ وی گۆت .
سجلا من ل م وەرگرت و پاش چەند
دەقیقا کرە گازی کۆرێ من :

ـ کا وەرە ئەوە کی یە؟

کۆرێ من هێشتا نەهاتبوو ژۆردا ،دوورڤە
گۆت :

ـ جەناب سەرهەنگ ئیرۆکە ئاوروویا
چەند سالەیە من لال، دۆست و هەوکارا
چۆ، ئەز کیدەرێ ،ئەو پارسەکە کیدەرێ

سەرهەنگ سجلا من فرەدا لال، وی و
گۆتێدا :



ـ زوو پێش چاڤێ من دەرکەڤە دەرێ،
تە سەلاحییەتا وان جلکا چنینە زوو ،
تەحویل بدە دەرکەڤە.

مێژوویا ژینا پر دەرد وئێشە من
وەکی پەردا سینەمایێ ل بەر چاڤێ من
بهۆری، ئەو سالێد کو من ب کول و
دەرد ئەڤ کۆرە خودان دکر هاتە بیرا
من و من ئەو دەم دگەل ڤێ گاڤێ،دا-
بەرێیک، گەلۆ دەستڤەهاتا چەندین سال
زەحمەت و دەردەسەرێ هەر ئەڤە بوو کو
من دیت؟!

ئه‌م وتاره وه‌رگێراوی شیعری مه‌رگی گورگ ی ئاڵفرددۆینی یه که‌شاعیرێکی به‌ناوبانگی رێبازی رۆمانتیکی فه‌رانسه‌یه (۱۷۹۷ تا ۱۸۶۳ میلادی) **سروه**

مه‌رگی گورك

عه‌زیز که‌یخوسره‌وی له‌فارسی یه‌وه کردوویه به کوردی .

هه‌وره گه‌واڵ گه‌واڵه‌کان وه‌ک دووکه‌ڵی که له ئاگرێکی گلێه*سه‌ندوو راپه‌ڕێ وده‌رباز بێ، به‌له‌*ز له‌رووی تریفه‌ی خه‌رمانی مانگ تێپه‌ر ده‌بوون،چرستانه‌کان تا داوێنی ئاسۆ وێکرا نوقمی تاریکی وئه‌نگووسته چاوی بوون .

ئێمه هه‌موو له‌نێوکوێره رێگای نێو چیمه‌ن وبژوێنی شه‌داردا شه‌قاومان ده‌ها ویشت کوت وپڕ له‌ژێر چه‌ند دارێکی سنه‌وبه‌ردا ، شوێن پێی گه‌وره‌ی گورگه گه‌ڕۆکه‌کانمان دیته‌وه که له‌مێژ بوو به شوێنیدا وێڵ بووین . راوێستاین مته‌قمان له‌خۆ بڕی . هه‌ستیارانه گوێمان هه‌ڵخست هیچ ورته‌یه‌ک له دڵی پێده‌شت ولێڕه‌واردا هه‌ست پێ نه‌ده‌کرا ، جگه له جریوه‌ی باڵنده‌یه‌کی ده‌مبه سکاڵای مه‌ینه‌تبار که له ئاسماندا بوو ده‌نگێکی دیکه نه‌ده‌بیسترا ،

با به‌رزه‌فڕانه شنه‌ی ده‌هات پێی له‌سه‌ر کۆشکی ته‌ریک وئه‌و داروبه‌ردانه‌دا داده‌نا که له قه‌راغی گاشه‌به‌رده‌کاندا چه‌میبوونه‌وه به‌چه‌شنێ ئانیشکیان دادابوو ده‌تکوت خه‌و بردوونیه‌وه . گه‌رچی دنیا کڕوکپ بوو، شاره‌زاترین راوچی له‌کۆڕی ئێمه‌دا دانه‌وی یه‌وه وله‌سه‌ر زیخه‌لانه‌کاندا پاڵ که‌وت ئه‌و که هه‌رگیز درۆی ، له‌گه‌ڵ نه‌کردبووین برێک دوای ئه‌و به سرته هه‌واڵی دا که ئه‌وه شه‌قڵی شوێن پێی دووگورگ وبێچووه‌کانیه‌تی ئێمه‌ش خێرا کێرده‌کانمان له کێلان ده‌رێنا و چه‌کی راومان که لووله‌کانی ده‌دره‌وشانه‌وه شارده‌وه .لاسک وگه‌ڵاکانمان وه‌لادا تا به هه‌نگاوه ئه‌سپایی یه‌کانمان بڕۆینه پێشه‌وه. له‌ پڕدا سێ که‌س له‌ئێمه له جێی خۆیاندا قیت بوونه‌وه،من برێ چوومه پێشه‌وه تا بزانم چییان دیتوه، سه‌رنجم به دوو چاو که‌وت که له‌و شه‌وه‌زه‌نگه‌دا تروسکه‌یان ده‌هات . که‌مێ دوور له‌وان چوار قه‌ڵاقه‌ت له تریفه‌ی مانگدا له‌ناو بژوێنه‌کان هه‌ڵده‌به‌زینه‌وه و شێوه‌ی ئه‌و سه‌گانه‌یان ده‌دا که هه‌موو رۆژێ له دوای گه‌رانه‌وه‌ی خاوه‌نه‌کانیان که‌یف خۆش ده‌بن و به قروسکه‌قروسک ده‌که‌وتنه‌هه‌ڵبه‌ز ودابه‌زه‌وه، شێوی هه‌رچواریان وسه‌ماکانیشیان وێک ده‌چوون به‌ڵام بێچووه گورگه‌کان له‌کاتی کایه‌دا بێده‌نگ بوون، له‌به‌روه‌ی ده‌یانزانی که دوو هه‌نگاو له‌ولایانه‌وه دوژمن یانی به‌ره‌ی ئاده‌میزاد له‌چوارچێوه‌ی خانووچکه‌که‌یا- ندا وفێڵبازانه بۆسه‌یان بۆ ده‌نێته‌وه .

گۆڵه گورک له‌سه‌ر پێ راوه‌ستابوو. برێ دوورتر له‌شان دارێکدا دێڵه‌گورگ وه‌ک په‌یکه‌ری ئه‌و گورگه‌ی که رۆمیانی کۆن ده‌یان په‌رست و رێمووس و

رۆمۆلووس لەمەمکەکانی ئەو شیریان دەخوارد چوبووەخەو و گۆلّەکە هاتە پێش و چنگی تیژی لە زیخەکە دا نوقم کرد وهەلّتوتکا .چون تێگەیشتبوو کە ڕێگەی دەربازبوونی بۆنەماوەتەوە و لەهەموو لایەکەوە لە گەمارۆدایە وئیتر ڕێگای دەربازبوون لەمەرگی نەماوە کاتی مەرگی بەچاوی خۆی هەست پێکرد لەجێی خۆی هەستاو بە تووڕەیی یەکی زۆرەوە کەلّپەی زاری ئاگرینی لەقوڕگی دڕترین سەگی راوی ئێمە گیر کرد، ئەگەر چی گوللەکان پەیتا پەیتا گۆشت وپێستی لێکتر یەکا*لاّرە کردن وکێردەکانی ئێمە بەردەوام لە دوو کەلەکەی ڕۆدەچوون ولەنێو لەشیدا یەکا*نگر دەبوون.ئەوەندە بە کەلّپە ئاسنینەکانی قوڕگی تاژی گوشی ئاخری لەبەر پێی دا گلۆ*ر بۆوە. ئەو کاتە گورگ دەستی لێ هەلّگرت وبە وردی سەرنجی ئێمەی دا. کێردەکانی ئێمە تا مشتوولە هەردوو کەلە ـ کەی ئەو بەئاشکرا جێگیر ببوون .

لەنێو چیمەنە بەخوێن سووربووەکەی خۆیدا بە یەکجاری لە جوولّەیان خست تفەنگەکانی ئێمە بەشێوەی نیمچەکەوانێک جەستەی داماویان ئابلۆ*قەدا. گورگ جارێکی دیکەش بە ئێمەی دا روانی یەوە، پاشان لەسەر زەوی بۆی درێژ بوو.

سەرقالّی لستنەوەی ئەو خوێنە بوو کە ئەملاو ئەو لای زاری داپۆشیبوو. بەبێ ئەوەی زەحمەتی بیرلەمردن کردنەوە بدا بەخوێ، چاوە زبرەکانی لێک نابێ ئەوەی بچووکترین هاوار بکا گیانی سپارد.

نێوچاوانم خستەسەر چەکە بێ ساچمەکەم وچوومە ناو بیروخەیالاّتەوە ،لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی خۆم بەگرتنی پێ شوێنیدێلّەکەوبێچووەکانی رازی کەم.کە هەرسێکیان لە چاوەروانیدا مابوونەوە و ئامادەی هەلاّتن نەبوون تەنانەت دلّنیام کە دێلّە گورگی جوان وپەشێواوئەگەر لەبەر چاوەدێری بێچووەکانی نەبوایە جووتەکەی لەگێرەو کێشەی مەرگدا تەنیا نەدەهیشتەوە بەلام ئەرکی ئەو رزگار کردنی ئەو تووتکانە بوو تا رایان بێنی چۆن دەبێ جەزرەبە و برسیەتی بکێشن وهیچ کات لە دەوروبەری شارەکاندا کە بەرەی ئادەمیزاد لەگەلّ گیاندارانی مالّیدا بڕیاری هاوکاریان بەستووە نەگرین

لەبەرخۆمەوە گوتم بەداخەوە هەرچەند ناوی پڕشکۆی مرۆم لەسەرە چەندە لەخۆم وهاوچەشنەکانم کە هەموویان وەک من کەمتوانا وبوودەلّەن بەخۆدا دەشکێمەوە گوتم ئەی گیاندارانی ئازا هەر ئێوەن دەزانن کەچۆن لەگەلّ ژیان وکوێرەوەری یەـ کانی ئەودا پیاوانە مالاّوایی بکەن .

ئەگەر بیربکەینەوە کە لەسەر رووی زەویدا چی بووین وچی لەپاش خۆمان بەجێ دێلّین باش تێدەگەین کەتەنیا کپی ومەنگی شکۆدارە و هەرشتێ جگە لەونیشانەی بێ هێزی یە. ئاخ !

ئەی ڕێبواری کێوی من شێوەی بیرکردنەوەی تۆم چاک لێکداوەتەوە.لەبەرەوەی دوایین سەرنجی تۆ لەناخی دلّمدا کاری کرد. سەرنجی تۆ دەیگوت "ئەگەر دەتوانی کارێ بکە کە گیانی تۆ بەهەولّ وتەقەلا وبیرکردنەوە بگاتە ئەمرادەی خۆبایی بوون و بوێری یەکە لە سەرەتای لەدایک بوونم دا لە چڕستانەکان خوووخدەم پێگرتووە. نالاّندن، فرمێسک وەراندن وپاڕانەوە هەمووی پیشەی کلۆلان وپەککەوتووانە ئەگەر پیاوێ ئەرکی گرانی ژیان وەئەستۆ بگرە و لەو ڕێگایەدا کە چارەنووس بۆ تۆی دیاری کردووە بیگەیەنە دوایی وەک من کوێرەوەری بکێشە وبمرە بەبێ سکالاّ کردن .





پیاوێکی بەردتاش لەدێیەکی دوورەدەست دەژیا . هەموورۆژێ دەچوو لەکێو بەردی دەشکاند وبۆتاشین دەی هێناوە ماڵێ، شتی جوان جوانی بۆفرۆشتن لێ ساز دەکرد هەرچەند کارەکەی زەحمەت بوو ئارەقەیەکی زۆری لەسەردەڕشت پووڵەکەی کەم بوو بەڵام کارەکەی بەکەیفێ بوو .

ڕۆژێک لەرۆژان زۆرماندوو بوو هەناسەیەکی هەڵکیشا وگوتی:

خۆزگەمنیش دەوڵەمەند بوامو کەژاوەیکی بەردەسوورم بایە لەسەری رادەکشام وتەماشای دەرەوەم دەکرد. لەوکاتەدا فرشتەیەک لە ئاسمان هاتە خوار گوتی:

- ئاواتەکەت وەدی هات .


بەردتاش تاچاوی کردەوە لەنێو کەژاوێکی جواندا کەپەردەی سووری جوان بەپەنجەرەکانیوە بووراکشابوو لەناکاوهەراهەرایەکی بیست . پادشا لە رێگا دەڕۆیشت پادشا سواری کالیسکە ببوو تاجێکی لەسەربوو چەترێکی زێڕینی بەرز کەسەری پادشای لەگەرما ، دەپاراست . سوارەیەکی زۆری لەگەڵ بوو کەلەپاش وپێشی دەڕۆیشتن بەردتاش کەپادشای بەورێزوحورمەتەوە دی دیسان هەناسەی هەڵکیشا و گوتی:

- خۆزگە پادشابام .

فرشتە گوتی: ئاواتەکەت وەدی هات بەردتاش بوو بەپادشاخۆی لەنێو کالیسکەدا دی کەچەند ئەسب سوار لە دەوروپشتی دەرۆیشتن تاجێکی جوانی لەسەربوو وچەترێکی زێڕین سەری لەگەرمایی هەتاوی دەپاراست . هەوا یەکجار زۆرگەرم بووراست بوو کەپادشا لەگەرما تووڕە نەدەبوو بەڵام چیمەن و گوڵ وگوڵزار لەتینی گەرما ، دەسووتان ،پادشاچۆن خۆری لەخۆی بەهێز تردی ،زۆرنا راحەت بوو ،ئێرەیی پێ دەبرد. دیسان بەحەسرەتەوە

هەناسەیەکی هەڵکێشا گوتی:
- خۆزگە من خۆر بوامە.
فرشتە لەئاسمان هاتەخوارگوتی:
- خۆربە.
پادشا ئەم ئاواتەشی وەدی هات بووبەخۆروکەبەخۆی داڕوانی لەسەروبن وراست وچەپ، لەچوار دەوری روناکی دەباری، بەچەشنێک کەتینی

سێلاومەڕوما لاتێکی زۆری ڕفاند. بەلام تەنیا تا قەبەردێک لەپێش لاویبەهورژم خۆی راگرت بەهیچ چەشنێک نەجوولاوە. هەرکەئەم بەردی دی تورەبوو گوتی:
- بۆهێزی ئەوبەردەلەمن زیاترە؟
دیسان تێکچوو هاواری کرد ،ئەمبەردە لەمن بەهێزترە، دمەوێ ببمەئەوبەردە



گەرمی گیاوگوڵ وپادشاکانی دیکەی وەتەنگ هێنابوو لەناکاو پەڵەهەورێک کەوتە نێوان ئەرزوروژ وپێشی خۆری گرت، تینی گەرمی لەبەر هەورەکە نەدەگەیشتەئەرز. توڕەبوو هاواریکرد چۆن دەبێ هەورلەمن بەهێزتربێ وپێش بەتینی من بگرێ؟ ئەوجاریش نارازی بووهەناسێکی هەڵکیشاوگوتی:
- خۆزگەهەوربام.
فرشتەگوێی لێ بوو لەئاسمانەوە هاتەخوارو گوتی: باشە دەت کەم بەهەور.
خۆربووبەهەور ونێوان هەتاوئەرزدا راوەستا نەیهێشت گەرماوەگوڵ وگیاکەوی چیمەن وگوڵەکان سەوز بوونەوە،هەور-یش بووبەباران وبەسەر ئەرزدا باری

فرشتەهاتەخوارگوتی:
- ئەوە ئەوئاواتەشت وەدیهات.
هەوربووبەبەردێکی گەورە کە نەبانەبۆران نەباران کاریان لێ نەدەکرد، تەنانەت لافاوی بەهورژمیش نەیدەتوانی کاری لێ بکا، لەناکاو تەماشای کرد پیاوێکی فەقیری پاچ وبێڵ بەدەست بۆلای ئەوەی کەچەند لەتی لێ بۆوە توڕەبووگوتی:
ئەوەکێیەکەلەمن بەهێزترە ؟
دیسان هەناسەیکیهەڵکێشاوگوتی:
- خۆزگەئەوپیاوەبام.
فرشتە لەئاسمان هاتەخواروگوتی:
- ئاواتەکەت ودی هات
کابرابووە بەبەرتاشی جاران و زۆریشی کارپێ خۆش بوو.

ڕەحمان چوبەکزەن

ڕێوی فێلەزان

ڕێوی یەکی فێڵەزان دەگەڕا هەتا ئاواڵێکی گێژو حۆل پەیدا کا کەکاری پێ بکاو وبەرهەمەکەی بۆخۆی بخوا بەو خەیالە وەڕێ کەوت هەتا گەیشتە کیسەڵێک کەدلەبن پنجە گراڵکێک بەکزوماتی دانیشتبوو. ڕێوی سلاوی لێکرد وپاش چاک وخۆشی گوتی:

"مامکیسەڵ بۆنایەی پێکەوە کارێک بکەین هەتا بژیوی زستانی خۆمان داخەین؟...

کیسەڵ گوتی:

"برالە ئەمن زۆرم پێ خۆشە وئامادەم بەو شەرتەی فێڵم لێ نەکەی."

ڕێوی گوتی:

"زۆرباشە .جا چۆن ئەمن فێڵ لەتۆدەکەم؟ وەرەپێکەوە خەریک بین مەزاریەک بەگەنم داچێنین."

کیسەڵ وڕێوی پێکهاتن ومەزرایەکیان پەیدا کردو بنەتۆویان خڕکردەوە. ڕێوی رووی لەکیسەڵ کردوگوتی:

"مامکیسەڵ ئەتۆ زەوی یەکەی بکێڵە، ئەمن لەمالوو کردنی زۆرباش دەزانم."

کیسەڵ زەوی کێڵا وئامادەی کردوبەمامڕێوی گوت کە. مالووی کا. ڕێوی گوتی:

"مامکیسەڵ جا ئەتۆ مالووی کە .تۆوچێنی وەک منت وەدەست ناکەوێ؟"

کیسەڵ زەوی مالووکردوگوتی:

"مامکیسەڵ ئەتۆتۆوەکەی بچێنە بۆئاو داشتنەکەی چاو لەمن کەبزانە چی پێ دەکەم."

کیسەڵ تووەکەشی چاند وڕێوی گوتی:


"مامکیسەڵ ئاویشی بدە جا دەبینی ئەمن چ پالەیەکم .هەر بۆخوم دەیدروومەوە."

کیسەڵ ئاویشی داشت .پاش ماوەیەک وەختی دروونەوەی گەنمەکەیان هات .ڕێوی گوتی:

"مامکیسەڵ ئەتۆگەنمەکەی بدروەوە. ئەمنیش گێرەی دەکەم."



کیسەڵ گەنمی دروەوە ،پاشان
ڕێوی گوتی:
"مامکیسەڵ ئەوجارگێرەیکە
ئەمنیش شەنی دەکەم وسووری
دەکەم."
مامکیسەڵ گەنمی گێرەش کرد
ڕێوی پێشنیاری کرد



"جا ئەتۆشەنی کە وبۆبەش
کردنی تەماشای من کە."
کیسەڵ گەنمی سوورکردوکیلەی
حازرکردوگوتی:
"مامڕێوی وەرەبەشی کە"
ڕێوی گوتی:
"دەزانی چۆنی بەش دەکەم
دەبێ من وتۆ بچینە سەر هۆو
تەپۆڵکە ولەوێڕا بەرەوخرمان
هەڵێین.ئەوی زووتر گەیشت
بەوی دیکەبڵێ"سووری من وکای
تۆ!" ئەوی زووتر بگاتێ
گەنمەکە بۆئەودەبێ."
کیسەڵ زۆری بیرکردەوە.دیتی
ڕەنج بەخەساربووە. گوتی:
"ئەمرۆ برێک ناسازم بۆ
بەیانی حازردەبم بۆهەڵاتن."
کیسەڵ بەغەمناکی رووی
کردە ماڵە دوستێکی قەدیمی
وشەو حاڵ ومەسەلەکەی بۆگێڕا
-وە.کیسەڵێ دۆستی گوتی:
"بەیانی ئەمن دەچم لەنێو
خرمان دا خۆم حاشار دەدەم،
ئەتۆش لەگەڵی بچوو بۆ سەر
تەپەپۆڵکەکە.ئەگەر ڕێوی بۆ
لای حزمان هات لەپێش ئەودا
هەڵدەستم."
بەیانی زووڕێوی هەرفیکەی
سمێڵانی دەهات.بانگی
کیسەڵی کرد ورۆیشتن بۆسەر
تەپۆڵکە. وێکرا دەستیان کرد
بەهەڵاتن.کیسەڵ بەجێ ما
هێشتا ڕێوی چەند هەنگاوی
مابوو بگاتە سەرخرمان
کیسەڵەکەی دی سەری دەرێنا و
بانگی کرد "هۆ- سووری من و
کای تۆ!"
بەمجۆرە گەنمەکە بۆکیسەڵ
بوو ومامڕێوی فێڵبازیش کلکی
دەگەڵۆزی گرت ورۆیشت.

زانستی تیکنیکی



سوورێژە

دە رۆژ پاش ئەوەی میکرۆبی سورێژە هاتە ناو جەستەوە ، نەخۆشی دەست پێدەکا (جاروبارەش ٧ تا ١٢ رۆژ پاشان خۆی دەنوێنێ)

سوورێژە لانی کەم چوار رۆژ پێش هەڵزرانی* دەم و چاو ودەست وپەل وەگر (مسری) دەبێ.هۆی نەخۆشی سوورێژە جۆرێک ویرووسە . کەمواهەیە مروڤ دوو جار لە ژیانیدا سوورێژە بگرێ .

شکڵی ئاسایی ئەم نەخۆشیە بەم جۆرەیە کە منداڵ بۆماوەی چوار رۆژ نەخۆش دەکەوێ. لەم ماوەدا کۆخەی وشک دەکاو پلەی گەرمای لەشی دەچێتە سەر. جاری واهەیە پاش هاتنەخواری گەرمای بەدەن و هەڵزرانی لەش نەخۆشی دووبارە سەرهەڵدەداتەوە.

چاو و کەپۆی نەخۆش ئاوی لێدێ و سەروسەکوتی دەماسێ. ئەم حاڵەتە زۆر وە "سەرمالێدراوی" (**سرما** خوردگی) دەچێ.وردەزیپکە ـــ یەک بەناوی (کوپلیک) لەسەر روومەت و لەنێو زاردا دەبیندرێ پاشان پشت گوێ و دەوروبەری زار هەڵدائرێن و زۆری پێ ناچێ تەواوی لەش دادەگرێ .

نیشانەکانی دیکەی ئەم نەخۆشی یە بریتین لە کزانەوەی گەروو ، سوور هەڵگەڕانی چاو ، وێڕای گڵ کردن* وئاولێ هاتن . هەروەها لووەکانی ئەوک دەئاوسێن وگەرمایی بەدەن پاش ماوەیەک بەخێرایی کەم دەبێتەوە و لەم حاڵەدا منداڵ هەست بەچاک بوونەوە دەکا وپاش لەبەین چوونی هەڵزران، پنۆک پنۆکی کاڵی قاوەیی بەدی دێن .

زیپکە (کوپلیک) تەنیا لە نەخۆشی سوورێژەدا دەبیندرێ و لە رۆژیکەوە تا سێ رۆژ پێش وەدیار کەوتنی پەڵەپەڵەی سوورێژە سەر هەڵدەدەن و زۆرتر لای پشتەوەی ژوورەوەی گۆنا دادەگرن. ئەم زیپکانە بەچاو وەک نووکە دەرزی دەچن ورەنگی لای سەروویان شینێکی سپی واشە و دەرەوەشیان سوور هەڵدەگەڕێ


لەگەرمەی نەخۆشی یەکەدا (ئەگەر منداڵ چاوی بە رووناکایی بێتە ئیش) دەبێ لە ژوورێکی تاریکدا بکەوێ و شتی ئاوەکی **زۆر** دەرخوارد بدرێ .

سوورێژە، سەتلووجەم (سینەپهلو)، چڵک کردنی گوێ، زگەشۆرەو رشانەوەشی لەگەڵ دەبێ بەلام ئانسفالیت (ئاوسانی مێشک) زۆر کەم.

چلکی گوێ
خاوێن کردنی گوێ



شین بوونەوەی پێست
ئەستوور بوونی قامک



بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشی یە حەتمەن دەبێ بچنە لای دوکتۆر.

شین بوونەوەی پێست

شین بوونەوەی پێست زۆرتر لە لێووجەمسەرەکانی لەشدا خۆدەنوێنێ. وەک سەر پەنجەی دەست وپێ وبەڵگی گوێ.

پێست بە گشتی کەمێک شین دەنوێنێ . ئەمەش نیشانەی کەمبوونی ئۆکسیژێنی خوێنە. ئەم مەسەلەیەش یا لەبەر رەوەندی زەعیفی خوێنە یا لەبەر ئەوەیە کە منداڵ بەئانقەست چەند لەحزەیەک پێش هەناسەی خۆی دەگرێ و لەم حاڵەدا ئۆکسیژێنی بە "سی" و لە ئەنجامدا بە رەوەندی خوێن راناگا.

ئەگەر منداڵەکە ئارام بکرێتەوە، دێتەوە سەر حاڵی عادەتی. ئەگەر ئەم مەسەلەیە دیسان رووی دایەوە پرس بە دوکتۆر بکەن.

هەروەها لەوانەیە شین بوونەوەی هەمێشەی پشت لەبەر نەخۆشی دڵ بێ. جا لەم حاڵەدا جگە لە شین هەڵگەڕان قامکەکانی ئەستووریش دەبن .هەربۆیە پێویستە دوکتۆر دڵی معایەنە بکا .

چڵکی گوێ

چڵک کردنی گوێ هۆیەکی بەرچاوە، بۆ زیادبوونی گەرمایی بەدەن. ئێش

زۆربەی منداڵی بچووک عادەتیانە یاری بەگوێی خۆیان بکەن.

کە چاو لەگوێی منداڵ دەکەن لێی بپرسن بزانن گوێی دێشێ ؟ ئەگەر کوتی دێشی بزانن ئاخۆ ئێشەکە لە کونە گوێدایە یا لە بەڵگی گوێدا .پاشان تەماشا بکەن بزانن گوێی ئەستوور بووە یان نا !

بەڵگی گوێی بەئەسپایی پێگەیشتن یا ئەستوور بوونی پشت گوێ کاتێک کە بە ئەنگوست بیبزێوی، لەبەر زیپکەیەکە کە لەپشت گوێ یا لە کونە گوێ هاتووە. جاروبارە ئەو ئێشە لەبەر چڵک کردنی ئێسکی ماستۆئیدە ئەگەر دەبینن منداڵ زۆر کایە بەگوێی خۆی دەکا زوو "هۆ"یەکی بۆمەدوزنەوە بۆلای پێشەوە داگرن، ئەگەر زیپکەی لە کونە گوێیدا هەبێ، ژان دەکا .

خاوێن کردنەوەی گوێ

ئەگەر شتێک چۆتە ناو کونەگوێ،هەول مەدەن خۆتان دەری هێننەوە ،مەگەر سەرێکی شتەکە بەئاشکرا بەدەرەوە ، بێ. هەروەها قەت لە پەردەی گوێ(صماخ) مەکۆڵنەوە ئەم کارە پرمەترسی یە.

هەوڵ مەدەن شتێکی نووک تیژ، کە لۆکەتان لێ هاڵاندووە بەکونە گوێدا بکەن بۆئەوەی گوێ خاوێن بکەنەوە، مەگەر چڵکی گوێ (موم) لەدەرەوەی کونەگوێ یا لەسەرتای کونە گوێدا بێ. بەسەریەکەوەی شتی نووک تیژی وەک دەرزی و تەلەشقارتە* وشتی تر، بۆ گوێ خەتەرە و لەوانەیە

پەردەی گوێ ئەزیەت بدا .

بۆ خاوێن کردنەوەی گوێ هێندێک لۆکە با بدەن یا بە نووکی قوماشێکی نەرم ئەم کارە بکەن.ئەگەر لۆکە یا قوماشەکە نماوی بێ باشترە. ئەگەر چڵکی مومئاسای ناو گوێ، رەق، بووبێ دەتوانن بە چەند دڵۆپ گلیسیرین یا رۆن زەیتوون نەرمی بکەنەوە بەڵام ئەگەر پێتان وایە گوێ چڵکی کردووە، ئەمکارە بێ پرسی دوکتۆر مەکەن.

لەبیرتان بێ هەڵازران بەهۆی سوورێژە لە پشت گوێ وە دەست پێدەکا وئەگەر گوێ چڵک بکا منداڵ لەبەر ئێشی ناو گوێی بێ قەراری دەکا بەڵام هەمێشە نا.

ئەگەر کونەگوێ خوێنی لێ بێ، زۆرتر لەبەر دەربوونی زیپکە ودوومەڵی ناو کونە گوێیە. واهەیە هۆی خوێن رێژی "شکان " بێ. بەڵام ئەوجۆرە خوێن رێژی یە وەختێک روو دەدا کە زەبرێکی گران لەسەری منداڵەکە درابێ لەم حاڵەدا خوێن رێژی ناوچاوی

منداڵەکەش دەگرێتەوەودەوری چاوی منداڵەکە شین دەبێتەوە وپنۆک پنۆکی سووریش لەناو چاودا دیاری دەدا.

ئەگەر کونەگوێ زنچکاوی لێ بێ، لەبەر ئەو ماددە موم ئاسایەیە کە لە ناو گوێدایە یا لەبەردەربوونی زیپکە ودوومەڵی ناو کونە گوێ یە.

ئەگەر مەسەلەکە ئی بەڵگی گوێ وسەرتای کونە گوێ نەبێ، ئەوا حەتمەن دەبێ بچنە لای دوکتۆر.


شکڵی رواڵەتی گوێی منداڵی ئێوە چۆنە؟

ئاخۆ رێک و پێکە یا زەق و قوت وناشیرینە؟ بۆ ئەم مەسەلەیەش پرس بە دوکتۆر بکەن.

هیچ چەشنە موعایەنەیەک بۆ لووت رەچاو نەکراوە مەگەر ئەوەی کەبە لۆکە و پارچەی نەرم لەمنداڵی بەر مەمکان و وەرگێرکەدا* خاوێن بکرێتەوە.


ئەگەر دەتانەوێ کەپۆی مەلۆتکەیەک خاوێن کەنەوە هێندێک لۆکە دەئاوی گەرم هەڵکێشن ولوتی منداڵەکەی پێ خاوێن کەنەوە.

گیرانی لووت و هەناسە کێشانی منداڵ بە زاردا، هۆیەکەی زۆرتر سەرما لێدراوی یە بەڵام دەشتوانی بەهۆی چڵکنی سینووس و ئالرژی یەوە بێ. چڵم ئەگەر خوێنی لەگەڵ بێ یان رەنگی قاوەیی بێ هۆیەکەی زۆرتر " سەرما لێدراوی"یە.



جەدوەل

تێبینی لەپڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە رەچاو کراوە جگە لەوەی نیشانەی (٧) دانەنراوە واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شڕ، کوڵ، زۆر، شەڕ و.) ی تێدا بێ بە شکڵی (شر، کول، زور، شهر و.) دەنووسرێ.



۱- نازناوی مەولەوی تاوەگۆزی ئاژەڵی پێ تیمار دەکەن ۲- نیشانەی دەرد وژان - بەیتێکی فۆلکلۆری کوردی یە و لەباری تەوسیفەوە لە ریزەی شاکارە ئەدەبی یەکانی جیهانە ۳- چێژکەی میوەی تازە رەسیو- موزاریعی ئیلتزامی فیعلی بوون ۴- کابرای گۆرین - شارێکی بەناوبانگی کوردستانی تورکیا ۵- بازگەی سەر ئاو- حەسانەوە- دنە ۶- یەک لەوانەی دەگوترێتەوە- قەدیم دەیانپەرست- جوابی بەتاڵ وحەتاڵ ۷- نەخۆشی وەگر کە زوربەی خەڵک بیگرنەوە ولە مەڵبەندێکی دیاری کراو پەیدا بووبێ - کەوڵی بەقیمەتە بەڵام بۆخۆی زۆر بە زەرە- بە مانای ئەگەریش هاتووە ۸- دۆستی سووراو- زەندەقی لە شاعیر چووبوو بەڵام گاڵتەی پێدەکرد ۹- زوڕنای شەڕ- هەم مردووە هەم زیندوو- ئاوی زار ۱۰- هەگەر وبنۆس - گێژ و کاس - چاوی پێ دەڕێژن - یارمەتی ۱۱- پاڵەوانی ئاوسانەیی شانامە- دەفری و ئامانی ئێستاش ماوە- جۆرە ماشێنێکی ئەرتەشی یە بەڵام ئێستا وەرگەڕاوە ۱۲- بەرر وقاقرەتی - بەزر ونادیار- ئەوەل فیعلی کورپەی ساوا- جومگە ۱۳- هەرچی هەیە ونیە- رازاوە ورێک وپێک ۱۴- دزێو- شارێکی کوردستانی عێراق ۱۵- بەقەولی قەدیمیان خوشکی چلەی گەورە و چکۆلەیە وپاش مەرگی ئەوان شینیان بۆ دەگێڕی ولە حەیفان وڵات وەک جگ دەبەستێ ودەڵێ ئەوەندە بەفر دەبارێنم بزن لەسەر تەنیشتێ ئەستێرە بخوا. تیتۆڵ تیتۆڵ.

۱- نیوچاوان گرژومرچ - دوامین شوینەواری لەچاپدراوی ماموستاهیمن ۲ - باڵندەیەکی تەوەزەلە ونەقڵەکەی لە کتێبی فارسی منداڵاندا هاتووە- دەنگی مار ۳- کاری لەخوا ترس وموسڵمانە- بێدەنگی تەواو ۴- ئەویش هەر گێژ و کاسە- قەشەی دەغەڵی دەوباری تێزاری رووس ۵- لە میکرۆب چووکەترە بەڵام لەو بەکارترە- پەڕۆی لەت لەت کراو تێکەڵ بکزێ وای لێ بەسەر دێ - پیتێکی ئەلف وبێ ۶- بەیانان زیرە نیوەرۆیان زێوە بە شەو تەنەکەیە - شەموشەماڵ ۷- باسک وکەل و گەردەن، وڵاتێکی ئورووپایی یە وپێتەختەکەی کۆپنهاکە- شیعریکی تەنیا وەزن وقافیەی هەبێ (هۆنە) ۸- سوورەیەکی قوڕئانی پیرۆز- ئەستۆی پاش وپێش- مریشکی پێ دەردەکری ۹- ئی زۆربرسی بەنانی کەم ناشکێ - بەردێکی قورسی رەشی پتەو ۱۰- شۆرە - تی شێخ شەهابزانای بەناوبانگی کورد- نیوەی کۆمەڵ ۱۱- تێکوشان وحەول و خۆ ماندوو کردن - گۆشتی کێوی یەکەی لە کەوی یەکەی خۆشترە- گوند ۱۲- سەڵت وسپادە زێدی مەلای گەورە- سەربازی هەل ومەرجی دژوار ۱۳- دوور نیە- ئەربیلی کوردی - بەم شێوە ۱۴- نیشانەیەکی جەمعی فارسی یە- زێدی رازی - نیشتمان - دەریایەکە ۱۵- شاهیدی رێوی - دان خواردنی باڵندە- داری بەرزی بێ بەر.

لەنێو ئەو کەسانەیدا کەپڕکراوەی ئەم ژمارەی سرووەمان بۆبنێرن، یەک کەس بەپێی پشک بەبەرەندە دەناسرێ. بەمەرجێک ئەمخاڵانەی خوارو لەبەرچاو بگرێ:

۱- جەدوەلەکە بەخەتێکی خۆش بنووسرێ وابێ پیتەکان بێنەخوێندنەوە.

۲- ئەسلی جەدوەلەکەمان بۆبنێری لەکاغەزی دیکەدا بەشداری نادرێ.

۳- لانی زۆر پازدە رۆژ پاش دەرچوونی گۆوارپڕکراو - ەی جەدوەلەکەی ناردبێ.

۴- پڕکراوەی جەدوەلەکە هەڵەی تێدا نەبێ

جایزەی پڕکردنەوەی جەدوەل ساڵێک ئابوونمانی گۆواری سرووەیە.

دیاری

مەتەڵ

بەریدەی دەشتێکە
بیگری مشتێکە

" چاو "

دوو ماری رەش
دوو چرای گەش
دوو کونە رێوی
حەوزێکی پان

" دەموچاو "

رەشی سەربەکڵاوە
کاری کوتانە وتێماوە
لەدەستان خۆشەوداماوە

" چەکوچ "

لە دەشتی سەوزە
لە بازار رەشە
لەماڵێ سوورە

" چا "

ئەسپە رەشەی چل قەمتەر
هەر قەمتەرەی یەک نۆکەر

" چادر "

پەندی پێشینیان

کەرێ سرۆچنەیە ژێ وەرەنگ جاشکە .

کەر جارەکی دکەڤە حەری بێ.

کیم بخۆ رەحەت رازێ.

قیزا کو دایک پەسنێ وێ بدە، بۆ خالۆ باشە .

رووبێ پار سەکا رەش وتووری وان خوەشە.

کووپکێ ئاقێ، ئاقێ دا دشکێ .

ژن ومێرا شەڕ کرن بێ هشا باوەر کرن.

گەل کۆرا بخۆ ،خودێ راچاڤ کە .

گورا راگۆشت دخۆ خویی راشینێ دکە.

جیهێ شێرا رووڤی لێ دکن گێڕا .

ژدیوارێ خار، سەیێ هار ژنا فێلکار برەڤە.

پەزا تەک و تەنێ خارێ گورایە .

* ئەو خورمایەی ئەتۆ دەیخۆی دەنکەکەی لەگیرفانی مندایە .
* میوان خۆشی لە میوان نەدەهات خاوەن ماڵ لە هەردووکیان .
* باری خوار ناگاتە مەنزڵ .
* شێر لەبێشە دەرچێت ،چ نێر بێ چ مێ .

برا بوو بە برازا کار لە کارێ ترازا .

بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆش دەکا .

بەرد هەتا لەجێی خۆیەتی قورسە .

ئاوی سارد لەچێشتی کوڵیو مەکە .

مار بەقسەی خۆش لەکونێ دێتە دەر.

گورگ کە پیر بوو دەبێتە مەخسەرەی سەگی .

لەئاشی زۆری پێ چووە لە رێگایە پەلەی دەکا .

کەنگر و ماست بەوادەی خۆی .

دیاری ئەم ئازیزانەشمان پێگەیشتووە ،سپاسیان دەکەین خوا یاربی بەنۆرە کەلکیان لێوەردەگرین .
بەم هیوایە ئەم خۆشەویستانە لەبیرمان نەکەن ودیاری جوانترمان بۆبەرێ بکەن .
کاک عومەر شێخ محەممەدی ـ دژوار چۆمانی ـ محەممەد واوی ـ محەممەدرەسووڵ بڵندگرامی ـ محەممەد ساڵح مرادی ـ عەبدوڵڵا میهەنپوور ـ کلسووم یاهو ـ عوسمان خدرپەنا ـ خدر بارامبەگی ـ سمایل خۆشمەنیش ـ کەمال م ـ موزەففەر جەلیلیان ـ حەسەن ئەمینی ـ مەحموود سۆفی میرزا ـ زینەب پردئایادی ـ خالید رەسووڵی رەزا رەحمەتی ـ عەبدولقادر شێخەپوور .

دوو درۆزن دەگەنە یەک ،ئەوەڵی بە دووەمی دەڵێ :

– بابم مەنجەڵێکی دروست کردووە کەهەشت گەز قووڵە و ۲۰ گەز پانە . وەستا بەنەردیوان دەچوونە ژووری ئەو مەنجەڵە و بە دوو ساڵ دروستیان کرد."

درۆزنەکەی دیکە کوتی :

– جێت خاڵی بابم رۆژی هەینی رابردوو شەش هەزار کەسی میوان کردبوو سفرەیان کە راخست کەس ئەو سەرەوسەری نەدەدی ."


درۆزنی یەکەم کوتی :

– ئەو هەموو چێشتەو دەچی دا لێنابوو ؟"

درۆزنی دووهەم جوابی داوە

– دەمەنجەڵەکەی بابت دا !"





رۆژێک پیاوێکی هەژار هیچ پوولی پێ نابێ.بەلای کەبابخانەیەک دا دەڕوا . کەبابچی دەڵێ فەرموو نەهار حازرە. ئەویش خۆی بە ژووری دا دەکا ودەڵێ :

" پێنج کەبابم بۆ بێنن"

کەبابەکان دەخوا و هەڵدەستێ بڕوا. کەبابچی دەڵێ :

" ئەدی کاکە پووڵەکەم نادەیتێ ؟"

کابرای هەژار دەڵێ بە خودای یەک فلووسم نیە.

کەبابچی بانگی شاگردان دەکا وهەتا دەتوانن لێی دەدەن وکابرا دەڕوا .

رۆژی دوایی کابرا دەچێتەوە هەمان کەبابخانە و بەکەبابچی دەڵێ :

" هاتووم نان بخۆم بەنرخی دوێنێ !"



" ئەی ماڵەبابم ئەوە نەخۆشی وا رەنگت پەڕیوە. ئەوە کێ لێی داوی ؟"

کوتم :

"نەنە گیان کەس لێی نەداوم و زۆریش ساغ و سڵامەتم."

هات لە ئامێزی گرتم و ماچی کردم و دەستی بە سەری داهێنام ولەپڕ هاواری لێ بڵیند بوو:

" ئەیەڕۆ ئەوە نێو چاوانت بۆوا گەرمە.دەڵێی تەندوورە دایسێ."

بەو قسانە نەخۆش کەوتم وسێ رۆژان دەجێ دا بووم. باپیرم پاش سێ رۆژ لە سەفەر هاتەوە و خەبەریان دایە کە نەخۆشم هاتە بن سەرم ولێی پرسیم:

–" رۆڵەگیان ئەوەکوێت دێشێ."

زۆر بە بێوازی چاوم هەڵێنا و کوتم:

–" ئەمن نازانم کوێم دێشێ لە نەنکم بپرسن !!


فەرهەنگۆک سروە ١٨

سۆل : پێڵاو ، کەوش
کوتک : کودک ، کوودەڵە
بەیانی: چۆڵەمە .هوف .وەحشی
ڕەوەک .
کنج: جل ،جلک ،جل وبەرگ .
گژک : گشت ، هەموو .
کۆتن: کۆشتن ، کرۆشتن .
کوم: کڵاو
ئشکەڤ: تەشتی تایبەتی نان
سوێنە .
ڕێ ودرب : ڕێگاوبان .
چەعف نەباری: چاونەباری ،
ئێرەیی . حەسوودی .
دەوس: شوون ، شوێن .
گلی: گازندە، گازن .
گلی: قسە گۆتن .
پریسک : پرووسک ،پڕیشک .
وەکلاندن: بلمەبلم، بۆڵە
بۆڵ .
تابوور :لەشکر .
دەڕێ: دەڕوا ،
کوور: قووڵ .
پێور ومێزین: ناوی دوو
ئەستێرەن(کۆو تەرازوو)
قۆچ: شاخ ،ئسترۆ، سرۆ .
ئارڤان: خواربار .
کێرگ : کەروێشک .
دەرگووش: منداڵی کۆرپە .

مەزەل: مەزار ،گۆر ،گڵکۆ .
خۆرت : گەنج ،لاو ، کوڕەلاو .
فایل: پەروەندە، لەوح .
هێل : خەت .
مشەخۆر: زۆرخۆر ،مفتەخۆر .
پەیژە :نەردیوان، پەینجە .
تەپڵەک :تەڵبە ،ژێرسیغار .
ماچان: دەڵێن .
وەش : خۆش .
واتە: وتە، گوتە، قسە .
یایگە: هاتگە، هاتووە .
جە: ژ.لە (جەمن لەمن)
هاڕیاگ :هار دراو، ورد .
شیو: شام، خۆراک .
تێ هەڵبوونەوە: بەرەوژوور چوو
ـ نەوە .
کلێپەسەندوو :باش داگیرساو
گڕ گرتوو .
بەلەز: بە هەڕەمە .
یەکالا کردن: هەڵدڕین، لەبەر
یەک بردن .
یەکانگر: بەیەک گەیشتوو ،
یەکگرتوو .
گلۆربوونەوە :خلۆربوونەوە .
ئابلۆقە :گەمارۆ، دەورەدان .
هەلازان: سوور هەڵگەڕان و
خوێن تێ چزان .
گل کردن: زیپکەکردن .
تەلەشقارتە :لەتکە شقارتە .
وەرگێرکە :منداڵی چووک .
پێ هەڵخستن:هەنگاو هەڵێنان.
لا کردنەوە: ئاوڕدانەوە .
لەپەسا: پەیتا ،پەیتا ،زوو ،
باڵەتەپێ: لەنگان لەنگان .
ئاوقە :دەست بە یەخەبوون .
پژوارە: پرسیار .
پاچ کرن: ماچ کردن،راموسین

سەکنین: ڕاوەستان .
هێسر :هێستر : ڕۆندک ،ئەسرین
ئوندا : بەزر، وندا، ون
خوویا : دیار، ئاشکرا .
مێزەکرن: بەرا خوە دان ،
نهێڕین ، تەماشا کردن .
قیچک : زەرێ وەکری،زەردی
ئاچغ .
قیز: کچ،کیژ ، کەنیشک ،دۆت .
شخکەشخک : خشکە ،خشک ، خشە
خش ، گشتە گشت .
دێرە: فیستان،جلکی ژنانەی
کوردستانی ژووروو کە لە
پارچەی ڕەنگاورەنگ وەک عەبا
دەیدروون .
بەدەو :جوان،جندی،زند ،خوشک .
خەبەردان: ئاخافتن، قسە
کردن، پەیڤان، دوان .
جەم :نک ،کن،لا.با ،بال،لالێ
کال: پیر (بەتایبەت بۆپیاو)
هوندوڕ: ژوور .
زاڕ :منداڵ .
دەردان: قاپ ، ئامان .
کۆر: قوولکە .
حەزەنگ : کەسەر، هەناسە .
بێدەر: بێندەر ،جۆخین،خەرمان.
قۆچاخ :ژێهاتی،زیرەک ،کارامە.
مقاتبوون: پاراستن، ئاگا
لێ بوون .
لۆد :دهی،لۆدە ، گیشە گیا .
خورت : دەسەڵاتدار ، بەهێز .
مەرتال: سپەر، مەتاڵ .
تاپی کردن: سەبت کردن ،
بەری:بەریک ،کوورک ،گیرفان
چەپل: چەنگ ، مشت .
قالچە :سمت وقالچە : نێک
تاخ: گەرەک ،مەحەلە .

سواری :
دیاری: سادق عیرفانی






بۆمبارانی سەقز ۶۵/۱۰/۲۹
دیاری: عوسمان باژیان

کیژۆڵە
دیاری: گۆواری سروه





تۆڕەوان
دیاری: خالید قەلعەکووهی



کێوی قرەقا
دیاری: هادی مەحموودی

